# گەمەی پاشاو وەزیر

(3 شانۆنامە)

نووسینی : البوصیری عبدالله
و: حەمە کەریم عارف
2001

**کارێکتەرەکان:**

1- حەلەزونی
2- مەعلوف
3- رەجب
4- عوسمان
5- ئیبراهیم
6- شەلە "الاعرج"
7- سێو فرۆش
8- زیاد پاشا
9- بێژەر
10- چاوش
11- پۆلیس
12- کرێکاری 1
13- کرێکاری 2
14- کرێکاری 3

کرێکارانی رازانەوە
برادەران
کۆمەڵە دەروێشێ
کۆمەڵە رێبوارێ.

"شوێن، شوێنێکی تاریکە، لە زیندان دەچێت، نە هۆدەیە نە ماڵ... زیاتر لە چاڵ دەچێت، پەنجەرەیەکی تێدایە بەسەر هیچدا ناڕوانێ. هیچ شتێکی تێدا نییە جگە لە کورسییەك کە دەکەوێتە لای چەپەوە، کۆمەڵە هێڵو بازنەیەکی لەسەر کێشراوە کە بەبێ مەبەست تێکەڵ بە یەك بوون، کە مرۆڤ تەماشای دەکات هیچ واتایەك ناگەیەنێ. پارچەیەکی خەتخەتی بەسەردا دراوە... رمێك و تاجێکی ساختەی لە موقەبا دروست کراوی تێدایە کە بە هەندێ نەخش رازاوەتەوە. ئەمە جگە لە کۆمەڵە دەمامکێك کە لەسەر ئەرزەکە فڕێ دراون، لەلای راستەوە سێ پیاو لەسەر سەندوقێك دانیشتوون".

**مەعلوف:** وایش... سەرم دەسوڕێ، پێدەچێ دوێنێ زۆرم خواردبێتەوە.

**حەلەزونی:** باشتر، تا ئەوەت بیر نەچێتەوە کە لە زەمانی ترس و لەرزدا دەژی.

**مەعلوف:** بەچی دەچێ وا جارێکی تر تێی کەوتمەوە "بێ دەنگی".

**حەلەزونی:** "بە پەستییەوە" حەزم لە خەوە... هیچ شتێك وەکو خەو نییە بۆ ئێمە خەو جیهانی تایبەتی ئێمەیە.

مەعلوف وەڵڵا راستە، منیش خەریکە حەز لە خەو دەکەم.

**حەلەزونی:** باشترە... خەو، خۆشی و فەڕی تایبەتییە بۆ ئێمە.

**رەجەب:** "نیگەرانە" واز لەم چەنەبازییە بهێنن... دەمانەوێ یاری بکەین.

**مەعلوف:** گوێی ناداتێ" با ئەوانی تریش بێن "بە هاوڕێیەکەی" پێم بڵێ: بەڕاستی هەست بەوە ناکەی نووستووەکان دوورن لە شەڕە شەقی بیرکردنەوە.

**حەلەزونی:** بە هیچ جۆرێ هاوڕێی ئازیزم.

**مەعلوف:** کەچی بێدارەکان خۆیان دەخەنە گێژاوی گیروگرفتی واوە لە تواناادا نییە.

**حەلەزونی:** ئەمە راستییە.

**رەجەب:** "هەڵ دەستێ" حەلەزونی

**حەلەزونی:** چی بووە؟

**رەجەب:** دەچمە دەرێ، دەست بە ئاو دەگەیەنم.. یارمەتی هەیە!

**حەلەزونی:** فەرموو. زەوی بەیار زۆرە.

**رەجەب:** "سڵاویان لێ دەکات..." سوپاس.. "ون دەبێ"

**مەعلوف:** دوا مەکەوە... تۆزێکی دی دەست پێ دەکەین.

**حەلەزونی:** راست دەکا، ئەمڕۆ زۆر دوا کەوتن.

**مەعلوف:** راستە، دوێنێ یەجگار زۆرمان خواردەوە، تا رادەیەك شەلەی هاوڕێمان وەکو منداڵ دەگریا "بە خەفەتەوە" بەستەزمانە هەست بە کەم و کوڕی دەکات.

**حەلەزونی:** "بە پێکەنینی تاڵەوە" کێ لە ئێمە هەست بە کەموکوڕی ناکات؟ شار تێکڕا هەست بە کێماسی دەکات...؟ ئەم یارییەی خومان پێوە گرتووە چ دەگەیەنێ؟ (بە هاوڕێکەی، تۆ دەزانی چ دەگەیەنێ؟)


www.pertwk.com

**مەعلوف:** وەخت بەسەر بردنەو هیچی تر.

**حەلەزونی:** نا مەعلوف نا... بگرە راکردنە لە واقیع.. راکردنێکی تەواویشە.

**مەعلوف:** نا! تۆ ئەمڕۆکە شتێکی تری... چی روویداوە؟

**حەلەزونی:** دوێنێ هەستم بە تاڵی ژیانم کرد، زانیم کە ئادەمیزاد بچووکترین و سووکترین گیانداری سەر ئەم ئەستێرەیەیە.

**مەعلوف:** ئەوەندەش خەم مەخۆ... ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە لەگەڵ ئێمەدا نەت خواردەوە.

**حەلەزونی:** ئیتر قەت ناخۆمەوە.

**مەعلوف:** ئۆو.. هێشتا زووە، وەختی ئەم بڕیارە نەهاتووە.

**حەلەزونی:** "دوای تۆزێك" دوێنێ هاتنە ماڵەکەم و کوڕەکەمیان برد.

**مەعلوف:** کێ؟

**حەلەزونی:** گورگەکان..

**مەعلوف:** چۆن.. بۆ؟

**حەلەزونی:** وتیان.. دوژمنی پاشایە.

**مەعلوف:** باشە بەڵگەیان چییە؟.

**حەلەزونی:** بڵاوکراوەیەکی بچووك، کە پێیان گرتووە.

**مەعلوف:** گوێی مەدەرێ.. ئەم بیانووە بە هەزاران گیراوە.

**رەجەب:** "هاتەوە" چی..؟ هەر ئەوەندە یاری بکەین؟

**مەعلوف:** با دەست پێ بکەین... ئەوانی تریش دێن.

(بەشێوەیەکی بازنەیی لەسەر ئەرزەکە دادەنیشن، مەعلوف قۆندەرەکە وەردەگرێ، بە بەرزی هەڵی دەدا، بە گوێرەی دەستووری یارییەکە... دوای چەند چرکەیەك دەکەوێتە سەر ئەرزەکە، لەسەر باری خۆی دەوەستێتەوە).

ئۆو... وا دیارە ئەمڕۆ بەختم باشە، ئەوا بووم بە وەزیر... بێ زەحمەت قامچییەکەم بدەرێ.

(حەلەزونی قامچییەکەی دەداتێ، دەست دەکات بە دووبارە کردنەوەی یارییەکە، قۆندەرەکان دەکەونەوە سەر زەوی، هەر تاکێکیان روو لە شوێنێ دەکات..) .

**حەلەزونی:** "بە گرژییەوە" دز... سەرەتایەکی چاکە.

**مەعلوف:** "بە پێکەنینەوە"... ئەمە سزای ئەو کەسانەیە کە ئاوی حەیات ناخۆنەوە. ئا، بەم بۆنەیەوە هەواڵێکی گرنگت وەبیر هێنامەوە.

**رەجەب:** "قۆندەرەکان وەردەگرێ" ئەمڕۆ هەگبەی هەواڵەکانت پڕە.

**حەلەزونی:** دە پێمان بڵێ.

**مەعلوف:** "ئاوڕ لە پەنجەرەکە دەداتەوەو بە چپە" دزی پاشاتان بیست؟.

**حەلەزونی:** چی... پاشا دزی دەکات؟

**مەعلوف:** وتیان پاپۆڕەکەی لە زێڕ بار کردووەو ناردویەتی بۆ وڵاتی عەجەم.

**حەلەزونی:** خوایە... پاپۆڕێ زێڕ؟

**مەعلوف:** "دڵنیای دەکات" یەك پاپۆڕی تەواو... پاپۆڕێك زێڕ.

**حەلەزونی:** ئەمە تەنیا ناو زڕاننە... وا نییە شاعیری کلۆڵی و خەم...؟

**رەجەب:** جا بۆ ئەمە لە من دەپرسیت.

**مەعلوف:** بەڵکو راستیەکەی بزانیت.

**حەلەزونی:** ئەوەی لە مێشکت دایە بۆمان هەڵ رێژە با مەسەلەکان بزانین.

**مەعلوف:** مێشکی پڕە لە کمول "پیَ دەکەنیَ".

**رەجەب:** هیچ شتێك نازانم.

**مەعلوف:** ئەی پاپۆڕە زێڕەکە؟ نەت بیستووە؟

**رەجەب:** بیستم.. .

**حەلەزونی:** کەواتە شتەکە راستە.

**رەجەب:** پێویستە ئەوەی دەی بیستین لە بێژینگ بدریَ.

"دەنگە دەنگ لە دەرەوە دیَ"

**مەعلوف:** ئەوانیش هاتن.

**رەجەب:** باشتر. "سیَ برادەر دێنە ژوورەوە.. شەلە دوا کەسیان بوو"..

**حەلەزونی:** ئەوە تاخیر بوون... بۆ؟

**عوسمان:** (یەکەمی سیَ کەسەکە بوو) لە خۆمان دەگەڕاین.

**مەعلوف:** ئەی خۆتان لە کویَ دۆزییەوە؟

**شەلە:** لە تەنەکەی خۆڵدا... "تێکڕا پیَ دەکەنن... بەڵام بە خەفەتەوە.."

**حەلەزونی:** بیستم کەوا ئەستێرەی مەجلیسی دوێنیَ شەو بوویت.

**شەلە:** ئەوە پیاوەتی عەرەق بوو حەیاتم.

**ئیبراهیم:** بەڵام ئێمە تێر شەقمان کرد. "پیَ دەکەنن، برادەری سێیەم دێتە ریزەوە... روناکییەکان کز دەکرێن... بە کپی و ماتی دەست بە یاری دەکەن... شەلە قۆندەرەکە وەردەگریَ، هەڵی دەدا، دوای تۆزێك قۆندەرەکە دەکەوێتەوەو بەسەر دەمدا دەوەستیَ..."

**شەلە:** "هاوار دەکات،" هێی.. پاشا... پاشا... "بە هەڕەشەوە" ئێستا تۆڵەی خۆم دەکەمەوە... لە زید پاشا خەراپترتان لەگەڵ دەکەم.

**رەجەب:** رەنگە نەتوانی. جەلادەکەت تۆزیَ ناسکە. "پێدەکەنن".

"روناکی لای راست دەکوژێتەوە، بە هەمان ئاست لەلای چەپەوە هەڵ دەکرێت –کە کورسییەکە لەوێیە... شەلە دەچێتە ژێر بازنەی روناکییەکە، مەعلوف شوێنی دەکەویَ، بەرماڵەکە هەڵ دەگریَو ئەیدا بە شانی شەلەدا. هەروەها تاجەکە دەنێتە سەری... شەلە لە شێوەی زید پاشادا دەردەکەویَ، سەر ئەکەوێتە سەر کورسی عەرش، لەسەری رادەکشیَ، هەر چوار پەلی لیَ هەڵ دەخات.)

**مەعلوف:** (لە خەڵکی نێو هۆڵەکە دەچێتە پێشەوە). بەرێزینە، ئێوارەتان باش, خۆتان دەزانن، کە ژمارەی پێویست تەواو ببیَ یارییەکە وەکو جاران دەست پیَ دەکاتەوە: تاج

بەسەر پاشاوەیە. "ئیشارەت بۆ شەلە دەکات" قامچیش بە دەست وەزیرەوەیە (ئیشارەت بۆ خۆی دەکات) لە سایەی ئەمو ئەودا، جونێ کلۆڵن، جونێکیش بەختەوەر... "روناکی دەگێڕێتەوە لای راست... یاری دەست پێ دەکاتەوە".
تۆپەکە بە جوانی لە نێوانیاندا دەسوڕێتەوە، ئەگەر لایەنی یەکەمیان بیبەنەوە بەشیان بۆکسو تێ هەڵدانە ئەگەر لایەنی دووەمیان بیبەنەوە بەشیان چەپڵەو ماچ بارانە.. ناکۆکییەکی ئاشکرایە بەڕێزینە. بەڵام ئەوە دەستووری یارییەکەیە. جا ئەمەتان پێشکەش دەکەین لەم شانۆگەرییەماندا:

## ڕووداوی یەکەم

(روناکی دەگەڕێتەوە سەر لای راست)

**عوسمان:** (قۆندەرەکە وەردەگرێو خۆی بۆ یارییەکە حازر دەکا)

بە ناوی خوا... (قۆندەرەکە بە بەرزی هەڵ دەدا... دوای نەختێك قۆندەرەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی کۆمەڵەکەوەو هەر تاکێکیان روو لە لایەك دەکا....)

**رەجەب:** "هاوار دەکات" دز... ئەمجا نۆرەی تۆیە... (پچڕان... مەبەست لەم زاراوەیە گوێزانەوەی روناکییە لە راستەوە بۆ چەپ یان بە پێچەوانەوە... ئێستا عوسمان دێتە ژوورەوە –خۆی دەمامك داوەو لە شێوەی پیاوێکی کلۆڵدا– لەبەردەم شەلەدا دەوەستێ کە دەوری پاشا دەبینێ..)

**مەعلوف:** "دەورو خولی نێچیرەکە دەدا" گەورەم... ئەم سواڵکەرە پۆلیس هێنایان.

**شەلە:** بۆ...؟

**مەعلوف"** دزی کردووە.

**شەلە:** "وەکو شتێ پێوەی دابێ" دزیی....؟ ئەعوزو بیللا.. خوایە بمان پارێزی.

**مەعلوف:** قوربان، پاشام تەماشای سەرو سەکوتی بکە، بۆت دەردەکەوێ کە چ نێرەکەرێکە.

**شەلە:** وەرە... رووتم نیشان بدە، زیاتر نزیك بەرەوە... دەمەوێ بتبینم... بۆنت بکەم... قەت دزم نەدیوە.. بە تایبەتی یەکێکی وەکو جەنابت کە دزیت کردۆتە پیشە.. "باش تەماشای دەکات" ئۆه... سەیرە. دەموچاوێکی غەریبە، بەڵام سیمای وەکو ئێمەیە، وەکو رووی ئێمە لە شەرمدا سوور دەبێتەوە.

**مەعلوف:** رووی ئێمە شەرم نازانێ گەورەم.

**شەلە:** ئەمە راستە.

**عوسمان:** باشە پاشام ئەگەر مرۆڤ نەبم من چیم؟

**شەلە:** ئاه... بەڕاستی پرسیارێکی سەختە... ببوورە جەنابی دز، من شارەزای رەگەز نیم..

**عوسمان:** بەڵام هەر وەکو ئێوەم پاشام.

**شەلە:** توخوا...؟

**عوسمان:** بەخوا... خۆ ئەگەر ئەم سەرنجە لە مێشکی خۆتدا تۆمار بکەی خراپ نییە.


www.pertwk.com

**شەلە**: ئەی وەزیر... ئێمە لە جیهانی خۆماندایین یان لە جیهانێکاین کە تایبەتە بە خەڵقەندەی ترەوە؟

**مەعلوف**: راستی... راستی بڵێم گەورەم.

**شەلە**: بڵێ گوێم لێتە.

**مەعلوف**: "بەرەو لایەکەی تر دەچێ تا شەلە دەکەوێتە ناوەڕاستەوە" لە نێوان هەردوو جیهاندایین گەورەم، جیهانی پاکی هەڵبژاردەو جیهانی خەڵقەندە نزمەکان.

**شەلە**: "بە لوت بەرزی پاشایانەوە" ئەی ئەمەی دەی بینم..."

**مەعلوف**: دزە... دزەو لە جیهانە غەریبەکەی خۆیەوە هاتووە.

**شەلە**: چاکە.. کەواتە تۆ دزیت؟

**عوسمان**: ئەوا زانیت...

**شەلە**: چاکە... بۆ دزیت چۆن بووی بە دز؟ ئەو مەرجانە چین کە ببی بە دزی چاك!

**عوسمان**: لەزروف بپرسە گەورەم.

**شەلە**: "بە پێکەنینێکی دیارەوە" چاکە... دزێکی مەیمون ئاسا. فەیلەسوفیشی. "بەجدی" تۆ روناك بیریت؟

**عوسمان**: خوا نەکات.

**شەلە**: کەواتە.... بۆ وشەکانت نا دیارن؟

**عوسمان**: هەست بەوە ناکەم.

**شەلە**: کەواتە من درۆ دەکەم... وانییە؟

**عوسمان**: دوور لە تۆ

**شەلە**: بەڵێ.. من درۆ دەکەم... اعتراف بکە، بیڵێ

**عوسمان**: هەر وایە

**شەلە**: ها... قسە بکە.

**عوسمان**: با قسەی جەنابت بێ... چۆنت پێ خۆشە با وابێ... "هەوڵ دەدا وشەکە بدرکێنێ. شەلە چاوەڕێیە" من درۆ دەکەم.

**شەلە**: "سەبری نامێنێ" دەی... دەی جەنابی دز، دەمەوێ بە منیش بڵێی... من ... زێد پاشا درۆ ئەکات.. وا بزانم دەتوانی ئەمە بڵێی...؟

**عوسمان**: "چاری نامێنێ" وابزانم...

**شەلە**: کەواتە بیڵێ...

**عوسمان**: "دەیەوێ بیڵێ" ئەوە راستییەکەتە...؟

**شەلە**: تۆ هەقت چییە، مادام من خۆم دەمەوێ وام پێ بگوترێ؟

**عوسمان**: چیت پێ بووترێ گەورەم؟

**شەلە**: من درۆ دەکەم.

**عوسمان:** چاکە... کارەکە ئەنجام دەدەین "هاوار دەکات" خەڵکینە، هۆی خەڵکینە.. پاشای بەڕێز، خاوەن شکۆ "زێد کوڕی مرە" درۆزنە.. بگرە گەورەترین درۆزنە لە مێژوودا... ئێمە ئەم جارە لەسەر ویستی خۆی ئەدەین. ئەوەی گوێی لێیە ئەوانی تریش ئاگادار بکاتەوە "بە شەلە" ها... ئەم جارەت بە دڵ بوو؟

**شەلە:** بە ساردییەوە تەماشای دەکات" ئێستا.. دەتوانم فەرمان دەر بکەم کە پێستت بگرون.

**عوسمان:** "بە ترسەوە" گەورەم.

**شەلە:** "رادەپەڕێ" یەك وشەم ناوێ... "ماوەیەك بێ دەنگی" پێم بڵێ چیت دزیوە؟

**عوسمان:** ئەمانە دەزانن چیم دزیوە.

**شەلە:** بەڵام من نازانم.

**عوسمان:** لەوان بپرسە گەورەم، چونکە بارێکی قورس لەسەر من لادەبەیت...

**شەلە:** سەیرە... دزییش دەکەیو شەرمدەکەی باسی بکەیت... "بە توڕەیی" چیت دزیوە؟

**عوسمان:** "بە لەرزەوە" کراس گەورەم... کراس.

**شەلە:** بە سەرسامییەوە کراس...؟

**عوسمان:** بەڵێ... کراس –شتێکی کەم بایەخە... وانییە گەورەم؟

**شەلە:** "دوای تۆزێ بیرکردنەوە" کراس.. "دەداتە قاقای پێکەنین"

**عوسمان:** "بۆ مجامەلە پێ دەکەنی"

**شەلە:** باشە بۆ کراست دزی؟

**عوسمان:** بۆ کچەکەم دزیم.

**شەلە:** بۆ کچەکەت...؟ "دیسانەوە بە هەمان گەرمی پێشوو پێ دەکەنی" ببوورە وام زانی بۆ مانگا بەشیرەکەت دزیوەتە.

**عوسمان:** ئێی... زەمانی مانگا نەما... مانگام نەماوە گەورەم، لێیان سەندم..

**شەلە..** ئەمە یان گرنگ نییە.. بۆ کراسەکەت دزی؟ وەڵام بدەوە.

**عوسمان:** بۆ ئەوەی کچە چکۆڵەکەم بۆ مەکتەب لەبەری بکات.

**شەلە:** بیانوویەکی قۆڕە

**عوسمان:** بە ناچاری ئەوەم کرد.

**شەلە:** کام ناچاری؟

**عوسمان:** کچە چکۆڵەکەم ناچێ بۆ مەکتەب ئەگەر کراسی تازەی بۆ نەکڕم.

**شەلە:** ئەگەر نەچێ... چی دەبێ؟ رەورەوەی مێژوو دەگۆڕێ...؟

**عوسمان:** دەمەوێ خوێنەوار بێت گەورەم، کلۆڵی بەسە، خۆم تاڵاوی نەزانیو گێلیم چەشتووە، ناشمەوێ پاشەرۆژی مناڵەکانیشم وابێ.

**شەلە:** زانست بۆ رۆڵەی سواڵکەران نیە... پێم وایە ئەمە دەزانی..؟

**عوسمان:** "بە پاڕانەوەوە" خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ گەورەم، پاشام.

**شەلە:** بیٚ دەنگ بە... "بە تورەییەوە" دەوەستیٚ... بە شوێنەکەدا دیٚو دەچیٚ کوتو پڕ هاوار دەکات.." بۆ هەموو وەزیرەکان... وەکیلەکان.. خاوەن دەست مایەکان... بۆ خزمو دۆستانی حزبی پاشا، ئەو پاشایەی بە ئەمری خواو گەل حوکم دەکات. پێویستە زانست.. رۆشنبیری... هەموو جۆرە زانیاریەك بۆ ئێوەو منالّی ئێوە بیٚ –با لە ئێستاوە– دەرگای قوتابخانەکان لە رووی منالّی سوالّکەرو چینە چەوساوەکان دابخریٚ. ئەم بڕیارە لە بەرواری دەرچوونیەوە ئیشی پیٚ دەکریٚو لە رۆژنامەی رەسمی دا بلاّودەکرێتەوە...

**عوسمان:** "رەفزی دەکا" نا... مەحالّە ئەمە بکرێت.

**شەلە:** نا، دەکریٚ...

**عوسمان:** "بە یاخی بوونەوە" ناکریٚ "هەلّ دەکوتێتە سەر شەلە" نابیٚ ئەمە بکریٚ.

"شوتی ئاگاداری لیٚ دەدریٚ، برادەرەکانی تریش لە دەوری جەلادی پاشادا دێنە ژوورەوە. سەرو تێلاّیان بە دەستەوەیە، کلاّوخودەیان لەسەرەو بە شێوەیەکی ئیحائی بەرەبنە وێزەی عوسمان"

**شەلە:** "دوای ئەوەی دلّی ئاو دەخواتەوە" چاکە... لە ملت نادەم بۆ ئەوەی لە مەینەتی رزگار نەبی، بەلاّم دەردت زیاد دەکەم... بیبەن... هەزار رۆژ بەند، رۆژی هەزار جەلّدەی لیٚ بدەن..

"جەلادەکانی پاشا عوسمان هەلّ دەگرنو بە ئاسمانا هەلّی دەدەن".

**هەموویان:** "هاوار دەکەن" بژی داد... "دەردەچن"

**مەعلوف:** "بەرمالّی پاشا دەسرێتەوە" خۆت سەخلّەت مەکە گەورەم... تۆ نەخۆشی سیلتە، ئەم دەردەش پێویستی بە پشودان هەیە.

**شەلە:** بەلاّم ئەم نەگریسە ماندووی کردم.

**مەعلوف:** گویٚ مەدەریٚ گەورەم... "پچڕان... لەلای راستەوە... برادەرەکان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان" عوسمان دەمامکەکەی دادەمالّیٚو لە شوێنەکەی خۆی دادەنیشیٚ.

**رەجەب:** چەند لیٚ هاتووین بۆ نواندنی ئەو شتەی کە نیمانە.

**عوسمان:** کە مرۆڤ نەتوانیٚ بگاتە راستی، پەنا دەباتە بەر هەلّگێڕانەوەی.

**ئیبراهیم:** هەلّگێڕانەوەش یارییەکی خۆشە.

**حەلەزونی:** باشە کیٚ دەتوانیٚ ئەم هەلّگێڕانەوە ساختەبازییە لا بەریٚ کە ئێمە تێی کەوتووین؟

**رەجەب:** حەز دەکەم راستییەکی زیندوو بە کراس دز نیشان بدەم "بە بێزارییەوە، ئاه.... لەوە جوانتر نییە کە مرۆڤ یاخی بیٚ.

**عوسمان:** یاخی ئەسپێکی ئاسمانییە لە پێشەوەیە بۆ سەربەستی...

**حەلەزونی:** یاخی بوون شتێکی شازە، شازیش لە دەستوورا جێی نابێتەوەو دەستووریش ماڤ مل پەڕاندنی هەیە.

**ئیبراهیم:** چیتانە بەسەر رەفزەوە؟ ئەوە کێیە باسی یاخی بوون دەکات؟



www.pertwk.com

**رەجەب**: "هەڵ دەستێ" من... باسی رەفزو یاخی بوون دەکەم..

**ئیبراهیم**: باشە... فەرموو بچۆ گۆڕەپانەکە... لەم ماڵە بۆگەنە رزگار بە، هەوڵ بدە بە چاوی کراوەوە بڕوانێتە خۆر...

**حەلەزونی**: بە تەنیشت رۆژەوە سێدارەی پاشا دەبینی...

**ئیبراهیم**: ئەگەر پاشا نزیکی خستیتەوە، خۆتی بۆ شل مەکە.

**رەجەب**: خەڵکی سەربەرزییان بۆ دەمێنێتەوە ئێمەش ترس... ئەم ترسە نەفرەت لێکراوەی لە ناخی دوێنێوە بۆمان هاتووە کێ یارمەتیم دەدا بیکوژم؟

**حەلەزونی**: دانیشە شاعیری کڵۆڵی... دانیشە.

**رەجەب**: حەلەزونی... تۆ خوێن تاڵی.

**حەلەزونی**: ئەزانم بەڵگەش ئەوەیە کە لێرەدا دەبینرێم.

**ئیبراهیم**: "دەیەوێ بیانگێڕێتەوە سەر یارییەکە" ئێی کوڕینە.. ئەمجارە نورەی منە, خۆتان ئامادە بکەن, دەبم بە پاشاو مافی یاخی بوونتان دەدەمێ.. " رەجب دەگەڕێتەوە جێگای خۆی.. هەموو ئامادەن بۆ دەست پێ کردنەوەی یاری یەکە.. براهم قۆندەکان هەل دەدا.. کە دەکەنەوە هەر یەکێکیان روو لە شوێنێ دەکات"

**ئیبراهیم**: "هاوار دەکات" بەنەحلەت بی.. بە نەحلەت بی عوسمان: چی یە.. دز...؟ "پچران../ لەلای چەپەوە..

**مەعلوف**: گەورەم، پاشا.. دزێکی دیکەش لەبەر دەرگایەو چاوەڕێی نۆرەیە.

**شەلە**: با بێت.

**مەعلوف**: "هاوار دەکا" وەرە پێشەوە جەنابی دز....

**ئیبراهیم**: "دێتە پێشەوە، دەمامکێکی ئەرستۆکراتیانەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە" سلاوی خواتان لێ بێ پاشام...

**شەلە**: "بە زەردەخەنەیەکەوە دەستی دەگوشێ" ئەمە دزێکی بە ئەدەبە.

**ئیبراهیم**: ئەمە لە سایەی سەری تۆوەیە گەورەم.

**شەلە**: دیارە... لە کوێ بڕۆ تۆکولت لە کوێ خوێندووە؟

**ئیبراهیم**: رەوشتی گەورەم باشترین قوتابخانەیە بۆ ئێمە.

**شەلە**: جوانە... جوانە.. باشە تۆ دزیت؟

**ئیبراهیم**: وام پێ دەڵێن.

**شەلە**: ئەی راستیەکەت... چی دەڵێی؟

**ئیبراهیم**: کاسبکارێکی سادەم، بە رەنجی شان بژێوی خۆم پەیدا دەکەم.

**شەلە**: جوانە... ئەوانەم خۆش دەوێ.

ئیبراهیم سوپاس.. سوپاس پاشام.

**شەلە**: ئەی بۆچی هاتوویتە لام؟

**ئیبراهیم**: لە خۆمەوە نەهاتووم گەورەم.

**شەلە**: ئەی...؟

**ئیبراهیم**: "قسەکەی پێدەبڕێ" ئەمان هێنامیان بۆ لات.

**شەلە**: بۆچی؟

**ئیبراهیم**: وتیان چەوسێنەرێکی دڕندەم.

**شەلە**: ئەم وتانە چین؟

**ئیبراهیم**: خۆت دەبینی، تەنها چەند وتەیەکن، رۆشنبیرەکان بەکاری دێنن.

**شەلە**: چی دەگەیەنێ؟

**ئیبراهیم**: دەڵێن –بە ملی وتیاری– چەوسێنەر پیاوێکە هێزی بازووی کرێکاران دەدزێ.

**شەلە**: باشە تۆ وایت؟

**ئیبراهیم**: هەست ناکەم. ئەوەی دەیزانم کرێکار لەلای من بە پارە ئیش دەکاتو بە رەزامەندی خۆی.

**شەلە**: باشە تۆ بازرگانی یان خاوەن کارخانە؟

**ئیبراهیم**: "دوو پەنجەی بەرز دەکاتەوە" هەردووکیان.

**شەلە**: باشە... "بیر دەکاتەوە" باشە قازانجت زۆرە؟

**ئیبراهیم**: "بە زمانێ کە گوزارشت لە نهێنییەکی قووڵ دەکات" پاشام.

**شەلە**: چەند ئەدەی، لە بری تەبرێ کردنت؟

**ئیبراهیم**: چی پاشا بفەرموێ، هی ئەوە.

**شەلە**: "هاوار دەکات" وەزیر... با، وەزیر بێت.

**مەعلوف**: گەورەم... ئەمرکە گەورەم.

**شەلە**: ئەم پیاوەتان لە کوێوە هێناوە ببەنەوە بۆ ئەوێ.

**مەعلوف**: بەڵێ.

**شەلە**: هەر کاتێکیش هات بۆ لام رێی لێ مەگرن.

**مەعلوف**: بەڵام.

**شەلە**: "قسەکەی دەبڕێ" بەرییە... بەرییە. "پچڕان... لەلای راستەوە: ئیبراهیم دەگەڕێتەوە جێگای خۆی دوای ئەوەی دەمامکەکەی دا دەکەنێ".

**رەجەب**: "بەبرایم" سەرکەوتوو بوویت.. لە هەڵبژاردنی ئەم شەخسیەتە.

**ئیبراهیم**: ئەمە تازە نییە لەلای من، وەکو خۆت دەزانی.

**حەلەزونی**: بەڵام دوورە لە واقیعەوە.

**رەجەب**: دوورە لە واقیعەوە...؟ چۆن...؟

**حەلەزونی**: پاشا تەماح لە کەس ناکات.

**رەجەب**: بەڵێ... پاشایان تەماح لە هەموومان دەکەن.

**حەلەزونی**: ئەم توندییە بەرانبەر بە میری تەنیا لای هەژارەکان هەیە، ئەمەش ئەنجامی کلۆڵییە.



www.pertwk.com

**رەجەب:** هەژارەکان دڵی نەتەوەن، کڵۆڵیش گڕی شۆڕشە.

**حەلەزونی:** دەزانم تۆ حەز بە ئەدەب دەکەی.

**شەلە:** چییە جەماعەت؟

**مەعلوف:** دەکەوینە شوێن هەموو دیمەنێك؟

**رەجەب:** قەیدی چییە... باشتر، وەخت بەسەر دەبەین، رادەبوێرین.

**ئیبراهیم:** بەڵام کاتمان کەمە.

**رەجەب:** کات گرنگ نییە... دەمانەوێ لە گیروگرفتەکانمان بکۆڵینەوە.

**مەعلوف:** هاتین یاری بکەین نەك باسی سیاسەت بکەین.

**حەلەزونی:** یاری بکەم... یان چاوەڕێ بکەم:

**رەجەب:** قۆندەرەکە دانە نۆرەی تۆ نییە.

**عوسمان:** حەلەزونی ئەمڕۆ جیاوازی.. بە چاك‌و خەراپ بەرگری لە پاشا دەکەیت.

**حەلەزونی:** چونکە من دەزانم پاشا کێیە، یەك ساڵی تەواو لە بەندیخانەدا ژیام "بە قورسیەوە هەڵ دەستێ" لەو ماوەیەدا فێری ترس بووم، تامم چەشت. بە چاوی خۆم نینۆکی مرۆڤم دی هەڵ دەکێشرا، ژانی هەڵکێشانی توکە بەر، هێشتا لەبەر چاومە، ئا لێرەوەیە هەموو باسی یاخی بوون دەکەن. باسی زۆرداری پاشا دەکەن.

**رەجەب:** کەواتە تۆ ئەم راستییە دەزانیت.

**حەلەزونی:** ئەوەش دەزانم قوربان: کە پاشا شێرو سێدارەیە.

**عوسمان:** زۆری تریش پێش پاشا شێرو سێدارە دروشمیان بوو، بەڵام ئادەمیزاد راوی نان... ئەمە مەسەلەیەکی مێژووییە.

**حەلەزونی:** مێژوو حەکایەتی پیرانە.. هەر لە مناڵیەوە ئەمەم زانیوە کە گەورەش بووم, کە وەختێ پیاوی دادگا بووم زیاتر ئەم راستیەم بۆ دەرکەوت.

**رەجەب:** ئەم یارییەی ئیستا تۆ دەیکەیت, یارییەکی قۆڕو دۆراوە.. خۆت هەڵ دەخەڵەتێنی, پاکانە بۆ خۆت دەدۆزییەوە.. بۆ ئەوەی شتێ بکەیت کە کوڕەکەت بەر ببێ.

**حەلەزونی:** هەقی خۆمە.

**رەجەب:** هەڵوێستی کوڕەکەت پاك و پیاوانەیە, تۆ هەقی ئەوەت نییە پیسی بکەی.

**حەلەزونی:** هەڵوێستی شەریفە..؟ ئەم شایەتییە بەچی دەچێ؟ باشە ئەی بۆ تۆ هەمان هەڵوێست بۆ خۆت دروست ناکەی.. بۆ لەم ماڵە کاولەدا دانیشتوی, زمان درێژی دەکەیت و بەخەیاڵ هەڵوێستی پاڵەوانانە دەنوێنی...

**رەجەب:** هێشتا کاتی خۆی نەهاتووە.

**حەلەزوونی:** پێم بڵێ ئەی شاعیری کڵۆڵی و خەم، لە ژیانتا سەری شکاوت نەدیوە؟ لاشەی مرۆڤت نەدیوە وەکو نافورە خوێنی گەرم هەڵبدات؟ تۆ... تۆش کاك عوسمانی وتاربێژ – خەتیب– مامۆستای رێزمان بووی، بەوە بەناوبانگ بووی کە زۆر شارەزایت، دیمەنی وەهات دیوە..؟ ئەی تۆ کاك ئیبراهیم نەت دیوە وەختێ رۆژنامەگەر بووی. کە رۆژنامەت بۆ دەهات

هەر لەسەر کورسییە شڕەکەتەوە بەسەر دونیادا دەسوڕایتەوە. بەڵام ئەوەی من دیتم تۆ نەت دیوە. من، تەنیا وەختێ وەکیل بووم دەمزانی گیروگرفتی خەڵکی چین، کوێیان دێشێ، بەڵام من نامەوێ لاشەی کوڕەکەم خوێنی گەرم هەڵبدات. نامەوێ کۆتایی کوڕەکەم بەو حاڵە بێت.

**عوسمان**: ئێمە بەرەو ئەم یاخی بوونەت دەبەین.

**حەلەزونی**: گوێ رایەڵی پاشاش جۆرێکە لە یاخی بوون.

**رەجەب**: یاخی بوون ئەوەیە بڵێی نە ء.

**حەلەزونی**: دەڵێم نە ء... بەڵام بۆ برسێتی... بۆ دەربەدەری... بۆ گومراهی... حەز دەکەم پاشا بمکوژێت نەك ژیان بم هاڕێت.

**شەلە**: "لە دوورەوە" دەمانەوێ یاری بکەین جەماعەت.

**ئیبراهیم**: وەختەکە لە رابردوویەکدا دەکوژن کە هەر هەمووی نشوستییە..

**حەلەزونی**: یەك تکایەکم هەیە... دەمەوێ ئەو ئافرەتە ببینم کە بلاوکراوەکەی دا بە کوڕەکەم... بۆ ئەوەی چنگەکانم لە بینی گیر بکەم تاکو دەمرێت.

**ئیبراهیم**: دەی بینی... دەی بینی دەی بگەڕێنەوە بۆ جێگاکانتان.

"دەگەڕێنەوە جێی خۆیان... رەجب قۆندەرەکان هەڵ دەدا... بە هەمان شێوەی پێشوو دەکەونەوە".

**رەجەب**: "لە کاتی کەوتنی قۆندەرەکانا": هەموو هەوڵێکی یاخی بوون بە فیرۆ چوو.

**ئیبراهیم**: هەستە.. بەشی خۆت وەربگرە.

**عوسمان**: پاشا شەلە چاوەڕوانتە.. کوا پێوەندی مێژووی نێوان شاعیرەکان و دەربارمان نیشان بدە.

**رەجەب**: پیشانتان دەدەم کە کامە گرنگترە. (پچڕان: لەلای چەپەوە).

**مەعلوف**: گەورەم، پاشام، ئەم دزە خۆی تەسلیم کردووە.

**شەلە**: بیهێنن.. با بێت.

**مەعلوف**: "پاڵ بە رەجەبەوە دەنێ بۆ پێشەوە.. رەجەب دەمامکی پیاوێکی داخ لە دڵ لەسەر دەنێ" بڕۆ پێشێ... بڕۆ پێشێ.

**رەجەب**: دەستم لێ مەدە.

**مەعلوف**: وریا بە گەورەم... تۆزێك چاو قایمە.

**شەلە**: وایت؟

**رەجەب**: بەڵێ وام.

**شەلە**: قەیناکات... چارەی ئەم جۆرە شتەمان لەلا هەیە.

**رەجەب**: ئێستا: چتان لە من دەوێ؟

**شەلە**: دان بەوەدا بنەیت: کە تۆ دزیت.

**رەجەب**: من دزم.. بۆ ئەمە شتێکی غەریبە؟

**شەلە**: رەنگە غەریب نەبێ... بەڵام تۆ دەزانی، ئێمە...

**ڕەجەب:** "قسەکەی دەبڕێ" ئێوە نوێنەری میرین، دەتانەوێ موحاکەمەم بکەن.

**شەلە:** ئەمە ڕاستییەکەیەتی.

**ڕەجەب:** ئەی پاپۆڕە زێڕەکە..؟ "بێ دەنگی... شەلەو مەعلوف بە جۆرێ تەماشای یەک دەکەن کە پڕە لە لووت بەرزی بیروکراتیانە".

**مەعلوف:** بەم بۆنەیەوە گەورەم .. دوای پشکنینی دۆسییەکان و لێکدانەوەی وتەکانی تاوانبار، بۆمان دەرکەوت کە دژی پاشامان ئیش دەکات.

**شەلە:** ئەمە ڕاستە؟

**ڕەجەب:** ئەگەر ئەمە تاوان بێت، ئەوا دەبێ هەموو گەل موحاکەمە بکەن.

**شەلە:** واتە هەموو گەل دژی ئێمەن؟

**ڕەجەب:** پێم وایە خۆتان ئەمە چاك دەزانن.

**شەلە:** باشە بۆ؟

**ڕەجەب:** ئەم پرسیارە سواوە.. لەبەر ئەوە داوای لێ بوردن دەکەم... وەڵام نادەمەوە..

**شەلە:** بەڵام بۆچی گەل دژی ئێمە بێت، لە کاتێکا ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆمان خستۆتە خزمەت مەسەلەکە...؟

**ڕەجەب:** ئەم هەوڵە، گومان لێکراوە.

**شەلە:** گومان لە دڵسۆزیمان دەکەیت؟

**ڕەجەب:** خەڵکی لایەنەکانی مەسەلەکە حاڵی بوون، ئیتر چاوڕاو داد نادات.

**شەلە:** "بلمە بلمێك دەکات" حاڵی نەبووم.

**ڕەجەب:** حاڵیش نابیت.

**شەلە:** مەبەستەکەت ڕوون بکەرەوە.

**ڕەجەب:** دەڵێم پشتگیری کردنی حیزبی کۆنە پەرەستەکان بۆ مەسەلەکە، ئەو مەسەلەیەی هەموو خەڵکی مژوول کردووە، ناتوانێ شتەکانی پشتەوە بشارێتەوە. "تۆزێ بێ دەنگی".

**شەلە:** "بە وردی لە ڕەجەب وردەوە دەبێ" باشە تۆ شاعیری؟

**ڕەجەب:** بەڵێ...

**شەلە:** خۆ شاعیرەکان پێوەندیان بە دەربارەوە چاك بووە.

**ڕەجەب:** ئەوسا شیعر یارییەکی ساختە بووە...

**شەلە:** "ڕادەپەڕێ" ئەمە دزێکی زمان درێژە...

**ڕەجەب:** گوێ بگرە، پاشای سەگ.. من شاعیرم شاعیر، جێگای تایبەتی خۆم هەیە لە نێو گەلا، بەر لەوەی حوکم بدەیت و لە فەرمان دەرم بکەیت... من شاعیرێکی گەورەم –حەز ناکەم هەر دە پەنجەکەم بخەمە چاوت.. دەبێ ئەوەش بزانی کە من ئیهانە ناکرێم، (ڕەجەب چوار چنگۆڵە دەوەستێ... پشتی ڕووت دەکات)..

وەرە کاکی وەزیر، وەرەو چۆنت پێ خۆشە وا گورزی خۆت بوەشێنە.

**مەعلوف:** "ڕووەو ڕەجەب دەچێ و قەمچییەکەی لەسەر پێیە" چاکە.. خۆی بە خۆی کرد.



www.pertwk.com

**شەلە:** "هاوار دەكات" نا... لێی مەدە... بیبە بۆ سێدارە.

**مەعلوف:** سێدارە؟

**شەلە:** ئەگەر ماوە بدەن جەنابی وەزیر.

**رەجەب:** نا.. من رازی نیم... ماف "ڤیتۆ" ئەی جیهان، ئەی خەڵكینە....

"لەم دەمەدا شاشەیەكی سپی دێتە خوارەوەو ئەم دیمەنە بە شێوەیەكی هێمایی دەردەكەوێ.. شیروەشێن دەردەكەوێو رەجەب دەستوپێی بە كۆتە..

**مەعلوف:** "قسە دەكات، شیروەشێنەكەش بە گوێرەی وتەكەی ئەو دەجوڵێ".

ئەمجا سەری تاوانبار دەنرێتە سەر تەختەدارێكی لوولەكی.. شیروەشێن دەست بەرز دەكاتەوە.. دەنگی دەهۆڵ (دەنگی دەهۆڵەكان دەردەكەوێ) دەنگی نەفیر،، (دەنگی نەفیرەكە دەردەكەوێ) لە چاو تروكانێكا شیروەشێن ئەدا لە ملی رەجەب، هەموو شتێك بە گوێرەی ئارەزووی پاشا ئەنجام ئەدرێ. دەنگی دەهۆڵو نەفیر بەردەوام دەبێ تاكو شیروەشێن لە چاو ون دەبێ.

**پچڕان:** لەلای راست. رەجەب دێتە ژوورەوە، لە جێی خۆی دادەنیشێ.. نۆرە دێتە سەر حەلەزونی –قۆندەرەكان هەڵ دەدا، دوای تۆزێك دەمەو روو دەكەونەوە.

**هەموویان:** "هاوار دەكەن" هێی پاشا... پاشای تازە "چەپڵە لێ دەدەن" روناكییەكی گشتی.. "برادەرەكان دەمامك دەبەستن، سەرودار لە شێوەی تفەنگ دا هەڵ دەگرن، ئابلۆقەی ئەو شوێنە دەدەن كە شەلە لێی دانیشتووە... شەلەش ترسو لەرزێكی خەستی دەستكرد لە خۆی دێنێ.

**هەموویان:** "بە دەنگە دەنگەوە".

– تاجەكە دانە.

– عەباكە فڕێ دە.

– كۆشكەكە چۆڵ بكە.

**مەعلوف:** لێی دێتە پێشەوە، عەباو تاجەكەەی لێ دەكاتەوەو دەیدات بە حەلەزونی... كوتوپڕ دەنگی جاڕچی بەرز دەبێتەوە.

دەنگی جاڕچی: بۆ هەموو خەڵكی وڵات... گوێ لەم بەیانە بگرن، دەسەڵاتی زید پاشا لابرا، زیاد پاشا هاتە سەر حوكمو سبەینێ لەبەردەم كۆشكداو لە سەعات "10"ی سەر لە بەیانی ئاهەنگێكی گەورە بەم بۆنەیەوە ساز دەكرێ، ئەوەی لێرەیە بە وانی تر بڵێ.

"دەنگەكە نامێنێ" برادەرەكان لە حاڵەتی سەرسوڕماندان...

"تاریكی...."

**رووداوی دووەم**

**دیمەن:**

بەسەر دیوارە دوورەکەوە ئارمی ولات هەڵواسراوە: "دوو شێری راستو چەپ" لە ناوەڕاستی شانۆدا وێنەیەکی گەورەی پاشا هەڵواسراوە، لە ژێرییەوە بە خەتێکی درشت نووسراوە: "بژی زێد پاشا".

کۆمەڵە روناکییەکی کز دەخرێتە سەر شوێنەکە. دوای ماوەیەك سێ کرێکار دێنە ژوورەوە، کە رەستەی پێویستیان پێیە. یەکێکیان بە پەیژەیەکدا سەر دەکەوێ ئارمە کۆنەکە لا دەباتو ئارمی تازەی دەخاتە جێگا...

ئارمەکە هەمان ئارمی پێشووە، هیچ جیاوازییەکی نییە، مەگەر دانانو رەنگی شێرەکان، کرێکاری دووەم خەریکی نووسینەکەیە، فلچەکەی دەردێنێ و وشەی (زیاد) دەخاتە شوێنی "زید"، بەم جۆرە نووسینەکە لەگەڵ رووداوە تازەکەدا دەگونجێ. لەم کاتەدا کە ئەم کارانە ئەنجام دەدرێن گوێمان لەم گفتوگۆیە دەبێ:

**دەنگی 1**: پاشای مەزنم.

**دەنگی 2**: ئەهلەن وەزیر... ها هەواڵی گەل چییە؟

**دەنگێك**: چاوەڕێی پێو قدومی جەنابتن.

**دەنگی 2**: بەڕاستتە؟

**دەنگی 1**: شارەکەمان قەت وانەبووە... جوانترین خشڵی مێژووی پۆشیوە، وێنەی پاشا لە هەموو شوێنێ هەڵواسراوەو بە گوڵ رازاوەتەوە... پیرۆزبایی و خۆشەویستی لە هەموو جێیەك نووسراوە.

**دەنگی2**: باشە گەل وێنەی هەڵواسیوم؟

**دەنگی1**: لەسەر دیواری دڵیان هەڵواسراوە بەر لەوەی لەسەر دیواری شار هەڵبواسرێ.

**دەنگی2**: "بە خۆشییەوە" بەڕاستە؟

**دەنگی1**: بەڵێ... بەڵێ.

**دەنگی2**: باشە کام وێنەیان هەڵواسیوم؟

**دەنگی1**: هەموو وێنەکانت پاشام.

**دەنگی2**: چاکە... (وەکو یەکێ بیەوێ نهێنییە بدرکێنێ) پێم بڵێ ژن لە نێو خەڵکەکەدا هەن؟

**دەنگی1**: بە هیچ جۆرێ گەورەم... ئەمە دەبێتە مایەی تەقینەوە.

**دەنگی2**: ئەی بەداخەوە.

**دەنگی1**: شوێنێکی تریان هەیە... لە، بانیژەکانەوە دەڕواننە پاشام، هەڵهەڵە لێ ئەدەنو گوڵو ماچ دەبەخشنەوە.

**دەنگی2**: ئاه... ماچ... ماچ جوانترین شتی بابەتەکەیە.

**دەنگی1**: ئەمە قسەیەکی نەستەقە.

**دەنگی2**: (بێ دەنگی... چەند هەنگاوێ) پێم بڵێ ئا... جەنابی وەزیر.

**دەنگی1**: دەربارەی چی پاشام؟

**دەنگی**2: هەواڵی خەزنە لە چدایە؟
**دەنگی**1: بەڕاستی پاشام بەشی پێویستییەکانی گەل ناکا.
**دەنگی**2: گویێ مەدەرێ... هێشتا بیرمان لەم مەسەلەیە نەکردۆتەوە.
**دەنگی1**: ئەی مەبەستی گەورەم چییە؟
**دەنگی**2: دەڵێم خەزنەکەم بەشی پێویستییەکانی خۆمان دەکات؟
**دەنگی**1: "بیری دەکەویێتەوە" ئاھ... ئیمەو هەر چیمان هەیە هی پاشایە (پێ دەکەنێ) خوا جەزات بداتەوە ئەی حاتەمی بەخشندە! "بە جووتە پێ دەکەنن".
**دەنگی1**: بەڵام... ئایا پاشام دەزانێ پاشای پێشوو و حیزبە بە کرێ گیراوەکەی زۆر دەست بڵاو بوون؟
**دەنگی2**: "بە کەشو فشەوە" دیارە.
**دەنگی1**: پێم وایە هەر لەبەر ئەمەش کوشتتان؟
**دەنگی2**: حیزبە کۆنە پەرەستەکەشیمان هەڵوەشاندەوە, هاتین جێی بگرینەوە تا دادو ئاشتی بچەسپێنین.
**دەنگی**1: بە خێرو خۆشی بێن.
**دەنگی2**: سوپاس... سوپاس.
**دەنگی1**: ببوورە... "بێ دەنگی" بەڵام پاشام
**دەنگی2**: بەڵێ جەنابی وەزیر.
**دەنگی1**: (بە دوو دڵی) رەنگە گەورەم هەواڵی برسێتیش بزانێ؟
**دەنگی2**: دیارە... دیارە، بیر لە چارەسەری ئەویش دەکەینەوە.
**دەنگی**1: ئەی زنجە تەنەکەکان؟
**دەنگی**2: دیارە... دیارە، بیر لە چارەی دەکەینەوە.
**دەنگی**1: ئەی بەندیخانە تەژیەکان؟
دەنگی2: دیارە.. دیارە، بیری لێ دەکەینەوە، "دەنگەکان ون دەبن"
**کرێکاری1**: بژی دادوەری... "لە پەیژەکە دەکەوێتە خوارەوە"
**کرێکاری2**: خوا شفات بۆ بنێرێ.
**کرێکاری**3: (لە وێنەکان نزیك دەبێتەوە) دەزانن... نان زۆر دەبێ.
**کرێکاری2**: چۆن زانیت؟
**کرێکاری3**: سیمای پاشا وا دەڵێ.
**کرێکاری**1: راستە... بەڵام تەنیا نانی گەنمە شامی.
**کرێکاری**2: گرنگ ئەوەیە زۆر بێ.
**کرێکاری3**: نان هەر نانە ئیتر هەرچییەك بێ.
**کرێکاری2**: بەڵام بۆ تەنیا ئەو جۆرە نانە زۆر دەبێ؟
**کرێکاری1**: چونکە رەنگی پاشامان زەردە وەك گەنمەشامی.

**کرێکاری2**: گەر دەی بیستنەوە، زمانت دەبڕن.

**کرێکاری1**: ترحێو.

**کرێکاری2**: تۆ یاری بەنانی خۆت دەکەیت.

**کرێکاری1**: ئەگەر برات سەر بەست بوایە وەکو باڵندەی ئاسمان، نە ژن لە ماڵەوەو نە پارە لە بانقا بوایە.

**کرێکاری2**: بەر دەبی ئیشاڵڵا.

**کرێکاری3**: ناوچەوانی ئەم پاشایە بە بەرەکەتە.

**کرێکاری1**: بەڵێ... نانی گەنمە شامی فەڕو بەرەکەتە.

**کرێکاری3**: نائومێد مەبە. .

**کرێکاری1**: براینە... تاریکی شەو سەر لە ئێوارە دیارە.

**کرێکاری2**: دە تەماشاکە تا مانگ دەردەکەوێ.

**کرێکاری1**: ئۆی... ئێوە نووستوون... دڵنیا بووین کە مانگ دەرناکەوێ.

**کرێکاری3**: چۆنت زانی؟.

**کرێکاری1**: "کاغەزێکی قەدو نوشت کراو دەردێنێ" بەم کاغەزەدا. .

**کرێکاری3**: ئەوە چییە...؟ .

**کرێکاری1**: هەموو راستییەکی پێ گوتم.

**کرێکاری3**: باشەکەی کاغەز جێی هەموو راستییەکی تێدا دەبێتەوە؟.

**کرێکاری2**: شتەکە چییە؟.

**کرێکاری3**: بۆمانی باس بکە.

**کرێکاری1**: شتێ وایە کە باوەڕ ناکرێ.

**کرێکاری2**: رەنگە ئەوەی تۆ بیبینی ئێمە نەی بینین.

**کرێکاری3**: خۆ رەنگە باشتریش بیبینین.

**کرێکاری1**: ئاه... برادەرینە، دەزانم ئەم وڵاتە سەر دەکەوێ.

**کرێکاری3**: فشەیە، ئەوەی دەیزانی وشەی سەر ئەو کاغەزە توڕدراوەن.

**کرێکاری1**: وشە جیهانێکی بێ کۆتاییە.

**کرێکاری2**: بەڵام ورگی برسیم تێر ناکات. .

**کرێکاری1**: بەڵام برسێتییەکی گەورەتر... سامناکتر... تێر دەکات. .

**کرێکاری3**: ئەوەمان بەلاوە مەبەست نییە.

**کرێکاری2**: ئێستا تەنیا مەسەلەی ئەم کاغەزەمان بەلاوە مەبەستە.

**کرێکاری1**: "وەکو یەکێ خەون ببینێ" ئەو سێو فرۆشە جوان بوو، سێوەکەشی جوان بوو.

**کرێکاری3**: ئەوە چ دەڵێی؟.

**کرێکاری1**: "بەردەوام دەبێ" بەڵێ جوان بوو وا تێ دەگەم.

**کرێکاری2**: دیسانەوە دەستمان پێ کرد.

**کرێکاری1:** زیرەکیشە... زۆریش زیرەکە.

**کرێکاری2:** "پێکەنینی گاڵتەو تەوس" تۆ خۆشەویستی منی... تۆ شۆڕەسواری خەونی... لەگەڵتدا دەچم بۆ سەر مانگ... ئەمەی لەم کاغەزەدا بۆ نووسیوی وا نییە؟.

**کرێکاری3:** "تەواوی دەکات" بەڵێنی داویتێ یان بۆ تۆیە یان بۆ گەل.

**کرێکاری2:** وا بزانم هەندێ رستەی بازاڕیشی بۆ تێ هەڵکێشاویت؟.

**کرێکاری3:** حەز دەکەی تۆزێکیان بۆ بخوێنەوە.

**کرێکاری2:** بە هەر حاڵ شتێکی خۆشە.

**کرێکاری3:** بۆمان بخوێنەوە. .

**کرێکاری1:** باشە... دەی خوێنمەوە (کاغەزەکە دەکاتەوە... تەماشای راستو چەپی خۆی دەکات... شوێنەکە جوان دەپشکنێ، ئەمجار بە کرێکاری2..) ئەرێ تۆ نایخوێنێتەوە؟.

**کرێکاری2:** بەڵێ.. بەڵام وشەی عاشقان دەم تەزێنێ.

**کرێکاری1:** ئەوە مەبەستە "کاغەزەکەی دەداتێ" دەی بیخوێنەوە.

**کرێکاری3:** دەنگی لەگەڵ وشەی عەشقدا ناگونجێ.

**کرێکاری1:** بەڵکو پێچەوانەمان بۆ دەر بکەوێ.

**کرێکاری2:** "لە کاغەزەکە ورد دەبێتەوە... دوای تۆزێك رادەپەڕێ" ئەوە چییە! بڵاوکراوە... "هەڵ دەلەرزێ" دژی پاشایە.

**کرێکاری3:** چی...؟ بڵاوکراوە؟

**کرێکاری1:** بیخوێنەوە برام... با واتەی عەشق بزانی.

**کرێکاری2:** "رەنگی هەڵبزرکا، چۆکی دەلەرزێ" بگرە... کاغەزەکەت بگرە.

**کرێکاری1:** گوێ مەدەرێ برام.

**کرێکاری3:** بەڵام مەسەلەکە چییە؟.

**کرێکاری1:** ئەو دای پێم.

**کرێکاری3:** ئەو کێیە؟.

**کرێکاری2:** "ئارەقەکەی دەسرێ" سێو فرۆشەکە. .

**کرێکاری1:** ئێستا زانیت.

**کرێکاری3:** ئازار بە خۆی دەگەیەنێ برا. .

**کرێکاری1:** هیچ نییە.

**کرێکاری3:** بەڵام مەسەلەکە خەتەوە.

**کرێکاری1:** وەکو گشت کاروبارێکمان.

**کرێکاری2:** تۆ... تۆ جرجی، چۆن دەست بۆ بڵاوکراوەیەکی وەها دەبەی؟.

**کرێکاری1:** باشە لە کاغەزێك زیاترە...؟ .

**کرێکاری3:** پیاوانی پاشا باوەڕ ناکەن.

**کرێکاری1:** چونکە پاشایان تاوانبار دەکات.

**کرێکاری2:** باشە سێو فرۆشێ خۆی چییە تا پاشاو دەستو پێوەندەکەی تاوانبار بکات؟.

**کرێکاری1:** سێو فرۆش دەستو دایەرەی خۆی هەیە.

**کرێکاری3:** بەڵام دەستو پێوەندێکی دۆڕاو.

**کرێکاری1:** پێویستە راستی دەربکەوێ.

**کرێکاری2:** کامە راستی؟.

**کرێکاری1:** ئەو راستییەی... کە وڵات لە خنکاندایە.

**کرێکاری3:** بەڵکو تۆ... تۆ لە خنکاندایت.

**کرێکاری1:** من یەکێکم لە نەفەری ناو پاپۆڕە کلۆڵەکە.

**کرێکاری2:** کەواتە، بۆ خۆمان تەسلیمی پاپۆڕەکانی تازە نەکەین؟.

**کرێکاری1:** تازە بە چی دەچێ ئەگەر سێبەرێکی خوێڕی کۆنەکە بێت؟.

**کرێکاری2:** "بە نائومێدییەوە" فەلسەفەیە. .

**کرێکاری3:** ئەی برسێتی...؟ .

**کرێکاری1:** هاواری برسێتی دەکەنو ناتانەوێ سەرچاوەکەی بدۆزنەوە.

**کرێکاری2:** سەرچاوە... باشە تۆ دەیزانی؟.

**کرێکاری1:** بەڵێ... بەم بڵاوکراوەیەدا.

**کرێکاری3:** بڵاوکراوەیەك بە پێنوسی ئافرەتێکی کلۆڵ... پەرەسەندنێکی سەیرمان تێدایە.

**کرێکاری2:** "پشتی قسەکەی دەگرێ" ئاخر زەمانە... ئافرەتیش سیاسەت بازی دەکەن.

**کرێکاری1:** خۆی نەی نووسیوە.

**کرێکاری3:** رەنگە نووسەرەکەی کلۆڵ تریش بێ.

**کرێکاری1:** وەکو دەردەکەوێ کاری تاقە کەسێك نییە.

**کرێکاری3:** تۆ چیت بۆ دەرکەوتووە؟.

**کرێکاری2:** "لێی دەچێتە پێش" خوا شفات بۆ بنێرێ. "لە دوورەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕناو هورا کێشان دەبیسترێ".

**کرێکاری3:** کەژاوە... کەژاوەکە هات.

**کرێکاری1:** ئێستا... خەڵکی بەڵێن تازە دەکەنەوە. "کۆمەڵە دەروێشێ بە خۆیانو دەفەکانیانەوە دێنە ژوورێ، ئاڵای وڵاتو وێنەی پاشایان هەڵ گرتووەو تێکڕا..." .

دەروێشەکان: سڵاوی خوا لە پاشامان، پیرۆز بێ پاشامان. "چەند جارێ ئەم نزایە دووبارە دەکەنەوە.. هەڵ دەپەڕنو نزاکە دووبارە دەکەنەوە، بە شوێنەکەدا دەسوڕێنەوە و نزاکە دووبارە دەکەنەوە... لەو دەمەدا کە سەرگەرمی هەڵپەڕینو دابەزینن پیاوێکی شیكو پۆشتە دێتە پێشەوەو لە دوای مێزەکەوە دەوەستێ."

**بێژەر:** خوشکان... برایان تۆزێکی دی کاروانو گەژاوەی پاشا دێت، پاشای شۆڕشگێڕ، کە تەختو بەختی بنەماڵەی "زید"ی روخان... دەگات... خوشکان، برایان دوای چەند چرکەیەکی دی کاروانو کەژاوەی پاشا دەگاتو "زیاد" پاشا تیشکی فەڕو پیرۆزیمان

بەسەردا پەخش دەكات "هۆتاف" خوشكان، برايان. جەماوەر لێرەدا پڕ بەدڵ و بە یەك دەنگ هاوار دەكەن.

**دەنگەكان:** داد.... لە دەست زوڵم و زۆر. ئۆف لە تاریكی بەندیخانە.

**بێژەر:** خوشكان، برایان، ببوورن لەبەر چەند هۆیەك ئیسگەكەمان وێستا... ئێستاش پێتان رادەگەیەنینەوە كە جەماوەری گەل پڕ بە دڵ هاوار دەكەن.

دەنگەكان: وای. لە دەست زەردەخەنەی ناچاریدا: لە دەست قامچی بێزاری.

**بێژەر:** جارێكی تریش ببوورن، ئێستگەكەمان وەستا. خوشكان، برایان فەرموون لەگەلمانا بن.. ئەم گەلەی دەمێكە خەبات بۆ سەربەستی دەكات, پەنا بەخوا دەگاتە ئامانجی خۆی لە رووی پەرەسەندن و شارستانیەتەوەو لەسایەی پاشای تازەدا پێ دەنێتە قۆناغی سوشیالیزم و دادوەرییەوە.

**كرێكاری3:** دەڵێی لەمە پێش گوێم لەم قسەیە بووە.

**كرێكاری2:** لە ((محوالامیە))دا خوێندمان.

**كرێكاری 1:** بەنووسراویش لەسەر نانی گەنمە شامی دەی بینی.

**بێژەر:** جەماوەری خۆشەویست بانگی ژیان بۆ ئەم پاشایە هەڵبدەن.

**دەروێشەكان:** سڵاوی خوا لە پاشامان... پیرۆزبێ پاشامان.

**بێژەر:** بەڵێ... بەرێزینە... "بەم هوتافە نەمرەو گشت جەماوەر دەنگ هەڵدەبڕن. "بە دەنگی بەرزتر" خوشكان، برایان، ئێستا كاروان و كەژاوەی پیرۆز دەگات. پاشای شۆڕشگێڕ دادەبەزێ بۆ ئەوەی سڵاو بە جەماوەری تینوو، تینووی دیداری خاوەن شكۆی بگەیەنێ.

"دەروێشەكان تێكەڵ بە خەڵكەكەی تر دەبن، هەیت و هوت و هەرا بەرز دەبێتەوە، دیسانەوە هوتاف بە ژیان و پایەی پاشادا دەكێشرێ. لەم كاتەدا پاشا دێتە ژوورەوە، بە هەردوو دەست خۆی دەنوێنێ، زەردەخەنە بەملاو بەولادا دابەش دەكات. ئەمجا سەر دەكەوێتە سەر تریبۆنەكە... بەبێ دەنگی دەڕوانێتە خەڵكەكە".

**بێژەر:** "بەهەموو توانایەوە هاوار دەكات" ئا ئەوە پاشای پیرۆزە.. دەبا خەڵكەكە بە دیداری شاد بن و تێر لە رووی بێ گەردی بخۆن.

**كرێكاری1:** "بە برادەرەكەی" پێم نەووتن.. باسی نانی گەنمە شامیم بۆ نەكردن.

**كرێكاری3:** دەموچاوی پاشامان هۆزێ تێر دەكات.

**كرێكاری2:** خوا سەلامەتی بكات.

**بێژەر:** "بەهەمان دڵ گەرمییەوە" ئەی جەماوەری چەوساوە... ئەوا خۆتان لەبەردەم پاشایەكی مەزندا دەبیننەوە، پێویستە گوێ بگرن كە چیتان پێ دەڵێ "بێ دەنگی".

**پاشا:** "قسە دەكا" سوپاس بۆ خودا... (بێ دەنگی). هەموو بێ دەنگ دەبن. سوپاس بۆ ئەو خوایەی بە ئەمری ئەو هاتینە ئێرە "هوتاف".

**كرێكاری3:** لەوە دەچێ پاشامان پێش نوێژو خوتبە خوێن بێ.

**كرێكاری2:** لەسەرییەوە وتار دەبێژێ.

**کرێکاری1**: بۆ کەس لە لووتەوە وتار دەبێژێ؟

**پاشا**: خوشکەکانم... قسە هەزارە، دوانی بەکارە.. هاتووین حوکمتان بکەین نەك خزمەت. "دەگەڕێتەوە" ببورن خزمەتتان بکەین نەك حوکمتان بکەین.. "هوتاف" هەوڵ دەدەین پەیڕەوی دادو عەدالەت بکەین بە گوێرەی بەرو ماوەی زروف.

دەنگەکان: داد... لەدەست زوڵمو زۆر. ئۆف لە تاریکی بەندیخانە.

**پاشا**: بەڵام ئێمە سەرمان لە هێزە ناحەزەکان سوڕ دەمێنێ. کرێی کرێکاران زیاد دەکەین، بەڵام ماوەی بەرزبوونەوەی نرخی بازاڕیش دەدەین. دیارە دادوەری وا پێویست دەکات.

**دەنگەکان**: داد لە دەست زەردەخەنەی بێ کاری. ئۆف لە دەست قامچی بێگاری.

**پاشا**: گەلی بەشەرەفمم... نەخۆشی دەرۆزەمان تیادا بڵاوبووەتەوە، بەڵام لە ئەمڕۆوە، دەگۆڕێ.. "هوتاف" هەستمان کرد ئێوە زوڵم لێ کراون، لە سایەی کۆیلەیەتیدا دەژین. بەڵام لە ئەمڕۆوە زوڵمو کۆیلەیەتی نەمان... "هوتاف" لێرەدا... با هەموو جیهان گوێیان لێ بێ... ئێمە پەیڕەوی سوشیالیزمی دروست دەکەین... "هوتاف" ئێمە ماوەی "استغلالی فردی" ئەدەین. "خەڵکەکە گوێ قوڵاغ دەبنەوە، سەریان سوڕ دەمێنێ، چپەو پرسیار... سەرسامی... بێ دەنگی..."

**بێژەر**: "بە جەماوەر" بەڕێزینە... ببورن پاشامان ناتوانێ پیتی "ق" دەربێنێ چونکە تۆزێ هەڵامەتیەتی. جا مەبەستی "استقلالی فردی"یە لە بری "استغلالی فردی"... "هوتاف کێشان".

**پاشا**: هەروەها استغلالی جەماعی

**بێژەر**: "وشەکەی لە دەم وەردەگرێ" مەبەستی استقلالی جەماعییە "هوتاف".

**پاشا**: کاروانەکەمان پێویستی بە ئێوەیە تا دەگاتە ئەو کەنارەی مەبەستێتی.. خوا پەنای چاکانە.. "هوتاف".

دەروێشەکان: نان... نان جەنابی پاشا.

**پاشا**: دیارە.. ئەوەندە زۆر دەبێ تا گەلەکەم تێر دەبێ.

دەروێشەکان: سەرما... سەرما پاشا.

**پاشا**: دیارە ئاگر لە هەر چوار دەوری شار دەکەینەوە تا گەلەکەم گەرم دەبێتەوە.

**دەروێشەکان**: بەندیخانە... بەندیخانەکان جەنابی پاشا.

**پاشا**: دیارە... دەرگاکانی دەکرێتەوە تا گەلەکەم ئاوارە نەبێ..

(دەستەو تاخمی دەروێشەکان دەکەونەوە هەیتو هوتی خۆیان. پاشا دێتە خوارەوە، زەردەخەنە لێوەکانی بەسەر دەکاتەوە.. بە هەردوو دەست خۆی دەنوێنێ.. پاشا لە قەڵەباڵغیەکەدا ون دەبێ... هاتو هاوارەکە ون دەبێ.. هەموو شتێ ون دەبێ چەند سواڵکەرێك نەبێ. چەند چرکەیەكو برادەرەکان دێنە ژوورەوە، شەلە لە پێش هەموویانەوەیە".

**شەلە:** "فول سەرخۆشە" بخۆنەوە بەرێزینە, رەشەبای زەمانی ترس هەڵی کرد.. بخۆنەوە تا هەست بەو سەرمایە نەکەن کە بەسەر شارەکەمانا دەدات.

**رەجەب:** زمانت بگرە.. شار پڕە لە سیخوڕ.

**عوسمان:** پیاوانی پاشا لە هەموو شوێنێکا هەن.

**شەلە:** "هاواردەکا" ئاه... دەمەوێ میز بەسەر سەری پاشادا بکەم.. ئەمەوێ.. شیری عەنتەرم بدەنێ, بەگژ خوادا دەچم. بەگژ خوادا دەچم.

**حەلەزونی:** ئۆف دیسان لێمان تێك دەدا.

**شەلە:** خزمینە هەستن, لەخۆتان بگەڕین, بەم زووانە پاشا دەتان خاتە تەنەگەی زبڵەوە دەتاننێرێ بۆ دەرەوە "ئەکۆکی" ئاه.. کوڕینە بیهننە بەرچاوی خۆتان.. مرۆڤ بە هەموو زل و زەبەلاحی و مێژوویەکیەوە لە تەنەکەی زبڵدا بنێرێ "پێکەنینێکی سامناك" وەرە مرۆڤ لە بری بارە تەماتەی بۆگەن بدرێ.

**حەلەزونی:** "هەڵ دەکوتێتە سەر شەلە"پێم وتیت، بێ دەنگ بە، هەی بێ عار گوێیان لێمان دەبێ.

**شەلە:** کڕنوش بەرن، ئەی ئەوانەی لە زەمانی ترسدا دەژین. هەواڵ بدەن لاسایی سەگ بکەنەوە، ئێ بەڵکو یەکێك بەزەیی پێتانا بێتەوەو پارچە نانێکتان بداتێ.

**مەعلوف:** با لێرە دووری بخەینەوە.

**ئیبراهیم:** زوو پێم وتن... چاکی دەناسم، زوو هەستم کرد ئاسایی نییە.

**شەلە:** "لە هەڵەوەڕی خۆی ناکەوێ" کوا دارەکان....؟

**برادەران:** دار نییە.

**شەلە:** کوا دارەکان؟. بۆ دارەکان ون بوون، ئەوە بۆ تیشکی مانگ رەشە؟ ئەوە بۆ زەوی بووە بە گڕکان... "هاوار لە برادەران دەکات" ئاگاتان لە گڕکان بێ... گڕکان... گڕکان.

برادەران: تۆزێ هێدی بەرەوە.... گڕکان نییە.

**شەلە:** بەڵێ... گڕکان شارەکە هەڵ دەلوشێ.. ناخ دەخواتەوە، ئا ئەوە گڕکانە، ئێستا ئێمە لە دۆزەخداین.. کوا، ئەوە لە کوێن خەڵکی دۆزەخ دەی خێراکەن خۆتان رزگار بکەن.

**مەعلوف:** گوێم لە ترپەی پێیە.

**حەلەزونی:** "تەماشای دوور دەکات" وریابن... وا پۆلیس هات.

**عوسمان:** "دەمی شەلە دەگرێ... هەموو بێ دەنگن.. هەنگاوەکان نزیکتر دەبنەوە.. شەلە پەلە قاژەیەتی" دوو پۆلیس دێنە ژوورەوە، یەکێکیان نیشانەی چاوەشی بە شانەوەیە".

**چاوش:** ئەم هەرایە چییە!

**پۆلیس:** شەڕە؟

**چاوش:** بو وا گرتووتە...؟ بەری بدە.

**عوسمان:** برادەرمە.

**حەلەزونی:** برادەری هەموومانە... ئێمە دۆستی یەکترین.

**ئیبراهیم:** راستە, ئێمە برادەرین. بەڵام "ئیشارەت بۆ شەلە دەکات" ئەم تۆزێ ماندووە. "شەلەش هەر پەلە قاژەیەتی".

**چاوش:** پێم وتیت بەرەڵڵای بکە، تێ ناگەی؟

**شەلە:** لە دەست برادەرەکەی بەر دەبێ و هاوار دەکات پاشا دزە، پاشا لۆتییە.

**چاوش:** "ئەوە نهێنییەکانی وڵات ئاشکرا دەکات.

**مەعلوف:** گوێ لە قسەکانی مەگەرە جەنابی چاوش.

**رەجەب:** ئاسایی نییە... خۆت ئەمە دەزانی.

**پۆلیس:** هەی قوڕی بەسەر... قسەی وا بە پاشام دەڵێ

**حەلەزونی:** لە دەمی دەرچوو.

**عوسمان:** ئێمەش، نهێنییەکە دەپارێزین.

**چاوش:** "بە زەردە خەنەوە" وەڵڵا هەلێکی باشە... پۆلیس، بیگرە

**برادەران:** "بە پاڕانەوە" جەنابی چاوش؟

**چاوش:** بیگرە.

**برادەران:** تکات لێ دەکەین؟

**چاوش:** بیگرە.

**شەلە:** "هاواری کردەوە" پاشا خوێن ڕێژە، دڕندەیە، دزە، لۆتییە.

**چاوش:** "بە تووڕەییەوە" پێم وتیت: بیگرە، ئەوە تێ ناگەی؟

**پۆلیس:** "لە شەلە نزیك دەبێتەوەو ئەگرێ بە قۆڵیا"

**شەلە:** بەردە.. ئەمە کێیە یاریم لەگەڵ دەکات؟ کە شەختە دەمان بەستێ گاڵتە دادمان نادات... بەرمدەن...

**پۆلیس:** بێ دەنگ بە.. "زیاتر هێز دەداتە خۆی".

**شەلە:** پێتان دەڵێم: گاڵتە ناکەم.. ئەی سەگە بەرەڵڵاکان. "پەلەقاژە دەکات".

**پۆلیس:** "ئەدا بە تەوقی سەریا" بێ دەنگ بە خوێڕی.

**برادەران:** "ناوبژی دەکەن، تکات لێ دەکەین کاکەی پۆلیس... ئاگای لە خۆی نییە.

**چاوش:** ئێوە دوور بکەونەوە.. پێم وتن دوور بکەونەوە.. تێ ناگەن "چاوشەکە دێتە پێشەوە کە یارمەتی پۆلیسەکە بدات بۆ ئەوەی شەلە کەلەپچە بکەن. بەڵام شەلە بە هەموو توانایەوە بەرگری دەکات"

**شەلە:** بەرمدەن... ئەی سەگە بەرەڵڵاکان... شارەکەمان بۆگەن بووە.

**چاوش:** "شەلە ئەدا بە ئەرزا، پۆلیس تێی هەڵدەدا. کەچی برادەران بە بێ دەنگی وەستاون".

**شەلە:** "زیاتر بەرگری دەکا، هێشتا هەر هاوار دەکا" پاشا دڕندەیە... دزە.. پاشا لۆتییە "هێزی لێ دەبڕێ.. تەسلیم دەبێ... بە چپە" ئەی سەگە خوێڕییەکان، شارەکەمان بۆگەن

بووە، شارەکەمان بۆگەن بووە "بێ دەنگی... تەماشا کردن.. چاوش و پۆلیسەکە ئارەقەی دەموچاویان دەسڕن"

**چاوش:** "ئاوڕ لە برادەران دەداتەوە" دەی.. بڕۆن... بڕۆن.. تێناگەن؟ "هاواریان لێ دەکات" هەچ کەس بەرێی خۆیدا بڕوات، خڕبوونەوە یاساغە.. دەی چۆڵی بکەن... ئەمە ئەمرە.. "برادەران بە هەنگاوی وردی خەمناکەوە دەر دەچن".

**چاوش:** سبەی... خەتێکی تر دەخەمە سەر باسکم "دا دەنەوێتەوەو بە یارمەتی پۆلیسەکە شەلە پەلکێش دەکات..."

تاریکی.

## ڕووداوی سێهەم:

**دیمەن:**

"هەمان شوێنی پێشووە، هەمان کەلوپەلی پێشووە، وێنەی زیاد پاشا، ئاڕمی وڵات، نووسینێ کە بگونجێ لەگەڵ ئەو پایەیە. ڕەجەب، عوسمان، ئیبراهیم، مەعلوف، ساتێکی شڵەژاوە".

**مەعلوف:** بیری دەکەم

**ئیبراهیم:** ئەوە ساڵێکی تەواوە ونە

**ڕەجەب:** وێنەکەی هەر لەبەر چاومە.

**مەعلوف:** بەهرەیەکی دەگمەن بوو

**ڕەجەب:** لەبار بوو کە ببێ بە مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست

**مەعلوف:** بەڵام مەرگ... بواری نەدا

**ئیبراهیم:** لە سێدارەدانی، ڕووداوێکی سامناک بوو

**ڕەجەب:** کەس بۆی نەگریا

**مەعلوف:** وەکو ئەوەی فرمێسکی خەڵکی لە پشتی چاودا ون بووبن

**ڕەجەب:** پاشا کە سەرە خل بووەکەی دیت، بە کوڵ پێ دەکەنی

**مەعلوف:** بۆ شەوی دوایی چاوش لە مەدالیای شەرەف وەرگرت

**ئیبراهیم:** لە گامیەکی سەیرم لە چاوەکانی چاوشدا بەدی کرد

**مەعلوف:** بەڵام من بە پێچەوانەوە... وام دەزانی بەزەیی پیایا دێتەوە

**ڕەجەب:** تۆ زمانی سەرو سیما نازانی

**ئیبراهیم:** ڕاست دەکات

**مەعلوف:** باشە ئێمە بۆ هیچ شتێکمان نەکرد؟

**ئیبراهیم:** چیمان بکردایە؟

**ڕەجەب:** دەمانتوانی هەندێ شت بکەین... نەمان هێشتایە بەو جۆرە تێی هەڵدەین.

**عوسمان:** "گە دوور دانیشتووە" دەی... لە بیری خۆتانی بەرنەوە. دەمانەوێ یاری بکەین.

**مەعلوف:** دەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین لەبەردەم ئەم رووداوەدا.

**عوسمان:** جارێ تۆ پرسیار لە خۆت بکە... بۆ هیچت نەکرد...؟

**مەعلوف:** هەر خۆم... بە تەنیا...؟

**عوسمان:** ئەی بۆ نا؟

**رەجەب:** ئەمە غەڵەتە.

**مەعلوف:** ئێمە ترسنۆکین.

**ئیبراهیم:** وا مەڵێ.

**رەجەب:** "پشتگیری دەکا" راست دەکا.

**عوسمان:** وا مەڵێن.

**ئیبراهیم:** بە هەر حاڵ... لە بیری خۆتانی بەرنەوە.. ساڵێکی تەواوی بەسەرا رۆیشتووە.

**رەجەب:** وایە.. کاتی موحاکەمەکە دوا کەوت.

**عوسمان:** بەڵام نامەوێ گوێم لە ئیهانە بێت.

**مەعلوف:** تۆ لە دەریای ئیهانەدا مەلە دەکەی.

**عوسمان:** دەمت بگرە.

**مەعلوف:** تۆ سواڵکەرێکی.. ئیتر ئەم هاتووهاوارەت لەچییە؟

**عوسمان:** "هەڵ دەکوتێتە سەر برادەرەکەی" بێ دەنگ بە... ئەگینا سەرت دەشکێنم.

"ئەوانی دی دەکەونە بەینەوە"

**ئیبراهیم:** بەسە جەماعەت

**رەجەب:** نامانەوێ ئەمڕۆ وەها بڕوات.

**ئیبراهیم:** دەی ئاشت بنەوەو هەموو شتێك لە بیر بکەن.

**عوسمان:** بەڵام ئیهانەی کردم.

**رەجەب:** خۆت مەکە بە خاوەنی.... بیری خۆتی بەرەوە برام.

**ئیبراهیم:** تورە مەبە عوسمان... من خۆم ئیهانە دەکەم. تۆش و ئێمەش هەموو هەر سواڵکەرین، رزقیش بە دەست خوایە.

**رەجەب:** بەڵێ، هەر بۆیەش برادەری یەکین.

**عوسمان:** قەیناکات... دەت بورم.

**مەعلوف:** "باوەش بە عوسماندا دەکا" ئەی قازی بەڕێز "مەعلوف دەم دەنێ بە گوێی عوسمان و دەنگێکی ناخۆش دەردەبڕێ... حەلەزونی دێتە ژوورەوە، خەمێکی قووڵ لە سیمایدا بەدی دەکرێ بە تەمەڵییەوە لە برادەرەکانی نزیك دەبێتەوە...".

**مەعلوف:** "بە حەلەزونی" ها... حوکمەکەت بیست؟

**حەلەزونی:** بە گاڵتەتە؟

**عوسمان:** بەرەڵلایان کرد؟

**حەلەزونی**: بەندی ئەبەدیان کرد.

**رەجەب**: ئەبەدی؟ "قاقای پێکەنین" نوکتەی سەردەمە

**حەلەزونی**: ئەوە گاڵتە دەکەی؟

**مەعلوف**: تکات لێ دەکەم رێزی زروف پیاوەکە بگرە.

**رەجەب**: "هەر پێ دەکەنێ" ئەبەدی. خەڵکی گەشبینن ها.

**ئیبراهیم**: بەڵام... بۆ پێ دەکەنێ؟

**رەجەب**: "بە حەلەزونی" خەم مەخۆ حەلەزونی... ئەم دەسگایە هەتا ئەبەد نامێنێ.

**ئیبراهیم**: راست دەکات.

**خەلەزونی**: بە هەر حاڵ... هەواڵەکە قورسە.

**عوسمان**: کوڕە سبەی حکومەتێکی تر دێ و هەموو شتێك دەگۆڕێ.

**مەعلوف**: کوڕەکەشت بەر دەبێ.

**حەلەزونی**: کوڕەکەم بەر دەبێ؟

**ئیبراهیم**: کوڕی خەڵکی تر دەگیرێن.

**عوسمان**: هەموو سەردەمێ پیاوی خۆی هەیە.

**حەلەزونی**: "بە نیگەرانی" وازمان لێ بێنن. با بێینەوە سەر ژیانی خۆمان، سەر فشقیاتەکەمان.

**مەعلوف**: یاری بکەین...؟ بەم رۆژە رەشە؟

**ئیبراهیم**: من ئەم هەواڵە پەستی کردووم.

**مەعلوف**: راستەکات... با ئەمرۆ یاری نەکەین.

**حەلەزونی**: "بەسەر سوڕمانەوە" یاری نەکەین؟ بۆ؟

**مەعلوف**: پێم وایە زروف لەبار نییە.

**حەلەزونی**: لەبار نییە؟ بۆ؟

**ئیبراهیم**: وا دەی بینی.

**حەلەزونی**: من هیچ شتێ نابینم.

**رەجەب**: "بە خەمەوە" دەزانین تۆ دەتەوێ موجامەلەمان بکەیت. بەڵام یاری ناکەین....و بڕایەوە.

**حەلەزونی**: "هەوڵ دەدا تورەیی خۆی بشارێتەوە" یەعنی چی...؟

**رەجەب**: ئارەزوومان لێی نییە.

**حەلەزونی**: ئارەزوو؟ سەیرە.

**عوسمان**: رەنگە وابێ.

**حەلەزونی**: باشە ئێمە کەی بە پێی ئارەزوو مارەزوو یاریمان کردووە؟ کەی ئارەزوومان بووە؟ بیرتان چووە کە ئارەزوومان هەر نییە؟ ئەی بیرتان چووەوە کە ئێمە بە درێژایی ئەم ساڵانە بە بێ ئارەزوو یاریمان کردووە.

**مەعلوف:** نا... بیرمان نەچووە.

**حەلەزونی:** "بە تورەییەوە" کەواتە؟

**ئیبراهیم:** تەحقیقێکی بێ سەروبەرە.

**حەلەزونی:** ئەو رۆژەتان بیر چووەوە کە شەلەی برادەرمان لە سێدارە درا؟

**مەعلوف:** "بەداخەوە" رۆژێکی رەش بوو.

**حەلەزونی:** بەلام دەرویەکی باشی لێ بووەە.

**رەجەب:** زۆرمان خەفەت بۆی خوارد.

**حەلەزونی:** چەند چرکەیەك... تەنیا چەند چرکەیەك بوو بەس. هەورەکە رەوییەوە. وەکو ئەوەی خەم هەوری هاوین بێ.

**رەجەب:** نەخێر.. تا ئێستاش خەم دای گرتووین.

**حەلەزونی:** سەرەڕای ئەوەش، هەر لەو کاتەدا کە جەلاد، خوێنی برادەرەکەمانی لەسەر شیرەکەی دەسڕی، دەستمان کردەوە بە یاری... ئەی بیرتان چووەوە؟

**عوسمان:** ئەوە تۆ قەرزار بارمان دەکەیت؟

**حەلەزونی:** من... بیرتان دەخەمەوە... پرسیاری واتای ئارەزووتان لێ دەکەم.

**مەعلوف:** ئاخر وەزەعەکە تۆزێك گۆڕاوە.

**حەلەزونی:** چ شتێ تازەیە؟ کوشتن؟ تازە نییە، خۆ کوشتن، هەموو رۆژێك ئیستگەو رۆژنامەکان باسی دەکەن، بەند کردن؟ دوور خستنەوە؟ ماڵ نییە یەکێکی دەربەدەر یان بەند نەبێ... لەگەڵ ئەوەشا یاریمان هەر کردووە.. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەست بە ژانی خەڵکی ناکەین؟ ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێمە خەم ناخۆین... تا راستەوخۆ روو نەکاتە ماڵەکانی خۆمان؟

**رەجەب:** تۆ سەری خۆت ئەم شاتە شاتەمان بەسەردا مەکە، بەزەییت پێماندا بێتەوە.

**حەلەزونی:** "بە شڵەژاوی" چۆنم بەزەیی پێتانا بێتەوە؟ کەچی خۆتان لە شتێ بێ بەشم دەکەن کە خوم پێوە گرتووە؟ رەنگە ئێوە نەزانن تامی ئەم یارییە تێکەڵ بە خوێنم بووە... تلیاکە... ئەفیونە بۆ من... تاقە شیرێکە کە کاتی دەست بە تاڵیم سەردەبڕێ... بەڵێ یاریم لەگەڵ دەکەن... دەی وا بڵێن.

**عوسمان** کاکە تۆ شتەکە بێ تام دەکەی.

**حەلەزونی:** یاری دەکەی... لەگەڵ ژانەکانما جێم مەهێڵن... ژیانم داستانی هەزار کارەساتە، ژیانم بووە بە گرکان... هەر کە جێم بهێڵن بڵێسەی ئاگر دەمسوتێنێ... ژیانم سەراپا تارماییە برادەران، ژیانی ئێوەش هەر وایە... هەست بەو تارماییانە ناکەن؟ بەڵێ.. تارمایی... تارمایی، جوونێك دێن و جونێ دەرۆن، جۆنێ دەمان بڕژێنێ و جۆنێ دەمانخوات، جونێ لاشەکانمان خڕ دەکاتەوەو جونێ بڵاوی دەکاتەوە، جونێ ملمان دەقرتێنێ و جونێ پێ دەکەنێ "هەرەس دێنێ" وای.... لەم رۆژە رەشە.

**رەجەب:** کاکە... ئێمە لەبەر تۆ یاری ناکەین.

**حەلەزونی**: لەبەر من؟

**رەجەب**: بەڵێ... لەبەر خاتری کوڕەکەت

**حەلەزونی**: لەبەر کوڕەکەم؟ کوڕەکەی من نە یەکەم گوڵو نەدوا گوڵی هەڵوەریوی زیندانەکانی پاشایە.

**مەعلوف**: ئێستاش وەختێ پرسەیە.

**حەلەزونی**: برادەرینە، خەڵکی کاتێ پرسە دەگرن، مەرگ شتێکی کوتو پڕ بێ، مەرگ رێبواریێ بێ... بەڵام کە مەرگ بە حوکمی دەستووری لە هەموو مەیدانێکدا، لە هەموو شەقامێکدا دەمی هاری بۆ... نێچیر کردبێتەوە، ئەوسا وشەکە دەسوێ و لە فەرهەنگا جێی نامێنێ، خەمیش مەبەستە پیرۆزەکەی لە دەست دەدات.

**عوسمان**: راستە... سواش.

**حەلەزونی**: کەواتە... با یاری بکەین... با بخوێنەوە.

**رەجەب**: بەڕاستی ... من توانای یاری کردنم نییە.

**حەلەزونی**: براینە. کە کارەسات زۆر بوو، خەم داد نادات.

**رەجەب**: ئێمە دەمێکە یاری دەکەین، کاتی دەست بە تاڵی دەکوژین، ئەویش ئێمە دەکوژێت، بەڵام ئێستا پێویستمان بە تۆزێ پشوو هەیە.

**عوسمان**: زۆر راستە.

**حەلەزونی**: پشوو؟ باشە کێ دەتوانێ پشوو بدات، لە کاتێکدا پاشا دەستی خستۆتە بینی؟ شار سەراپا تووشی تەنگە نەفەسی بووە. ئەی لە بیرتان چووەوە؟

**رەجەب**: بەڕاستی ئەمڕۆ قسەکانت دەمان تەزێنێ... راستە ئێمە بووین بە نێچیر... بەڵام.

**عوسمان**: "بۆی تەواو دەکا" بەڵام پێویست ناکا بەم شێوەیە پێستی خۆمان بگروین.

**حەلەزونی**: بەڵێ.. منیش ئەم رایەم بە دڵە... پێویست بەم هەموو شتە ناکات... ئێمە خۆمان دەناسین.. پێویستمان بە ئاوێنە نییە خۆمانی تیا ببینین... هەموو وەختێ پێم دەووتن: پێویست ناکا دەست بەرداری یاری بین بۆ ئەوەی هەستین، ئەمجار بنووین... ئەوسا بمرین.

**ئیبراهیم**: ئەمە باشترین شتە بۆ من.

**مەعلوف**: دەی... چەنە بازی بەسە، با بیینەوە سەر ژیانەکەی خۆمان.

**حەلەزونی**: باوەڕ بکەن، ئەمە باشترین چارەیە.

**ئیبراهیم**: هەر وایە "پێ دەکەنن، وەکو بەمە جارێ گەڕانەوە بۆ ژیانە تایبەتییەکەیان بدەن... گوێمان لە دەنگی ئافرەت دەبێ" سێو... شەکرە سێو.

**مەعلوف**: چی... بەم نیوەشەوەو ئافرەت!

**ئیبراهیم**: ئەم شتە ئیشتیا دەکاتەوە.

**حەلەزونی**: "واقی وڕماوە" خۆیەتی... خۆیەتی.

**رەجەب**: کێ؟

**حەلەزونی:** ئەو سێو فرۆشەی بۆی دەگەڕام.

**عوسمان:** ئێ چوزانی خۆیەتی؟

**حەلەزونی:** دڵم وا دەڵێ... دەش بینی. "سێو فرۆشەکە دێتە ژوورەوە، عارەبانەکەی رادەکێشێ، ئافرەتێکی ئەسمەرە، جلو بەرگێکی شڕەی لەبەردایە".

**سێوفرۆش:** سێو... شەکرەسێو.

**مەعلوف:** تۆ... تۆ.. سێو.

**س/فرۆش:** "دەوەستێ" بەڵێ. "بەرەو رووی دەچن.. لە دەوری عارەبانەکەی کۆ دەبنەوە، بەڵام حەلەزونی دوورتر دەوەستێ و نیگای دەبڕێتە سێوفرۆشەکە.

**ئیبراهیم:** بوەستە.. دەمانەوێ تۆزێ سێو بکڕین.

**سێوفرۆش:** فەرموون. ئەم سێوە –هەر چەند بچووکە– بەڵام لە سێوی بێگانە باشترە.

**مەعلوف:** "سێوەکان ئەم دیوو ئەو دیو دەکات" تۆ سێوفرۆشەکەی؟

**سێوفرۆش:** وا دەبینی.

**عوسمان:** مەخابن... دەبوایە نمایشکاری جلوبەرگ بوایەی. "پێ دەکەنن".

**ئیبراهیم:** یان ئەکتەری سەر شانۆ بوایەی.

**سێوفرۆش:** "زەردە دەیگرێ" قەی چیێکا... ئەمە بەختمە "نیگای تێکەڵ بە نیگای حەلەزونی دەبێ" ئەوە بۆ نایەی سێوێ بکڕی.. باشتر نییە لەوەی وا سەیرم بکەیت؟

**مەعلوف:** دڵبەندی تۆیە... "پێ دەکەنن"

**عوسمان:** وریا بە ... ئافرەت بازێکی کۆنە.

**سێوفرۆش:** خوا دەست بە باڵیەوە بگرێ.

**برادەران:** ئامین.

**سێوفرۆش:** دەی... ئەگەر ناکڕن ڕێم بدەن با بڕۆم.

**حەلەزونی:** "لێی نزیك دەبێتەوە" کەواتە سێو دەفرۆشی؟

**سێوفرۆش:** پێم وایە... ئەی تۆ بیرت لەم قسەیە دەکردەوە؟ "پێ دەکەنن".

**حەلەزونی:** کەواتە (5) سێومان بەرێ.

**سێوفرۆش:** باشە "دەست بە کێشانە دەکات"

**رەجەب:** بەڵام سێوەکانت هێشتا نەگەییون.

**سێوفرۆش:** ببوورە کاکە، سێو ناگا مادام خۆر هەڵ نەیەت.

**رەجەب:** پێم وایە مرۆڤیش.

**سێوفرۆش:** مرۆڤ خۆر دروست دەکات.

**رەجەب:** لەوانەیە نەتوانێ.

**سێوفرۆش:** هەموو کاتێ دەتوانێ.. بەڵام هەندێ جار.. کە گومان لە توانای خۆی پەیدا دەکات.. وا هەست دەکا ناتوانێ.

**حەلەزونی:** "وەکو ژان گرتوو هاوار دەکا" خۆیەتی.. خۆیەتی. "یەخەی سێو فرۆشەکە دەگرێ"... خۆیەتی.

**برادەران:** چی رویداوە؟

**حەلەزونی:** ئەو سێوفرۆشەیەکە بڵاوکراوەکەی دا بە کوڕەکەم.

**برادەران:** ئاه... شتێکی سەیرە.

**سێوفرۆش:** "دەیەوێ خۆی لە دەستی دەربێنێ" ئاقڵ بە کوڕە.

**عوسمان:** باشە چۆنت زانی؟

**حەلەزونی:** بە قسەکانیا.. هەمان قسەن کە لە کوڕەکەم بیست.

**سێوفرۆش:** پێت دەڵێم ئاقڵ بە.

**حەلەزونی:** "هەر هاوار دەکات" ئاقلچی چی بم هەی تاوانبار. کوڕەکەم بە هۆی تۆوە. بەندە... ئاخر چۆن ئاقڵ بم؟

**سێوفرۆش:** "بە دەنگێکی تا ساوەوە" ئەم شێتەم لێ دوور خەنەوە.. ئازارم ئەدا.

**مەعلوف:** وازی لێ بێنە برام.

**ئیبراهیم:** پێویست بەم هەڵچوونە ناکات حەلەزونی.

**حەلەزونی:** هەر ئێستا خەبەری پۆلیس ئەدەم.

**رەجەب:** وازی لێ بێنە... ئافرەتێکی کلۆڵە.

**عوسمان:** باوەڕ ناکەم پێوەندی بە سیاسەتەوە هەبێ.

**حەلەزونی:** "هاواریان لێ دەکا" ئێوە لاچن... خەبەری پۆلیس ئەدەم.

**سێوفرۆش:** "پەلەقاژە دەکا" دەستت لابە بێ ناموس.

**حەلەزونی:** ئێستا پێت نیشان ئەدەم من کێم.. پێت نیشان ئەدەم.. "شەڕ لە نێوان حەلەزونی و سێوفرۆشەکەدا گەرم دەبێ، سێوفرۆش دەنگ هەڵ دەبڕێ، هەندێ وتەی پۆشراو دەر دەبڕێ... ئەوانی دی دێنە ناوبژییانەوە..

".... کۆمەڵە بڵاوکراوەیەك لە باخەڵی سێو فرۆشەکەوە دەکەوێ بۆ ساتێ تاسان باڵ بەسەر هەموویاندا دەکێشێ.. هەندێکیان پەلاماری بڵاوکراوەکان دەدەن"

**حەلەزونی:** "سەرکەوت" خۆ دیتان؟ سێوفرۆش نییە. درۆکا.

**ئیبراهیم:** کەواتە بڵاوکراوە، بڵاو دەکاتەوە.

**رەجەب:** جوانێك سیاسەت بازی دەکا.. بابەتێکی رۆژنامەگەری بەتامە.

**سێوفرۆش:** "بە تەحداوە" بەڵێ... من بڵاوکراوە، بڵاو دەکەمەوە.. چی تیایە؟ "بە حەلەزونی"... فەرموو پۆلیس بانگ بکە.. پێی بڵێ تۆ خاوەنی بڵاوکراوەکان دەناسیت بەڵکو خەڵاتەکەت وەردەگری... سەگ و تولەی پاشا زۆرن، هەموو بە دووی خەڵاتا دەگەڕێن..

خێراکە.. دەی... برۆ.. برۆ.

**حەلەزونی:** من لە خەڵات ناگەڕێم.

**سێوفرۆش**: کەواتە لە چ دەگەڕێی؟ دەبڵێ: لە چ دەگەڕێی؟

**عوسمان**: "دەکەوێتە نێوانیانەوە" گوێ مەدەرێ خوشکە. ئەم برادەرەمان کوڕێکی هەیە، بە هۆی بڵاوکراوەیەکەوە کە پێی گیراوە. ئێستا بەندە.

**حەلەزونی**: "قسەکەی پێ دەبڕێ" منش تۆ تاوانبار دەکەم.

**سێوفرۆش**: کوڕی تۆ کێیە. چۆنە، چۆن دەتوانی جیای بکەیتەوە لە هەزاران کوڕ، کە هەزاران بڵاوکراوەیان لە من وەرگرتووە.

**حەلەزونی**: زۆر چاکە.. وا خۆی دانی پێدا دەنێ.

**سێوفرۆش**: بۆ دەتەوێ ئینکاری بکەم؟ من داوات لێ دەکەم ئەرکی خۆت بەرانبەر بە کۆشك و جەنابی پاشا بەجێ بێنی... برۆ لەبەر پێی دا کڕنۆش بەرە، ئەوجا کوڕەکەت بەر دەدا، بۆ ئەوەی ملی من بپەڕێنێ.. برۆ، چاوەڕوانی چ دەکەی؟

**حەلەزونی**: بەڵێ.. هەقی خۆمە بیکەم.

**سێوفرۆش**: منیش هەقی خۆمە.

**رەجەب**: ئاقڵ بە برا... ئەم لە پێناوی گشت کلۆڵاندا ئەمە دەکات.

**حەلەزونی**: فشەیە.. قسەی بۆشە، ئێوە هیچ تێ ناگەن.. ماسی سەر ئەرزن.. تکاتان لێ دەکەم خۆ لەم کارانە هەڵ مەقورتێنن.

**عوسمان**: ئەو چ دەڵێی حەلەزونی؟

**حەلەزونی**: "تورەیە" وازم لێ بێنن... پێویست نییە تێم بگەی.

**رەجەب**: ئەی تۆ تۆزێ لەمە پێش لۆمەت دەکردین کە خەمی کوڕەکەتمان بوو.

**حەلەزونی**: میسالیەت هەڵویستێکی تیژ تێپەڕە.

**رەجەب**: مەبەست ئەوەیە کە ئەمە جەوهەرتە؟

**حەلەزونی**: جەوهەری تۆشە، ئەگەر لە شوێنی من بیت "لێی نزیك دەبێتەوە" چی ئەکەی جەنابی شاعیری خەمو پەژارە، ئەگەر کوڕەکەت بمرێو کوت و پڕ کوژەرەکەت چنگ بکەوێ چی دەکەی.

**رەجەب**: بەڵام ئەمە جیایە.

**حەلەزونی**: جیایە؟ جیای چی؟ ئەوا تاوانبارەکە لە بەردەممایەوە خەنجەرەکەی بە دەستەوەیە.

**سێوفرۆش**: باشە بۆ کوڕەکەت بە مردوو دادەنێیت.لە کاتێکا زرك و زیندووە؟

**حەلەزونی**: زرك و زیندووە؟ پیاوێ بچێتە زیندانی پاشاوەو بڵێی "زرك و زیندووە" پیاوێ بە زەبری قامچی شەوو رۆژ بکاتەوەو بڵێی "زرك و زیندووە"؟ ئاه... خۆزگە ئەوە بەشی تۆ بوایە خوشکە!

**سێوفرۆش**: ئەی خۆت.. ژیانی خۆت چییە؟

**حەلەزونی**: تۆ هەقت بە ژیانی منەوە نییە.

**سێوفرۆش**: "بە برادەرەکانی تر" ئەی ئێوە... ژیانی ئێوە؟

**برادەران:** وەکو باخی ئاو لێ بڕاوە.

**سێوفرۆش:** باشە.. بەڵام باخ دەتوانێ ئاونگ هەڵمژێ، باخ ئەگەر بەهار دوا بکەوێ تورە دەبێ‌و شۆڕش دەکات، باشە ئێوەش وان؟

**حەلەزونی:** شۆڕش هەروا گۆترە نییە، پڕوپاگەندەو قسەی رووت نییە.

**سێوفرۆش:** کە هەست دەکەی کارێکی چەکدارە، بەلاتەوە گرنگ نییە چی دەبێ.

**حەلەزونی:** قسەیە.. هەر قسەیە.

**سێوفرۆش:** کاروانی گەلان بە قسەو بە وشە دەست پێ دەکات

**حەلەزونی:** قسە چەکی بێ دەسەڵاتانە.

**سێوفرۆش:** تەنیا بێ دەسەڵات باوەڕیان بە وشە نییە.

**حەلەزونی:** منیش یەکێکم لەوانە: بێ دەسەڵاتم، کلۆڵم، سواڵکەرم، گومڕام... دەمەوێ هەر چۆنێ بووە نانی خۆم بخۆم. ئاخۆ ڕێگام دەدەن؟

**سێوفرۆش:** ئەگەر دەستت بکەوێ.

**حەلەزونی:** "بەوپەڕی دڕندەییەوە" ئەگەر هەر دەستم نەکەوت لە دەمی ئەم و ئەوی دەدزم.

**سێوفرۆش:** لەوانەیە دەمە برسیەکان دەستت بڕنەوە.

**حەلەزونی:** دەتەوێ بڵێی چی؟ ئەگەر پاشات بە دڵ نییە..

**سێوفرۆش:** "قسەکەی پێ دەبڕێ" نا.. نا، نەك تەنها هەر پاشا.

**حەلەزونی:** ئەی..؟

**سێوفرۆش:** مەسەلەکە بەراورد کردنی ئەم پاشا یا ئەو پاشا نییە.

**رەجەب:** چەند حەز دەکەم گفتوگۆیەك دروست بکەین کە خۆمانی تێدا بدۆزینەوە.

**حەلەزونی:** وا منیش چاوەڕوانی وەڵام دەکەم.

**سێوفرۆش:** ئەو زەمانە رۆیی. باوی حیزبە کۆنە پەرستە بلْ بووەکان نەما، ئەم گەجەرو گوجەرانە ناتوانن گوازرشت لە ئامانجەکانمان بکەن... ئەمە وەڵامەکەیە بێ کەم‌و زیاد.

**برادەران:** زۆر راستە...

**حەلەزونی:** هەر یەکێکمان لە پەنجەرەی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەم قۆناغە.

**سێوفرۆش:** ئەی ئەوەی پەنجەرەی نەبێ؟

**حەلەزونی:** هەر یەکێکمان لە ناخیا مەسەلەیەکی هەڵ گرتووە، ئەوەش پەنجەرەی تایبەتیمانە.

**سێوفرۆش:** کەواتە... پەنجەرەکەتم پێ نیشان بدە.

**حەلەزونی:** کوڕەکەم پەنجەرەی تایبەتی منە.

**سێوفرۆش:** چاکە... ئەی پەنجەرەی برادەرەکانت.

**برادەران:** بە هیچ جۆرێ... پەنجەرەمان نییە.

**حەلەزونی:** کەس بێ پەنجەرە نییە. تۆ... بۆ وێنە بازرگانییەکەت پەنجەرەتەو لەبەر روناکی ئەو شتەکان هەڵ دەسەنگێنی.


www.pertwk.com

**سێوفرۆش:** بازرگانیەکەم...؟ مەبەستت لەم عارەبانەیەیە؟

**حەلەزونی:** بەڵێ.. ئەم عارەبانەیە، کە نرخی بازاڕت بەدڵ نەبێ ڕژێمیشت بە دڵ نابێ.

**سێوفرۆش:** شتێکی سەیرە.

**حەلەزونی:** ئەگەر پرسیارێکت لێ بکەم بەڕاستی وەڵام دەدەیەوە؟

**سێوفرۆش:** دڵنیابە.

**حەلەزونی:** ئەم سێوە دەچێتە هەموو ماڵێکەوە؟ هەموو دەستێ دەیگاتێ تا بەشی خۆی بەرێ؟

**سێوفرۆش:** ئەگەر مەسەلە حەز بێ ئەوا هیچ بیانوویەکمان نابێ بۆ شۆڕش..؟

**حەلەزونی:** کەواتە ئێوە گەل برسی دەکەن بۆ وەی ڕژێم بگۆڕن.؟

**سێوفرۆش:** بۆ ئەوەی ئەم سێوە بگاتە هەموو ماڵێك پێویستە ڕژێمێکی رامیاریو کۆمەڵایەتی وەها دروست بکرێ کە ئەمە دابین بکات.. ئێمە پێویستە ئەم حیزبە گەندەڵانە لەناو بەرینو جێگری راستەقینەو شەرعی بدۆزینەوە.

**حەلەزونی:** "کوتو پڕ، پەشێوی دەیگرێتەوە" نامەوێ گوێم لەم قسانە بێ... نا.. لەم قسانە پاشەڕۆژی کوڕەکەمیان فەوتاند.

**ڕەجەب:** "لە هاوڕێکەی پەست بوو" کوڕ، کوڕەکەت بە جەهەنم حا.

**حەلەزونی:** "رادەپەڕێ، دەمت داخە هەی سەگی پیس.

**مەعلوف:** بۆ کوڕەکەی تۆ لە خەڵکەکەی تر زیاترە؟

**حەلەزونی:** بەلانی کەمەوە لە تۆ زیاترە.

**عوسمان:** وامان لێ دەکەی ڕێزی هەڵوێستی کوڕەکەشت نەگرین.

**حەلەزونی:** "هەست بە روخان دەکات"... ئەم ئافرەتە وای لێ کردن دژم بوەستن؟

**سێوفرۆش:** ئەوان جێگای خۆیان دەگرن.

**حەلەزونی:** "پڕی دەداتێ" تۆش.. تۆش جێی خۆت دەگری...

"قۆڵی دەگرێ" وەرە ئێرە.. بە دەستی خۆم دەت بەم بۆ بەندیخانە.

**عوسمان:** واز لە ئافرەتەکە بێنە.

**مەعلوف:** لە تۆسەربەرزترە.

**ڕەجەب:** راستە.

**ئیبراهیم:** تەماشەکەن" گڵۆ زێڕ.

**حەلەزونی:** ئێستا بە دڵتانە...؟

**ڕەجەب:** راستیمان لەوا ناسی.

**حەلەزونی:** راستی من لە کوڕەکەمدایە.. و هیچ راستییەکی تر ناناسم.

**عوسمان:** "لێی نزیك دەبێتەوە" باشە.. ئێستا وازی لێ بێنە.

**حەلەزونی:** وازی لێ ناهێنم... دەیبەم بۆ بەندیخانە، ئەم بڵاوکراوانەشیان نیشان دەدەم ئەمجار دەبێ ئێمە کۆڵی ئیشەکانی هەڵ بگرین.

**مەعلوف:** ئێمە رازی نابین.

**حەلەزونی:** رازی بوونی ئێوەم بەلاوە گرنگ نییە.

**عوسمان:** لەسەری دەکەینەوە.

**حەلەزونی:** ئێوە گەلە کۆمەم لێ دەکەن. پیلانم بۆ دەنێنەوە.

**سێوفرۆش:** تۆش پیلان بۆ کوڕەکەت دەنەیتەوە.

**حەلەزونی:** "پەلاماری دەدا" هەرا هەرا.. هەرا هەرا. "برادەران دووری دەخەنەوە". سەگینە، لەبەر خاتری ئافرەتێکی سۆزانی پشتم تێ دەکەن؟ "هەڕەشەی لێ دەکەن" مەلێ سۆزانی.. ئەگینا... "بێ دەنگی".

**حەلەزونی:** باشە.. باشە... بەرگریشی لێ دەکەن... خۆتان دەبیننەوە.. دەزانین دەرگای بەندیخانە لەسەر کێ داخراوە... "را دەکات بۆ بەرزاییەك‌و پڕ بەدەم هاوار دەکات" هۆی خەڵکینە... خەڵکی شار، پۆلیس... وەرن، ئەمە ئەو ئافرەتەیە کە بڵاوکراوە نهێنییەکان بڵاو دەکاتەوە کە بووەتە مایەی کلۆڵیتان. "هەندێ کەس کۆ دەبنەوە" ئا ئەوە ئەو بڵاوکراوانەیە کە بە هەزاران گەنجی بە فەتارەت دا، ئا ئەوە ئەو بڵاوکراوانەیە کە پاشای تووڕە کردو قەسابخانەی بۆ رۆڵەکانتان دانا.

"چۆن دێتە دەستییەوە بڵاوکراوە بەسەر خەڵکیدا بڵاودەکاتەوە"

ئەم بڵاوکراوە نەفرەتیانە بخوێننەوە.. باش تەماشای ئەم وشانە بکەن، یەك یەك پیتەکانی بژمێرن، لە ماناکەی ورد ببنەوە. "بڵاوکراوەکانی تر بە ئاسمانا هەڵ دەدات، زۆر شڵەژاوە..." بەڕێزینە.. "لاسایی گەورە پیاوان دەکاتەوە" بەڕێزینە، ئەم ئافرەتە قژنە بێ ویژدانە بێ ئابڕووە، کە ئەم کارەی کردووە.. ئەم کارەی ئاژاوەو نیگەرانی خستە شارەکەمانەوەو رێگای بۆ پۆلیس خۆش کرد کە ماڵەکان بپشکنن "دەکۆکێ"و رۆڵەکانت وەکو مەڕ بدەنە پێش.

**یەکێکیان:** بەڵکو وەکو گای حاویج.

**حەلەزونی:** بەڕێزینە... دادوەری وا پێویست دەکا ئەم ئافرەتە لەم مەیدانەدا وەکو مانگا سەر ببڕدرێ. دڵنیام ئەگەر لە خوێندنەوەی بڵاوکراوەکان ببنەوە ئێوەش هەمان رای منتان دەبێ. "هەندێکیان بڵاوکراوەکان دەخوێننەوە".

1- ئەوە دژی پاشایە.

2- وشەکان دەڵێی خەنجەرن

3- بڵاوکراوەی قوڕن.

**حەلەزونی:** بەڵێ بەڕێزینە، وا خۆتان حوکم دەدەن "دەکۆکێ" خۆتان بە چاوی خۆتان دەیبینن. "ورتە ورت دەست پێ دەکاتەوە"

4- ئافرەتێکی مەلعونە.

5- سزای تاوانەکەی لە رووی یاساوە خنکاندنی یەکجارییە.

6- بیدەنە دەست پۆلیسەوە.



www.pertwk.com

**حەلەزونی**: بەڵێ... پێویستە بیبەن بۆ بەندیخانە.
"چەند دەنگێك پشتگیری حەلەزونی دەکەن"
**مەعلوف**: "بە هەڕەشەوە" رازی نابم کەس لێی نزیك بێتەوە.
**برادەران**: بەڵێ، لەسەری دەکەینەوە.
**حەلەزونی**: ئەوانە تاوانبارن... قومار بە ژیانتان دەکەن.
**سێوفرۆش**: سەردەکەوێتە سەر بەرزاییەکە" راوەستن... برادەرینە "هەندێ دەنگ نایانەوێ گوێ بگرن"
خەڵکینە... براینە.. لەسەر من شەڕ مەکەن، من دان بە تاوانەکەما دەنێم، بەڵام توخوا ئەمە تاوانە...؟ ئەوە دێنێ ئێوە لەسەری سزام بدەن؟
**حەلەزونی**: بەڵێ... بەڵێ...
چەند دەنگێك: بەڵێ.. بەڵێ..
**سێوفرۆش**: چاکە... وام زانی تەنیا مستەحەقی سزای پاشام... چونکە ئەم بڵاوکراوانە هەڵ رشتنی قین و تورەییمانە، هەڵگری بیروباوەڕمانە، بەڵێ بیروباوەڕی گشتمان لێرەدا نووسراوە.. لەسەر ئەم کاغەزە. "چەند دەنگێکی جیاواز"
1- لەگەڵتا نین...
2- با بژی زیاد پاشا.
3- خواو نیشتمان و پاشای مەزنم.
4- "بە برادەرەکەی، چۆن وا دەڵێی؟
5- وس بە... سیخوڕەکان لەم ناوەن.
**سێوفرۆش**: براینە... بەهۆی ئەم بڵاوکراوانەوە خۆم خستە مەترسی سێدارەوە.. ئەمە (5) ساڵە من چاپیان دەکەم و بڵاویان دەکەمەوە. لە ماوەی ئەم (5) ساڵەدا سێ پاشامان دیوە، خەڵکی وڵات لە شەڕو ئاژاوەدان، دراوسێ دراوسێ تالان دەکەن، کوڕ باوك دەکوژێ، دڵدار دڵخواز دەکوژێت. برادەرینە کە من ئەم کارە دەکەم لەسەر بڕیاری رێکخراوێکی پێشڕەوە کە هەموو لایەنێکی ژیانی رەچاو کردوون و بڕیاری داوە بجەنگێت دژی ئەم حیزبە بۆگەنانەی کە حوکم دەکەن نەك خزمەت.
**حەلەزونی**: "بەردەوام لاسایی گەورە پیاوان دەکاتەوە" من گوێ بە قسەکانی تاوانبار نادەم... پاشایان هەموویان حوکم دەکەن نەك خزمەت.
چەند دەنگێك: بەڵێ.. راستە.
**سێوفرۆش**: برادەرینە... من دەزانم شریخەی قامچی فێری سەرکزکردنی کردوون، بەڵام دڵنیابن لەوەی کە قامچی بە دەستە لەرزۆکەکانەوەیە، دڵنیا بن پاچ تە نیا بەر شوێنی لاواز دەکەوێ. لاوازیش تەنیا لە دەرونە نەخۆشەکاندایە، ئەو دەرونانەی کە ناتوانن مێژوو دروست بکەن، بەڵام ئێوە دەتوانن مێژوو دروست بکەن.. دەتوانن ئەم بتانە بشکێنن.
"دەنگەکان هێور بوونەوە".

**حەلەزونی**: درۆتان لەگەڵ دەکات... ئێوە لاوازن. ئەوەی بە پێچەوانەی ئارەزووی پاشا بجوڵێتەوە سەری دەبێت بە شا باشی دەستی جەلادەکان... ئەوە راستییەکەیەتی.
**سێوفرۆش**: گوێتان لەم شێتە نەبێ... تەماشای پشتی کۆشکەکەی پاشا بکەن، هەق و نا هەقتان بۆ دەردەکەوێ، باش بیر بکەنەوە، بیر لە بوونی خۆتان بکەنەوە، سەربەستی و کۆیلایەتیتان بۆ دەردەکەوێ... ئەم بتانە بشکێنن، ئەم بۆکە شوشانە داگرن، ئەوجا تامی ژیان دەناسن، هەموو مرۆیەك ئەقڵی هەیە، ئەم ئەقڵەش دەتوانێ بیر بکاتەوە ئەگەر بواری بدرێ.
**حەلەزونی**: خەڵکینە نان پێویست تر نییە پێش ئەوەی بیر بکەنەوە؟
چەند دەنگێك: بەڵێ.. بەڵێ.
**سێوفرۆش**: ئەی ئەوەی نانی دەست نەکەوێ؟
چەند دەنگێ: ئەی دزن.. ئەی دزن.
**سێوفرۆش**: ئەی ئەوەی نەتوانێ دزی بکات؟
چەند دەنگێ: دەمرێ... دەمرێ.
**سێوفرۆش**: ئەی ئەوەی نەیەوێ بمرێ
**چەند دەنگێ**: بە دووی ناندا دەگەڕێ.
**سێوفرۆش**: ئەی ئەوەی دەستی نەکەوێ
**چەند دەنگێ**: ئەی دزێ.. ئەی دزێ.
**سێوفرۆش**: کەواتە.. پێویستە لەسەرتان پاشا بدزن.. نانەکەی تازەیەو ماڵەکەی پڕە.
**حەلەزونی**: بەڵام دەرگاکانی داخراون، سەگەکانی هارن.
**سێوفرۆش**: دەرگاکان بشکێنن، سەگەکان لە ترسا هەڵدێن. "لە دوورەوە دەنگی جاڕچی دێت".
دەنگی جاڕچی: بۆ هەموو خەڵکی شار... بۆ هەموو خەڵکی شار... گوێتان لەم بەیانە بێ. "دووبارەی دەکاتەوە".
"بێ دەنگی... چاوەڕوانی.. هەنگاوی شەکەت."
جاڕچی: "دێتە ژوورەوە" بۆ هەموو خەڵکی شار... گوێ لەم بەیانە بگرن: ئەوا زیاد پاشاو دارو دەستەکەی روخان. زێدان پاشا هاتە جێی و سبەی سەعات "10"ی بەیانی لە بەردەم کۆشکدا ئاهەنگ دەگێڕدرێ و ئەوانی تریش ئاگادار بکەنەوە. "ون دەبێ..." "بۆ ماوەیەك هەموو لە جووڵە دەکەون، لە جێی خۆیان دەوەستن.. ئەبڵەقبوون بە سیمایانەوە دەر دەکەوێ...".
**سێوفرۆش**: "بە هاوارێکی توند دڕ بەبێ دەنگییەکە دەدا" نا.
دەنگتان بخەنە پاڵ دەنگی من. پاشاتان نەوێ.. ئەم گاڵتەبازییەتان نەوێ.
ئەمە بەردەوام بوونێکی ناڕەوایە.. شارەکەمان وا گیان ئەدا خەڵکینە... لەگەڵ مندا بڵێن: نامانەوێ... پاشامان ناوێ... مەرگی تازەمان ناوێ... ناوێ. "بێ دەنگی بەردەوامە... نیگا


www.pertwk.com

ئەبڵەقە وەکو ئەوەی خەونێ بتارێنێ. سێوفرۆشەکە دادەبەزێو بەناو خەڵکەکەدا دەگەڕێ" بجولێن برایینە بجولێن. وەخت دێر دەبێ.

پاشا مەتەرێزەکانی دادەمەزرێنێ... پێویستە زوو بڕۆین.. بجولێن.. بجولێن.. بەر لەوەی رەشەبای سەردەمی تازە راتان ماڵێ.

**حەلەزونی**: "وەکو خەون بدینێ" بەخێر بێی سەردەمی تازە.. بەخێر بێی...

ئێستا کوڕەکەم دەبینم "هاوار دەکات" خەڵکینە کوڕەکەم دەبینم, ئەمڕۆ منو کوڕەکەم لەبەر تریفەی مانگدادەنیشین... ئەمشەو من و کوڕەکەم پێکەوە پێ دەکەنین.. خەڵکینە.. بژی زێدان پاشا.. "دووبارەی دەکاتەوە تا دەنگی ون دەبێ".

سێوفرۆش: "بەهێمنی". خەونی زیاد مەبینە کابرا.. کوڕەکەت نابینی... بەڵێ نای بینی.

**حەلەزونی**: بەڵێ... دەی بینم، ئەمشەو دەی بینم هەی شمڵی شەڕ.

**سێوفرۆش**: پێویستمان بە خەونەکانی تۆ نییە... پاشامان ناوێ.. پێی دەڵێین: نامانەوێی.

**حەلەزونی**: دەڵێین: دەمانەوێی.

سێوفرۆش: نامانەوێ

حەلەزونی: ئەمانەوێ

"ئەوا هەیتو هۆتی دەروێشەکان دێتو هوتاف بە ژیانی پاشا دەکێشن" دەنگەکان: سلاوی خوا لە پاشا... پایەدار بێ زێدان پاشا. "دەنگەکە نزیکتر دەبێتەوە... خەڵکی تەماشای یەك دەکەن، چاویان دەکرێتەوە، دڵیان گورجتر لێ دەدا"

**حەلەزونی**: سلاوی خوا لە پاشا.

**رەجەب**: "سەر دەکەوێتە سەر گردۆڵکەکە" بڕوخێ زێدان پاشا.

**حەلەزونی**: بژی زێدان پاشا. "دەنگەکان تێکەڵ بە یەك دەبن... شوێنەکان دەگۆڕێ، ناتوانین بە تەواوەتی دەنگەکان لە یەکدی جودا بکەینەوە، بەلام زاڵ بوونی دەنگی پشتگیری وردە وردە دەردەکەوێ... دەستەی دەروێشان بە هاوارەوە دێنە ژووری، وێنەی پاشایان هەڵگرتووە، هوتاف بە ژیانی دەدەن. دەستەی دەروێشان لەگەڵ خەڵکەکەدا تێکەڵ دەبن. یەکێك سەر دەکەوێ، ئاڕمە کۆنەکە دائەگرێو ئاڕمی تازەی دەخاتە جێگا، هەمان ئاڕمەو هیچی لێ نەگۆڕاوە مەگەر تەنها دانانی شێرەکانو رەنگەکانی... هەیتو هوت گەرمتر دەبێ.. دوای چەند چرکەیەك شوێنەکە دەبێتەوە، هەموو خەڵکەکە دەڕۆن، کەس نامێنێ تەنیا سێوفرۆشەکەو چوار برادەرەکە نەبێ.

**رەجەب**: ئاه... چ ستەمە راستی بکەوێ.. چەند مەخابنە شۆڕش بە خەنجەری دۆستەکانی کەربەلا بکرێ.

**مەعلوف**: خەڵکی ترسنۆك بوون.

**عوسمان**: بەم جۆرە قۆناغی سامناك بەردەوام دەبێ.

**ئیبراهیم**: خەڵکی دەگەڕێنەوە سەر یارییە خۆشەویستەکەیان، یاری پاشاو وەزیر.

**رەجەب:** لەو لاشەوە، پاشاو وەزیر دەگەڕێنەوە سەر یارییە خۆشەویستەکەیان، یاری کوشتن و بڕین.

**سێوفرۆش:** خەم مەخۆن برادەرینە... تەنیا ئەوەیە هێشتا زروق گۆڕان نەخەملیوە.. درێژە بە کاروانەکە دەدەین.

"زەردەخەنەیەکی کز دەکەوێتە سەر روو، برادەرەکانی لەگەڵ سێو فرۆشدا نیگای پڕ مەبەست دەدەن بە رووی یەکدا... سێوفرۆشەکە کۆمەڵە بڵاوکراوەیەك لە باخەڵیا دەردێنێ، ئەوانی تر وەکو هەڵۆ دەیقۆزنەوەو بەیەك دەنگ هاوار دەکەن.

برادەران: درێژە بە کاروانەکە دەدەین.

درێژە بە کاروانەکە دەدەین.

"لە کاتێکدا کە دەردەچن، تیشکی رووناکی زیاد دەکات".

**بڕوانە گۆڤاری الاقلام ژمارە "6" ساڵی 15 ئازاری 1980، ل259–281.**

# چاو به چاو

نووسینی: غولام حوسێنی ساعدی
و: حەمە کەریم عارف

**کارەکتەرەکان:**

1- حاکم
2- جەللاد
3- پیاوێکی گەنج
4- پیرێژن
5- وردە فرۆش
6- ئاسنگەر
7- میرشکار
8- بلوێرژەن

(1)

کەرەوێتەیەکی گەورەی پشت رازاوە، قەرەوێڵەیەك لە ئەو دیوی کەرەوێتەکە هەیە بۆ ئیسراحەت. کە پەردە لادەبرێ، شانۆ چۆڵە. دوای چەند لەحزەیەك دوو پێی گەورە لە پشتی کەرەوێتەکەوە بە دیار دەکەون.

ئەوجا دەنگی باوێشکێکی بەرزو پاشان هەیکەلی قەبەو قەڵەوی حاکم دەردەکەوێ کە بە هێمنی هەڵدەستێ و لەسەر قەرەوێڵەکە دادەنیشێ، جلی رەنگاو رەنگی لەبەرە. هەموو شتێکی بە قەد خۆیدا کردووە، مەتاڵ، شمشێر، کەوانو دەمانچەیەکی قەدیمی. دیسان باوێشك دەدا، چاوە هەڵماساوەکانی هەڵدەگلۆفێو چەند مستێك بە سینگی خۆیدا دەدا، بە سستیو خاوییەوە دادەگەڕێو خۆی بە کۆڵی کەرەوێتەکەدا دەدا، چاوێ بەو شتانەدا دەگێڕێ کە بە قەد خۆیەوە کردوون. تەواو دڵنیا دەبێ. لە پڕ وەك ئەوەی شتێکی بیر کەوێتەوە بە گومانەوە دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی، لە فکران را دەچێ، چەند ساتێك بەو جۆرە دەگوزەرێ، حاکم دادەنەوێتەوەو سەیری لای راست دەکاو فیکە دەکێشێ، چ هەواڵێك

نییه، دادەنەوێتەوەو سەیری لای چەپ دەکاو فیکەیەك دەکێشێ هەمدیس کەس دیار نییەو چ هەواڵێك نییە. هەڵدەستێو بە دەنگی بەرزتر گاز دەکا: "هێی هێی". شتێك لە بن کەرەوێتەکەوە دەجوڵێ، حاکم دەکەوێتە سەر چۆکان‌و پەردەکە لادەباو هاوار دەکا: ئەهۆی ورچە، کەرپیاو، نەگریسی بۆگەن!.

"دەنگی باوێشك لەبن کەرەوێتەکەوە دێ"

ئەهای گاجووتی مل ئەستووری بێ هونەر دە وەرە دەرێ!

"تۆخماخێك دەسرەوێنێتە بن کەرەوێتەکە. پاش چەند ساتێ کابرای جەللاد بە چوار چنگۆڵە لە ژێر قەرەوێڵەکەوە دێتە دەرێ، سیمای تێر خەوو خۆراکە عەینی جلە رەنگاو رەنگەکانی حاکمی لەبەرە، بەڵام هەندێ شەپرێوترەو چەك‌و ئەسلەحەشی پترە، کێردو چەقۆو مەتارەو چەکۆش‌و کۆمەڵێ شرەو پرەی دیکەی بە خۆیدا کردووە. هەر کە لە بن کەرەوێتەکە دێتە دەرێ، چەند مستێك بە سینگی خۆیدا دەماڵێ‌و بە دەنگی بەرز باوێشك دەدا.

خان هاوار دەکا.

وەرە! بۆرە پیاوی هیچ‌و پوچ! دەڕابە دەی!

جەللادەکە دەستێك بە خۆیدا دێنێ. خۆی رێکو پێك دەکاتەوەو بزەیەك دەکا.

**جەللاد:** بەیانی حەزرەتی حاکم بەخێر، قوربان.

**حاکم:** عەسری حەزرەتی حاکم بەخێر بۆرە زەلام، نەك بەیانی!

"جەللاد بە سەرسامی".

**حاکم:** ئەرێ، گوێرەکەی خرف، ئەحمەقی بێ شعوور!

**جەللاد:** یەعنی ئێمە لە عەسرە خەوی خۆدا بووین؟

**حاکم:** ئەرێ حەیوان! ئەرێ!

**جەللاد:** خۆ حەزرەتی حاکم تا شەوێ لە عەسرە خەودا نە دەبوو؟

**حاکم:** دروستە بۆرە زەلام، منیش دەمویست ئەمەت لێ بپرسم.

**جەللاد:** چی بپرسی قوربان؟

**حاکم:** دەمویست بزانم ئاخۆ تۆ بێدارت کردمەوە؟

**جەللاد:** من؟

**حاکم:** بەڵێ تۆ حەیوان!

**جەللاد:** نەخێر قوربان، ئێوە منتان بێدار کردەوە.

**حاکم:** ئەدی کێ منی بێدار کردەوە؟

**جەللاد:** بێ خەبەرم قوربان، بەندە لە غورابی خەودا بووم.

**حاکم:** ئەوە چەند رۆژێکە عەسران لە خۆڕا خەوم دەزڕێ. باشە دەبێ هۆی چی بێ؟ بۆ دەبێ عەسرە خەوم لێ تێك بچێ؟

**جەللاد:** مەعلومە قوربان، بێ خەوی لە کەللەتان دەدا.

**حاکم:** بۆ لە کەللەم دەدا؟

**جەللاد:** رەنگە هی زیادە خۆری بێ قوربان.

**حاکم:** من زیادە خۆری دەکەم بۆرە زەلامی گاجووت یا تۆ؟

"بە هەڕەشەوە بۆ لای جەللاد دەچێ"

**جەللاد:** مەعلومە قوربان، دیارە کە بەندە.

**حاکم:** ئەدی بۆچی خەوم دەزڕێ؟

**جەللاد:** مومکینە زۆر هۆی هەبێ قوربان.

**حاکم:** وەکو؟

**جەللاد:** وەکو... وەکو ئەوەی مومکینە ویژدانتان ناڕەحەت بێ.

**حاکم:** چی؟ ویژدانی من ناڕەحەت بێ؟ چۆن مومکینە حەیوان؟

**جەللاد:** مومکین نییە قوربان. تەنیا ئیحتیمالە.

**حاکم:** ئیحتیمالی چی گوێرەکە؟

**جەللاد:** ناڕەحەتی ویژدان!

**حاکم:** لەبەرچی بۆرە زەلام؟

**حەللاد:** لەوەیە هۆی زۆر بێ قوربان، بەڵام ئەم نۆکەرەت، ئەم غوڵامی بەردەرکەیەت وای بۆ دەچێ کە ماوەیەکە کاروبارمان کە سادەو (3-4) رۆژە تاقە یەك عەدالەت ئەنجام نەدراوە.

**حاکم:** تۆ ئەمە لە کوێ دەزانی هەی چەپەڵی خوێڕی؟

**جەللاد:** لە کوێ؟ ئەدی بەندە ئەنجامدەری عەدالەت نیم؟ حیسابەکەم لەکنە قوربان.

**حاکم:** بە هەڵەدا نەچووی؟

**جەللاد:** نەخێر، نەخێر قوربان، با عەرزتان بکەم، دوا چاوێك کە دەرمان هێنا کەی بوو؟ ها، پێرێ بوو.

**حاکم:** کەواتە بۆیە خەوم زڕاوە؟

**جەللاد:** لەسەدا سەد وایە قوربان، ناڕەحەتی ویژدان هەندێ جار بەیانیان دەست پێ دەکا، بەڵام زۆربەی کات پاش نیوەڕۆیان توشت دەبێ. هەندێ جار بە ژانە سەرەوەیە هەندێ جار بە قرقێنەیەکی گەورەو دوورو درێژەوەیە، هەندێ جار بە لە خەو راپەڕینو هەندێ جار بە خۆ توڕدانە ئاوەوەیە. هەندێ جار بە پژمینەوەیە هەندێ جار بە نزگرەوەیە. هەندێ جار بەر لە ماندووبوونەو هەندێ جار پاش ماندوو بوونە.

کە دەستی پێ کرد، ئیدی دەستی پێ کردووە. پاش ئەوەی پشت یەشەو کۆڵنجو دڵ یەشەو سەفراو بەڵغەمی زۆر، ئەبڵەق بوونو پرتە پرتی چاوو موو رەپبوون دەست پێ دەکاو لە ئاکامدا تووشی حەواس پەرتی تەواو دەبی، بەڵام دەرمان و چارەی هەر هەموو ئەمانە، دەرهێنانی چاوێکە قوربان، تاقە چاوێ!

**حاکم:** تاقە چاوێك.

**جەللاد:** بەڵێ قوربان.



www.pertwk.com

**حاكم**: بۆ چاو؟

**جەللاد**: بۆ ئەوەی عەدالەت ئەنجام بدرێ.

**حاكم**: باشە نووکە چاو لە کوێ بێنین؟

**جەللاد**: چی زۆرە چاو زۆرە.

**حاكم**: بەڵێ زۆرە، بەڵام چەندی چاوەڕوان بکەین تا یەکێك بێ بۆ مەحکەمەو ئێمەش کاری خۆمان رایی بکەین. خۆ ناکرێ هەروا بچی ملی یەکێك بگریو بۆ ئێرەی بێنی.

**جەللاد**: بۆ نابێ قوربان؟ لە نێوان ئەم هەموو وڵاخەی کە رژاونەتە دەرێ یەکێك پەیدا نابێ کە موستەحەقی ئەم کارە بێ؟

**حاكم**: بێگومان پەیدا دەبێ، بەڵام چۆن بناسرێ؟

**جەللاد**: پەیدا کردنو ناسینو هێنانی لەسەر بەندە. تا حەزرەتی حاکم چاوی دەتروکێنێ، من هەموو شتێکم سازداوە.

**حاكم**: ئەدی چاوەڕێی چی حەیوان؟ لەبری چەنەبازی هەڕوو دەست پێ بکە.

**جەللاد**: (سەمعەن وە تاعەتەن).

"دەیەوێ بەپەلە شانۆکە بەجێ بێڵێ کە تووشی پیاوێکی گەنج دەبێ. کابرای گەنج بە دەنگی بەرز دەناڵێنێو بە هەردوو دەست دەموچاوی داپۆشیوە.

"جەللاد هاوار دەکا"

"قاقا پێ دەکەنێو یەخەی گەنجەکە دەگرێ"

"جەللاد راکێش راکێش کابرای گەنج دێنێ بۆ ناوەندی شانۆکە. کابرای گەنج بە دەنگی بەرز دەناڵێنێو دەست لەسەر دەمو چاوی لادەبا. چاوێکی دەرهاتووە، پەڵە خوێنی درشت دەمو چاوی داپۆشیوە. گەنجەکە خۆی لە دەستی جەللادەکە دەرباز دەکاو خۆی داوێتە سەر پێی حاکم"

**کابرای گەنج**: حەزرەتی حاکم دەستم دامێنت دەخیلت بم! بەد بەخت بووم! نەجاتم بدە! نەجاتم بدە!

**حاكم**: هەستە سەر پێ بزانم چیت دەوێ؟

**کابرای گەنج**: تۆڵە، تۆڵە، هاتوومو زوڵمم لێ کراوە، تۆڵە، تۆڵە!

**حاكم**: ئاخر چی بووە؟ قسە بکە بزانم.

"کابرای گەنج داوێنی حاکم دەگرێو کەمێك پشت راست دەکاتەوەو چاوە کوێرەکەی نیشان دەدا"

**کابرای گەنج**: چاو، چاوم!

"بەدەنگی بەرز دەناڵێنێ"

**حاكم**: چاوت! چاوت چی لێ هاتووە؟

**کابرای گەنج**: دەرهاتووە قوربان! دەرهاتووە تۆڵەم بستێنن. تۆڵەم بکەنەوە.

**حاكم**: دەرهاتووە؟

"به نائومێدی روو دەکاتە جەلادەکە".

خۆ هی ئەمیش دەرهاتووە؟

**جەللاد:** قەیدی نییە حەزرەتی حاکم. هەر کە مەعلوم ببێ کە کێ ئەم کارەی کردووە تۆڵەی بۆ دەکەینەوەو کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکەین.

"چاو دادەگرێ"

**حاکم:** باشە.

"روو دەکاتە کابرای گەنج"

هێی گەنجۆ! بڵێ بزانم کێ ئەم کارەی کردووە؟ کێ چاوی دەرهێناوی.

"کابرای گەنج بە دەم ناڵینەوە شیشێکی باریك دەردێنێو نیشانی دەدا"

**کابرای گەنج:** ئەمە قوربان، کاری ئەمەیە!

"جەللادو حاکم دێنە دەرەوەو سەیری شیشەکە دەکەن. جەللادەکە شیشەکە لە دەستی کابرای گەنج وەردەگرێ"

**جەللاد:** ئەمە وای لێکردووی؟

**کابرای گەنج:** بەڵێ قوربان، بەڵێ، بەڵێ ئەم مەزەب سزە کوڵەواری کردووم، گردەنشینی کردووم، بەدبەختو نەخۆشو چارە... رەشی کردووم.

"حاکم شیشەکە وەردەگرێ، جەللادو حاکم هەردووکیان بە سەرسامی دەڕواننە شیشەکە"

**حاکم:** باشە ئێستاکێ ئێمە چی لەمە بکەین؟

کابرای گەنج: تۆڵەم بکەن! حەقم بستێنن! تازە کوڵەوار بووم. پەکم کەوت، ژیانم لە دەست چوو.

**حاکم:** من چۆن حەقی تۆ لەمە بستێنم؟ ها؟

"روو دەکاتە جەللادەکە".

چۆن تۆڵە لەم شیشە دەکرێتەوە؟

**جەللاد:** لەم شیشە بێ گیانە ناسێنرێ قوربان.

بەڵام....

**حاکم:** بەڵام چی؟

**جەللاد:** لە خاوەنەکەی.

**حاکم:** خاوەنەکەی؟

**جەللاد:** بەڵێ قوربان، هەقیش ئەوەیە کە خاوەنی ئەم ئامێرە کوشندەیە بە سزای کارە چەپەڵەکانی خۆی بگات.

"حاکم شادو رووگەش دەبێ"

**حاکم:** هەی بارەکەللا... بارەکەڵڵا! وا دیارە هێشتا کەللە پوچەکەت لە کار نەکەوتووە ها!

**جەللاد:** لوتفی خۆتانە قوربان. لوتفتان هەیە، کەللەی بەندە لە ئاستی کەللەی موبارەکی حەزرەتی حاکمدا چ نییە.

"حاکم لە فکران رادەچیٚ و زۆر بە جدی روو دەکاتە کابرای جەللاد"

**حاکم**: باشە بۆرە زەلام، ئەگەر کابرا خۆی خاوەنی شیشەکە بیٚ چی؟

"ئاماژە بۆ لای کابرای گەنج دەکا"

**جەللاد**: خۆی بیٚ؟

"بیر دەکاتەوە"

**حاکم**: ئەریٚ، ئەوسا تەگبیری چییە؟

"جەللادەکە بە خۆشحاڵییەوە".

**جەللاد**: چاکترا زۆر چاکترا ئەگەر وابیٚ ئەوا کارەکەمان یەکجار رەحەتە.

**حاکم**: چۆن رەحەتە؟

**جەللاد**: چاوەکەی دیکەی بە دەقی خۆیەوە ماوە قوربان. مولاحەزەی دەفەرموون؟

"بەغار دەچیٚتە پیٚشیٚو چاوە ساغەکەی کابرای گەنجی نیشان دەدا؟

**حاکم**: کەوایە ماتەڵی چیت حەیوان! خیٚراکەو کاری ببینە.

"جەللادەکە خەنجەر لەبەر پشتیٚن هەڵدەکیٚشیٚو قژی کابرای گەنج دەگریٚ، کابرای گەنج دەچیٚتە بەریٚو باوەش بە پیٚی حاکمدا دەکا.

**کابرای گەنج**: قوربان! قوربان! من خاوەنی نیم. من نیم.

**حاکم**: تۆ نیت؟ ئەدی کیٚیە؟ قسە بکە بزانم.

**کابرای گەنج**: پیریٚژنیٚکە قوربان! دەڵە دیٚویٚکی پیرە.

**حاکم**: باشە، باشە، ئیٚستا ئەم دەڵە دیٚوە لە کویٚیە؟ ها؟

**کابرای گەنج**: لە کاولەکەی خۆیەتی قوربان.

**حاکم**: چۆن چاوی دەرهیٚنایت؟

**کابرای گەنج**: دویٚ شەو هات بەسەرما کە سەریٚ بکیٚشمە کوختەکەی ئەم پیریٚژنە مردەلۆخە، ئیٚ بەڵکو شتیٚکم دەست بکەویٚ. ویٚرای ئەوەی کە ناشیی نیم قوربان، خۆم بە کادیٚنەکەدا کردبوو. ئیدی بە تاریکی دەستم بە دیوارەکاندا دەهیٚنا. نەك هەر هیچم دەست نەکەوت، بەڵکو چاویٚکیشم نایە سەری.

**حاکم**: داوەشیٚی، کەواتە ئەم قەدو قەڵافاتە بیٚ هونەرەت هەر بۆوە باشە بکریٚ بە دینگە. چۆن بەم ملە ئەستوورەوە دەرەقەتی پیریٚژنیٚك نەهاتی؟

کابرای گەنج: پیریٚژنەکە لە غورابی خەودا بوو قوربان! ئەم شیشە قۆڕەی بە دیوارەکەوە داکوتابوو، کاتیٚکم بە خۆ زانی چوو بە چاوما. ئیدی بە هاوارو ناڵەناڵەوە غارمدایە دەریٚ، چ دکتۆرو حەکیمیٚك چاریان نەکردم.

"هانکە هانگی پیٚ دەکەویٚو بە سۆزەوە".

بەڵام خەمی گەورەی من شتیٚکی دیيە قوربان، بەو ئاواتەوە بووم، ئەم چاوە ناچیزەم لە پیٚناوی حەزرەتی حاکمدا لە دەست بدەم، بەڵام دەڵە دیٚویٚکی گەدا لەو شانازییەی مەحروم کردم. "دەگری".



www.pertwk.com

ئێستاش هاتوومەتە شکایەت. حەزرەتی حاکم دەبێ هەقم بستێنن. تۆڵەم بکەنەوە. لە بری ئەو چاوەی کە قەرار بوو لەبەر پێی موبارەکی حاکمدا فیدا بکرێ، چاوی دەربێنن، عەدالەت جێبەجێ بکەن، عەدالەت! عەدالەت! عەدالەت!.

"حاکم دەستان بەیەکدیدا دەداو بە دەنگی بەرز".

**حاکم**: پیرێژن بێنن! پیرێژن بێنن.

(2)

"جەللادەکە دێتە پێشەوەی شانۆو دەوری راوی دەگێڕێ".

**جەللاد**: نێردراوی حەزرەتی حاکم هێدی هێدی و بەدەم خوتەو بۆڵەوە دەکەوێتە رێ‌و بەرەو ماڵی پیرێژن دەچێ، چارەی بەیەکدا داوە، چونکە دەزانێ پیرێژنێکی کڵۆڵ‌و بەدبەخت کە میلی خەرەکەکەشی بە تالان چووە هیچی لێ نابێتەوە . پیرێژنیش لە بەیانی زووەوە نیگەران‌و پەشێوحاڵ بە چوار دەوری کوخەکەیدا دەسووڕێتەوەو دەسووڕێتەوەو میلی خەڕەکە ون بووەکەی بۆ نادۆزرێتەوە، ئەگەر میلی خەڕەکەکەی نەدۆزێتەوە ئەوا ئەو داوماوە هێندەی دی چارە رەش دەبێ‌و ئەو پارووە نانەی کە بە خەڕەك رێسی پەیدای دەکرد، ئیدی ئەوەش دەبڕێ. لە دەرگا دەدرێ‌و کێ بێ باشە؟

نێردراوی حەزرەتی حاکمە.

"جەلادەکە بە دەنگی نێردراوەکە"

**جەللاد**: هێی پیرێژن! حاکم بە شوێنیا ناردووی.

"جەللاد بە دەنگی پیرێژن".

**جەللاد**: حەزرەتی حاکم؟ حەزرەتی حاکم بە شوێنی منیا ناردووە؟

"جەللادەکە بە دەنگی نێردراو"

**جەللاد**: ئەرێ پیرێژن، خێراکە!

"جەللادەکە بە دەنگی پیرێژن"

**جەلاد**: لێت تێك نەچووە؟

"جەللادەکە بە دەنگی نێردراو"

**جەللاد**: نە ء، دێوە، خێراکە نانت کەوتۆتە رۆنەوە. پیرێژن دەپەشۆکێ.

حەزرەتی حاکم بە شوێنیا ناردووەو نانی کەوتۆتە رۆنەوە نابێ وەخت بە فیڕۆ بدا، چارشێوەکەی لە ناو قەدی توند دەکا، بە پێ خاوسیی و بە هانکە هانك دووی نێردراوەکە دەکەوێ. راکە، راکە، راکە، تا دەگاتە بارەگای حەزرەتی.

"پیرێژن بە شپرزەییەوە وەژوور دەکەوێ‌و بەر لەوەی لێو لەبەر یەك هەڵهێنێ هاواری حاکم بەرز دەبێتەوە. حاکم بە جەللاد دەڵێ"

**حاکم**: چاو، چاوی دەربێنە!



www.pertwk.com

"کابرای جەللاد پڕ دەداتە پیرێژن".

**پیرێژن**: چاو؟ چاوی من دربێنی؟

**حاکم**: بەڵێ دەڵە دێوی مەلعون، چاوی تۆ.

**پیرێژن**: دەستم بە دامێنت حەزرەتی حاکم، خۆ منچ خەتایەکم نەکردووە.

"حاکم بە جەللاد دەڵێ"

**حاکم**: فرسەتی مەدە چاوی دەربێنە

"جەللادەکە سەری پیرێژن دەگرێ و بەرزی دەکاتەوەو خەنجەری لێ هەڵدەکێشێ.

**پیرێژن**: حەزرەتی حاکم! حەزرەتی حاکم! "خۆی لە دەست جەللادەکە دەرباز دەکا و چنگ لە داوێنی حاکم گیر دەکا". من، من چیم کردووە؟ ئەگەر کارێکی نابەجێم کردووە بفەرموون با خۆشم تێبگەم.

**حاکم**: چ کارێکت کردووە؟ تۆ چاوی ئەم گەنجە بەستەزمانەت دەرهێناوەو دارت بە ڕۆحیا داوە.

"پیرێژن کەمێك پشت ڕاست دەکاتەوەو بەسەرسامی دەڕوانێتە کابرا گەنجەکە".

**پیرێژن**: من، بەزاتی خوا نایناسم هەر نازانم کێیە. ئەمە یەکەم جارە کە دەیبینم.

**حاکم**: زۆر چاکە ئەدی ئەمە چییە؟

"شیشەکە لەبەردەم پیرێژنەکە ڕادەگرێ"

ئەدی ئەم شیشە چییە؟ دەیناسییەوە یان نا؟

**پیرێژن**: بەڵێ قوربان، ئەمە هی خەرەکەکەی منە. لە بەیانی زووەوە بە دوایا دەگەڕێم و هەر بۆم نەدۆزرایەوە.

"حاکم بە تووڕەییەکی زۆرەوە"

**حاکم**: چاو، چاوی دەربێنە خێراکە.

"جەللادەکە دەیەوێ دەست پێ بکا. پیرێژنەکە دەکەوێتە پاڕانەوە"

**پیرێژن**: حەزرەتی حاکم، حەزرەتی حاکم ئاخر ئەم دووە.

"شیشەکەو پیاوە گەنجەکەی نیشان دەدا"

چی یەکی خستن؟ ئاخر بۆ دەبێ چاوی من دەربهێنری؟

**حاکم**: لەبەر ئەوەی ئەگەر تۆ ئەم شتە خەتەرەت لە دیواری وێرانەکەتدا دانەکوتابایە کاتێ کە ئەو گەنجە لە نیوە شەوا هاتبووە سەر ماڵەکەت، چاوێکی لە دەست نەدەدا.

**پیرێژن**: باشە ئەم گەنجە بەو نیوەشەوە لە ماڵی مندا چی دەکرد؟

"حاکم تووڕەیە"

**حاکم**: ئەم سەرو ئەو سەرم پێ مەکە پیرێژنی خرف! تۆ خاوەنی ئەم شیشەیت و هەر تۆش چاو دەرهێنەری، بۆیە دەبێ چاوت دەربهێنرێ.

"بە جەللادەکە دەڵێ"

چاو! چاو! چاو!

**پیریژن**: له دەوری سەرت گەڕێم، ئەگەر لەبەر یەك شیش چاوێکی من دەربهێنرێ ئەوا وردە فرۆشەکەی گەڕەکی ئێمە چەندین توورەگەی لەم وردە شیشانە هەیەو بەو پێیە دەبێ ئەگەر سەد چاوی هەبێ شتاقیان نەبوێری، خۆ ئەم شیشەش هەر ئەو سەگبابە بە منی فرۆشتووە.

**حاکم**: های های! تاوانباری راستی دۆزرایەوە وردەفرۆش! وردە فرۆش! ئەو وردە فرۆشە بێنن.

(3)

"جەلادەکە دێتە پێشەوەی شانۆو دەوری راوی دەگێڕێ"

**جەلاد**: وردە فرۆش، لە دوکانچەکەیدا دانیشتووە، پاش نیوەڕۆیەو خەوە کوتکێیەتی... وەکو هەمیشە نان و پیازێکی زۆری خواردووە، هەر کە قرقێنەیەك دەدا، دەم و چاوی سوور هەڵدەگەرێ و ئارەقەیەکی زۆر دەنیشیتە سەر کەپوی. نێردراوی حاکم لەبەر دوکانچەکەدا قووت دەبێتەوە.

کابرای وردە فرۆش دەڵێی خەون دەبینێ. چما دەشێت کەسێك بەم نیوەڕۆیە بێتە دوکانچەکەی؟ چاوەکانی. هەڵدەگلۆڤ. نەخێر. راستە، مشتەرییەك راوەستاوە، جا چ مشتەرییەکی پۆشتەو پەرداخ و رازاوە، بەرانبەری وەستاوە.

"جەلادەکە بە دەنگی وردە فرۆشەکە"

**جەلاد**: سلاو قوربان!

"جەلادەکە بە دەنگی نێردراو"

**جەلاد**: نیوەڕۆ خەوت دەکرد پیرەمێرد؟

"جەلادەکە بە دەنگی وردە فرۆش".

**جەلاد**: نە، لە دەورت گەڕێم، نا دەردت لە گیانم، لە خزمەتام.

"جەلادەکە خۆی"

ئەوجا قرقێنەیەکی ئەوها لێ دەدا کە نێردراوی حاکم چەند هەنگاوێك دەکشێتەوە.

"جەلادەکە بە دەنگی وردە فرۆش"

**جەلاد**: چی تەقدیمی حەزرەتی عالیتان بکەم؟

سێ پا، تەڵەی مشك، زنجیر، کەوگیر، مەرگەمووش، چاوەزار، پەڕی سیاوش، دەرمانی چاو؟

"جەلادەکە بە دەنگی نێردراو"

**جەلاد**: هەر هەمووی بۆ خۆت هەڵگرە پیرەمێرد حەزرەتی حاکم بە شوێنیا ناردوویت و کارێکی یەکجار گرنگی پێتە.

"جەلاد بە دەنگی خۆی"

"کابرای وردە فرۆش بە شپرزەیی بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە"

"جەلادەکە بە دەنگی وردە فرۆشەکە"

**جەللاد:** بە من؟ حەزرەتی حاکم کاری بە منە؟ تۆ سەری منداڵەکانت راست دەکەی، خۆ ناشێ بەم پیرەمێردە رابوێری؟

"جەللادەکە بە دەنگی نێردراو".

**جەللاد:** خێراکە بکەوە خۆ، لێت داوە بۆ خۆت.

"جەللادەکە خۆی"

کابرای وردە فرۆش بە هەڵەداوان وەدەردەکەوێ، خۆی شپرزە کردووە، خۆی بە دوکانچەیەکی عەتاریدا دەکاو دیاری ناوازە بۆ حەزرەتی حاکم هەڵدەبژێرێ، دەستێك بە سەرو ردێنی خۆیدا دێنێ، بە دەم قرقێنە لێدانەوە خۆی بە بارەگای موبارەکدا دەکا.

"کابرای وردە فرۆش، پریاسکە بە دەست، دەڵەك دەدرێتە ناو بارەگا، پاش چەند ئیکلامێکی دوورو درێژ"

**وردە فرۆش:** پایە بەرز، ئەمەی کە بەختی بابایەکی وردە فرۆشی هەژارو کلۆڵ هێندە دیار بێ کە رۆژێ لە رۆژان رێی بکەوێتە بارەگایەکی وا پیرۆزو قەشەنگو جوانی بێ میسالی حەزرەتی حاکم لە نزیکی چەند هەنگاوێکەوە زیارەت بکا، بە خەیاڵی کەسدا نەهاتووەو نایەت. نازانم لە خۆشیانا بەسەر هاتووم یا بەپێ، بە هەر حاڵ بە غاردان هاتووم، نووکە هێند دڵخۆش و ئاسوودەو بارسووکم، دەڵێی لە ساتێکدا چەند مشتەرییەك هاتوونەتە بەر دوکانەکەم. ئیجازە بدە تا ئەو دیارییە ناچیزانەی لەگەڵ خۆدا هێناومن تەقدیمی حەزرەتی موبارەکتانی بکەم.

"حاکم بە بزەوە"

**حاکم:** زۆر چاکە، زۆر چاکە، چیت هێناوە؟

**وردە فرۆش:** کیسەیەکی خەنەی زۆر چاكو زۆر بۆندارو زۆر پڕ رەنگ بۆ ریشی موبارەکتان!

"کیسە خەنەکە دەخاتە بەر پێی حاکم"

**حاکم:** چیدی؟

**وردەفرۆش:** هەروا کیسەیەك شیلانەی درشت، بۆ فێنك کردنەوەی دڵو دەروونی جەنابی موقەدەستان.

"کیسەی دووەم دەخاتە بەر پێی حاکم"

**حاکم:** چیدی؟

**وردە فرۆش:** هەروا کیسەیەك نەباتی خالیسە بۆ ئەو رۆژانەی کە دووچاری سەرما بوون دەبن.

**حاکم:** زۆر چاکە، چیدی؟

**وردە فرۆش:** چیدی؟ چیدی؟

"دەڕوانێتە دەوروبەری خۆیو نازانێ چ بکا لە پڕ دێتەوە سەرخۆی"

ئیدی گیانی ناچیزم هێناوە کە لە بەرپێی موبارەکتاندا فیدای بکەمو مەعنای گیان بازی بە هەموو دنیا نیشان بدەم.

"دەچێتە پێشی تا خۆی بخاتە سەرپێی حاکم، بەڵام جەللادەکە لە پشتەوە سەری دەگرێ".
**حاکم**: پێویستمان بە گیانی ناچیزت نییە پیرەمێرد.
"کابرای وردە فرۆش پەشۆکاوە"
**وردەفرۆش**: پێویستتان نییە؟ کەواتە... کەواتە
**حاکم**: ئێستە یەك چاوتمان پێویستە
"وردە فرۆشەکە سەرسامە"
**وردە فرۆش**: چاو، چاو بۆچی؟
**حاکم**: بەڵێ یەك چاوی بچکۆلە، بە ئەندازەی چاوی بێ کەڵکی تۆ.
"وردە فرۆشەکە پتر سەرسام دەبێ"
**وردە فرۆش**: بۆچی؟
**حاکم**: بۆ ئەوەی عەدالەت جێبەجێ بکرێ پیرەمێرد!
"بە جەللادەکە دەڵێ"
**ماتەڵی چیت بۆرە زەلامی نەگریس؟**
**جەللاد**: ماتەڵی فەرمانی موبارەکتان.
**حاکم**: ئەوا فەرمانم دا!
"جەللادەکە کابرای وردە فرۆش رادەکێشێ"
"وردەفرۆشەکە پەشۆکاوە"
**وردەفرۆش**: قوربان، قوربان، قوربان ئاخر عەدالەت و چاوی من کوجا مەرحەبا؟
**یا عەدالەتو خودی من؟ یا عەدالەت لە کوێو کارو پیشەکەی من لە کوێ؟**
**خوا خۆی شاهیدە کە من بە هیچ جۆرێ پێوەندیم بە شتی زۆر چاكو زۆر عالی وەك نەجابەتو شوجاعەتو سەداقەتو زیافەت و عەدالەتەوە نییە. من لە کونجێکا دانیشتوومو خەریکی فرۆشتنی تەڵەی مشكو چاوەزارو دەرمانی چاوو ناڵی ولاخو نیری گاجووتو شادانەو ئاگر گەردانو باوەشێنو دەرمانی ئەسپێم قوربان! من زیانم بۆ عەبدەل بەشەر نەبووە قوربان!**
**حاکم**: باشە تۆ جگە لەو شتانەی ژماردنت جار جارەش لەم شتانە دەفرۆشی یان نا؟
"وردە فرۆشەکە لە دەستی جەللادەکە دەرباز دەبێو دەچێتە بەرەوەو چاو دەبڕێتە دەستی حاکم"
**وردە فرۆش**: ئەمە چییە؟
**حاکم**: شیشی خەڕەکە، لەمانەش دەفرۆشی؟
"کابرای وردە فرۆش بە خۆشییەوە"
**وردە فرۆش**: بەڵێ قوربان، بەڵێ، هەڵبەتە لەمانەش دەفرۆشم.
"پێدەکەنێ"
**حاکم بە تووڕەیی**

**حاكم**: چاوی دەربێنە!

"كابرای جەللاد رادەپەڕێو دوای وردە فرۆشەكە دەكەوێ"

**جەللاد**: تازە تاوانەكەت ساغ بۆوەو كارت تەواوە ئەگەر تۆ ئەو شیشە لەعنەتییەت بەم پیرێژنە نەگبەتە نەفرۆشتبایە، قەت چاوی ئەو لاوە پاكو خێر لە خۆ نەدیوە كوێر نەدەبوو.

"بە خەنجەری رووتەوە كابرای وردە فرۆش بە چوار دەوری شانۆكەدا راودەنێ. كابرای وردە فرۆش لە كاتێكا كە بە دەوری شانۆكەو حاكمو ئەوانی دیدا غار دەدا، بە پاڕانەوەوە هاوار دەكا"

وردە فرۆش: قوربان، قوربان لە دەورت گەڕێم. مەیەڵە بمگرێ. رەحمم پێ بكە، مەیەڵە بمگرێ، مەیەڵە بمگرێ.

"لە پشتەوە باوەش بە لاقی حاكمدا دەكا"

لێی دەترسم لێی دەترسم.

دەلەرزێ

**حاكم**: ئەدی سەگبابی هیچو پوچ، بێ شەرەف بۆ كاتێ كە ئەم ئامێرە كوشندەیەت دەفرۆشت لە هیچ نەدەترسای؟

**وردەفرۆش**: قوربان من بۆ خوری رێسیم فرۆشتبوو، نەك بۆ چاو دەرهێنان.

**حاكم**: ئەم بیانوانە دادت نادات، تێدەگەی؟

**وردەفرۆش**: بۆ بە سەدەقەت بم؟ من تا ئێستا بە دەواو دەرمان هەزاران چاوی سەقەتم چاك كردۆتەوەو هیچ كەسێك چاوێكی نەداومەتێ لە پاداشتی ئەو چاكەیەمدا، ئێستاكە ئەم وەزعو حاڵە هاتۆتە پێشێ دەتانەوێ چاوی من دەربێنن؟ خۆ تاوانباری ئەسڵی من نیم قوربان. تاوانباری ئەسڵی ئەو ئاسنگەرە مەلعونەیە كە شەوو رۆژ لەم شتانە دروست دەكا.

**حاكم**: ئاسنگەر؟

وردەفرۆش: بەڵێ قوربان، ئاسنگەر! هەموو ئەم كارانە، هەموو ئەم تاوانانە لە ژێر سەری ئەودایە.

**حاكم**: زۆر چاكە، زۆر چاكە.

"روو دەكاتە جەللادەكە"

بۆ ئێمە چ فەرقێ دەكا، وردە فرۆش بێ یا ئاسنگەر، بڵێ؟

**جەللاد**: ئەسڵەن فەرق ناكا قوربان.

"حاكم پشت بە كەرەوێتەكەوە دەدا"

**حاكم**: ئاسنگەرەكە بێنن!

(4)

جەللاد دێتە پێشی شانۆو دەوری راوی دەگێڕێ، سەلانە سەلانە رێ دەكا.



www.pertwk.com

**جەللاد:** نێردراوی حاکم دەگاتە بەر دوکانی ئاسنگەرەکە. هێند هاتووچۆی کردووە، بێزار بووە چارەی داوە بە یەکا. ئاسنگەرەکە لە پشت کوورەکەیەوە وەستاوەو خەریکی شیش دروست کردنە، بەڵێ لە بابەتی هەمان شیش دروست دەکا.

"جەللاد بە دەنگی نێردراو"

**جەللاد:** هێی پیرەمێرد! خێرا دەست لە کار هەڵگرەو پێشم کەوە!

"جەللادەکە بە دەنگی خۆی"

ئاسنگەرەکە ئاوڕ دەداتەوەو نێردراوی حاکم دەبینێ، چەکوش و گیرەکەی دادەنێ و بەرهەڵبێنە چەرمەکەی دەکاتەوەو هەڵیدەداتە لایەکەوەو بە زەردەخەنەوە دێتە پێشێ.

"جەللادەکە بە دەنگی ئاسنگەر"

**جەللاد:** پێشت کەوم؟ بۆ کوێ پێشت کەوم؟

"جەللادەکە بە دەنگی نێردراو"

**جەللاد:** حەزرەتی حاکم ئاشێکی بۆ لێناوی کە یەك بست رۆنی بەسەرەوەیە.

"جەللادەکە بە دەنگی ئاسنگەر".

**جەللاد:** بەڕاستتە؟ بەندە شایەنی ئەم هەموو لوتف و چاکەیە نیم.

"جەللادەکە بە دەنگی نێردراو"

**جەللاد:** خۆت کەر مەکە بۆرە پیاوی خرف. خێراکە حەزرەتی حاکم چاوەڕوانە.

"جەللادەکە بە دەنگی ئاسنگەر"

**جەللاد:** بەسەرچاو قوربان، بەڵام دەکرێ بزانم چ کارێکی بە من هەیە.

"جەللادەکە بەدەنگی نێردراو"

**جەللاد:** دەیەوێ چاوت دەربێنێ نەگبەت، خێراکە خۆت ماتەڵ مەکە.

"جەللادەکە بە دەنگی ئاسنگەر"

**جەللاد:** چاوی من، بۆ؟

"جەللادەکە بە دەنگی نێردراو"

**جەللاد:** لەبەر ئەو شتانەی کە خەریکی دروستیان دەکەی.

"جەللادەکە پاش پێکەنینێکی بەرز بە دەنگی ئاسنگەر"

**جەللاد:** تەحا لەم شانازییە؟ نزیکەی عەمرێکی تەواوە بە عەزرەتی ئەم رۆژەوە بووم، بە یارمەتیت با ئەم جووتە چاوە ناچیزەی کە قەرارە فیدای حەزرەتی حاکم بکرێن هەندێ بڕێژم و ئەوجا بکەوینە رێ.

"جەللادەکە بە دەم پیاسەکردنەوە"

**جەللاد:** بێگومان دەزانیت کە تەنیا چاوی گاو مەڕی قوربانی دەڕێژن.

"ئاسنگەرەکە وەژوور دەکەوێ و کڕنۆش دەباو روو دەکاتە حاکم؟

**ئاسنگەر:** تاوانبار ئامادەی سزایە، حەزرەتی حاکم!

"خۆی دەخاتە سەر عاردی‌و بە چوار چنگۆڵە خۆی دەگەیەنێتە حاکم‌و پێی ماچ دەکاو دەم‌و چاوی لە عاردی دەخشێنێ، بە هەمان شێوە دەگەڕێتەوەو خۆی دەگەیەنێتە جەللادەکە. هەموو ئامادەبووان بەسەرسامی سەیری دەکەن. ئاسنگەڕەکە هەر کە دەگاتە بەر پێی جەللادەکە، سەری هەڵدەبڕێ‌و بە هاوارەوە"

دەری بێنە! دەری بێنە! دەری بێنە!

**جەللاد:** دەری بێنم؟ چی دەربێنم؟

**ئاسنگەر:** هەردووکیان، هەردوو چاوم!

"حاکم دێتە پێشەوە"

**حاکم:** ئەم شێتە کێیە؟

**ئاسنگەر:** ئەو ئاسنگەرە تاوانبارەیە کە دەبێ بە سزای تاوانەکانی خۆی بگات تا عەدالەتی راستەقینە جێبەجێ ببێ.

**حاکم:** کەواتە تۆ کابرای ئاسنگەری؟

**ئاسنگەر:** بەڵێ قوربان، بەڵێ، من روو رەشم.

**حاکم:** دڵنیای کە بە راستی تاوانباریت؟

**ئاسنگەر:** بەڵێ قوربان، تەواو دڵنیام.

**حاکم:** باشە ئەم دڵنیاییەت لە کوێوە پەیدا کردووە؟

**ئاسنگەر:** لە ئیرادەی حەزرەتی حاکمەوە!

**حاکم:** ئیرادەی من؟

**ئاسنگەر:** حەزرەتی حاکم ئیرادەی فەرمووە کە من تاوانبارم. کەواتە بێگومان تاوانبارم‌و بڕایەوە.

**حاکم:** باوەڕت بەم قسەیە هەیە یا نا؟

**ئاسنگەر:** باوەڕی تەواوم هەیە. زیرەکی‌و زەین رۆشنی حەزرەتی حاکم هەرگیز بە هەڵەدا ناچێ.

**حاکم:** کەواتە بەم حیسابە چ گومانێك لە تاوانباری تۆ نییە؟

**ئاسنگەر:** دروستە قوربان!

"بە پاڕانەوەوە روو لە جەللادەکە دەکا"

کەواتە دەری بێنە، دەری بێنە! تکات لێ دەکەم. ماتەڵی چیت؟ دەست پێ بکە!

**جەللاد:** ئیجازە دەدەن قوربان؟

"حاکم دێتە پێشی‌و جەللادەکە دەکشێتە دواوە"

**حاکم:** هیچت دەربارەی لوتف‌و کەرەمی ئێمە بیستووە یان؟

ئاسنگەر وەك تیشکی رۆژ بۆ هەمووان ئاشکرایە.

**حاکم:** ەدی بۆ داوای عەفو ناکەی؟

**ئاسنگەر:** داوای عەفوی چی؟ تاوانێکەو کردوومەو دەبێ بە سزای خۆم بگەم.


www.pertwk.com

**حاكم**: پێت وا نییه كه پاشان پەشیمان ببیەوە؟

**ئاسنگەر**: قەت پەشیمان نابمەوە. تەنیا، تەنیا مومكینه داخی ئەوە بخۆم كە....

**حاكم**: داخی چی؟

**ئاسنگەر**: كە چیدی نەتوانم نالْ بۆ رەوە ئەسپەكەی حاكم دروست بكەم، یا شمشێری سەردارەكانی زاخاو بدەمو كۆتو زنجیر بۆ زیندانییە زۆرو زەبەندەكانی دروست بكەم.

**حاكم**: بۆ نەتوانی؟

**ئاسنگەر**: ئەم كارانە پێویستیان بە جووتێ چاو هەیە؟ حەزرەتی حاكم!

"حاكم: لە فكران رادەچێو پاشان بە دەنگی بەرز"

**حاكم**: بەم حیسابە بێ ناكرێ چاوی تۆ دەربهێنرێ؟

**ئاسنگەر**: بۆ نە ء قوربان. زۆر بە ئاسانیش دەكرێ.

**حاكم**: ئەدی ئەو كارانەی كە گوتت، كێ بیانكات؟

**ئاسنگەر**: ئەو كارانە؟ من كەسێكی دی شك نابەم.

**حاكم**: باشە ئەگەر چاوی تۆ دەرنەیەنم، مەسەلەی تۆڵە سەندنەكە چۆن دەبێ؟

**ئاسنگەر**: قوربان چی زۆرە چاوی بێ كەڵك زۆرن، یەكێكیان دەربێننو هەموو شتێك دەبڕێتەوە.

**حاكم**: كوا؟ یەكێكم نیشان بدە.

"ئاسنگەرەكە لە فكران رادەچێو پاشان لە پڕ"

**ئاسنگەر**: چاوی راستی جەنابی میر شكار

**حاكم**: چاوی راستی میر شكار؟ میر شكارەكەی خۆم؟

**ئاسنگەر**: بەڵێ قوربان، چاوی راستی میر شكارەكەی ئێوە.

**حاكم**: باشە تۆ چوزانی كە چاوی راستی میر شكارەكەی من بێ كەڵكەو چ سوودێكی نییە؟

**ئاسنگەر**: هەموو دەیزانن قوربان، ئەدی نابینی، جەنابی میرشكار لە كاتی راوو شكارا چاوی راستی دەنوقێنیو بەچاوی چەپ سێرە لە نیشان دەگرێو ئەوجا دەست بە پەلە پیتكەدا دێنێ؟

"لاسایی دەنگی تفەنگ دەكاتەوە"

**حاكم**: ها! كەواتە ئاوها! ئاوها!

"بەدەم پیاسەكردنەوە"

تا ئێستا نەمان زانیوە كە چاوی راستی میر شكارەكەمان بێ كەڵكە.

زۆر چاكە!

"لە پڕ دەوەستێو هاوار دەكا"

میر شكار! میر شكار!

جەللادەكە دێتە پێشەوەی شانۆو لە دەوری راویدا.

**جەللاد:** جەنابی میر شكار نیوەڕۆ تێروپڕی لە گۆشتی سۆسكە خواردووە، تێر خەوتووە، لە خەو رابووەو حەمامێكی چاكی كردووە، چەند پەرداخێك شروبی مقەوی خواردووەو یەك سەعات لەبەردەم مندالە زۆرو زەبەندەكانیا وەستاوەو خۆشحالە، ئێستەش لەبەردەم ئاوێنە دانیشتووەو مقەسێكی گەورەی بەدەستەوەیەو سمێڵی رێك دەخا، لە پڕ نێردراوی حاكم لە دەرگا دەدا.

"جەللادەكە بە دەنگی میر شكار"

**جەللاد:** كێیە؟

"جەللادەكە بە دەنگی نێردراو"

**جەللاد:** نێردراوی حەزرەتی حاكم.

"جەللادەكە بە دەنگی میرشكار"

**جەللاد:** وەرە ژووری، بێگومان خەبەرێكی خۆشت پێیە!

"جەللادەكە بە دەنگی خۆی"

**جەللاد:** نێردراو زۆر بە ئەدەبەوە وەژوور دەكەوێ.

"جەللادەكە بە دەنگی نێردراو"

**جەللاد:** حەزرەتی حاكم، ناردویانم بە شوێنی جەنابی خاوەن شكۆی میرشكار باشیدا.

"جەللادەكە بە دەنگی میرشكار لە قاقای پێكەنین دەدا"

**جەللاد:** گیان گیان، ئەوە میدالێكی دیكەش، شانازییەكی دیكەشمان بە نسیب بوو.

"جەللاد بە دەنگی خۆی"

**جەللاد:** ئەوجا لە چاو تروكانێكا خۆی ئامادە دەكا.

"جەللاد بە دەنگی میرشكار"

**جەللاد:** تا دەرنگ نەبووە با بكەوینە رێ.

میرشكار، بەجلو بەرگو تفاقی راو، بە میدالی رەنگاوڕەنگەوە، تفەنگ بەدەست وەژوور دەكەوێو ئیكلام دەكا.

**میرشكار:** میرشكار ئامادەی خزمەتە.

**حاكم:** سلاوت لێ بێ میرشكاری ئازیز.

"نزیك دەبێتەوە"

هیوادارم ئەمڕۆكەش وەك هەموو رۆژانی دی، بە دڵو بە گیان ئامادەی خزمەتو گیانبازی بی.

**میرشكار:** فەرمایشتەكەی حەزرەتی حاكمە.

"حاكم، سەراپای میر شكار دەداتە بەر نیگا"

**حاكم:** بەه، بەها، زۆر بە رێكو پێكی بە تفاقی راوەوە هاتوویە خزمەتمان.



www.pertwk.com

**میرشکار**: وتم نەوەك حەزرەتی حاکم دیسان هەوەسی کەڵەبابێکی کێوی قەڵەو یا کەوێکی گەورە یا بەلای کەمەوە هەوەسی بزنە کێوییەکی ناسکی کردبێ.

**حاکم**: هەڵبەتە، ئێمە هەمیشە حەز لەم شتە چاك‌و بەلەزەتانە دەکەین، بەڵام ئەمجارەیان حەزمان لە شتێکی دیکەیە.

**میرشکار**: لە چی قوربان؟

**حاکم**: چاوێك!

**میرشکار**: چاوی چی، بە نۆکەرت بم؟

**حاکم**: چاوێکی بێ کەڵك.

**میرشکار**: چاوی بێ کەڵك؟ چاوی بێ کەڵك! باشە قوربان، چاوی کەڵەشێرێکی باڵ درێژ، یا چاوی شەهێنێکی تیژباڵ؟

**حاکم**: چاوی حەیوانێکی دوو پێ، میرشکار!

**میرشکار**: چاوی حەیوانێکی دوو پێ؟

"دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی پاشان وەك ئەوەی لە مەبەستەکەی حالّی بووبێ بە زەردەخەنەوە".

بەڵام، بەڵام ئەم کارە هەر لە جەنابی جەللاد باشی دەوەشێتەوە.

**حاکم**: بەڵێ، دروستە، بە ڕێکەوت هەر لەم بۆرە پیاوە خوێڕییە دەوەشێتەوە.

"میرشکار سینگی دەردەپەڕێنێ"

**میرشکار**: منی نۆکەر چ خزمەتێکم پێ ئەنجام دەدرێ؟

**حاکم**: یەك فیداکاری بچووك! تا عەدالەتی راستەقینە جێبەجێ ببێ.

**میرشکار**: بە دڵ‌و گیان ئامادەم سەروەری خاوەن شکۆ.

"حاکم روو دەکاتە جەللاد"

**حاکم**: زۆر چاکە، قورتمی بگرە!

"جەللادەکە خەنجەر هەڵدەکێشێ‌و بەدەم کڕنۆش بردنەوە لە میرشکار نزیك دەبێتەوە. میرشکار پاشەوپاش دەکشێتەوە".

**جەللاد**: جەنابی میرشکار! ئازایانە چۆك دابدە.

**میرشکار**: چۆك دابدەم؟ بۆچی چۆك دابدەم؟

**جەللاد**: دەمەوێ ئەم پێشتەماڵە لە دەوری ملی موبارەکت بئاڵێنم.

**میرشکار**: بۆ؟

**جەللاد**: چاوی راستی جەنابی عالیتانم پێویستە.

"میرشکار بە ترساوییەوە پەنا وەبەر حاکم دەبا"

**میرشکار**: قوربان! قوربان! چاوی راستی من! بۆ چاوی راستی من؟

**حاکم**: جەنابی میرشکار، تۆ لەگەڵ عەدالەتدا نیت؟

**میرشکار**: بەڵام چاوی راستی من چ تاوانێکی نەکردووە.

**حاكم**: دروسته، دروسته، بەڵام چونكە تاقە چاوی بێ كەڵك، تەنیا چاوی راستی تۆیە، بۆیە چ چارێكمان نییە.

**میرشكار**: چاوی راستی من بێ كەڵكە؟ كێ دەڵێ بێ كەڵكە؟

**حاكم**: هەموو دەزانن میرشكار، چما بە خۆت نازانی وەختی راو چۆن چاوی راستت دەنووقێنی و بە چاوی چەپ سێرە لە نیشان دەگری؟

**میرشكار**: دروستە قوربان، بەڵام كاتێ چاوی راست دەنووقێنم كە نێچیرەكە دەركەوتبێ‌و كەوتبێتە بەر بوردی تفەنگەكەوە، بەڵام بۆ دۆزینەوەی نێچیرەكە هەردوو چاوم پێویستە.

**حاكم**: یانی دەتەوێ بڵێی كە چاوی راستت بێ كەڵك نییە؟

**میرشكار**: بەڵێ هەروایە قوربان.

"حاكم بە تووڕەیی"

**حاكم**: كەواتە بەم پێوانگە بێ، ئێمە ناتوانین یەك تاقە چاو پەیدا بكەین‌و دەری بێنین‌و خەیاڵمان ئاسوودە ببێ؟

**میرشكار**: بۆ نە ء قوربان، چی زۆرە خەڵكانێ زۆرن، كە چاو كەم‌و زۆر بە كەڵكی كارەكەیان نایەت.

**حاكم**: شتی وا چۆن دەبێ؟

**میرشكار**: دەبێ‌و هەشە قوربان!

**حاكم**: وەك؟

**میرشكار**: وەك بلوێر ژەنی بارەگای حەزرەتی حاكم!

**حاكم**: بەڵگەت چییە بۆ وەی كە چاوی بلوێر ژەنی بارەگای ئێمە بێ كەڵكەو بۆ كارەكەی پێویست نییە؟

**میرشكار**: بەڵگەم ئەوەیە كە كاتێ بلوێر دەژەنێ‌و هونەری خۆی دەنووێنێ هەردوو چاوی دەنووقێنێ.

**حاكم**: بۆ چاوی دەنووقێنێ؟

**میرشكار**: چونكە بە چاو نووقاندنەوە بلوێری چاكتر دەژەنێ.

**حاكم**: باشە چاو نووقاندن چ پێوەندییەكی بە چاك ژەندنەوە هەیە؟

**میرشكار**: هۆیەكەی دیار نییە رەنگە حیكمەتێكی تێدابێ كە تا ئەمڕۆ بۆ هەموو كەسێك روون نەبۆتەوە، بەڵام خاڵێك هەیە نابێ فەرامۆش بكرێ.

"بە دەنگێكی بنج برانە"

چاكترین بلوێر ژەنانی دنیا، ئەوانە بوون كە هەردوو چاویان كوێر بووە.

**حاكم**: كەواتە بەم حیسابە بێ، ئەگەر ئێمە هەردوو چاوی دەربێنین سەرباری جێبەجێ كردنی عەدالەت، ئەوا خزمەتێكی گەورەشمان بەو كردووە.

"روو دەكاتە كابرای جەللاد"

تۆ چ دەڵێی بۆرە پیاو؟

**جەللاد:** فەرمایشتێکی گەلێك بەجێ و ماقوولە، چونکە بەم کارە هەم عەدالەت بەرپا دەبێ و هەم هونەری هونەرمەندی بارەگای حەزرەتی حاکم. پتر رەونەق پەیدا دەکاو دەگەشێتەوە.

**حاکم:** کەواتە چاك گوێ بگرە، هەر کە کابرای بلوێر ژەن گەیشتە خزمەتمان چ گفتوگۆو موناقەشەیەکی لەگەڵدا ناکەین. هیچ بەڵگەیەك قبول ناکەین، ئەسڵەن پێویست ناکا هونەرمەندە گەمژەکەمان بکەوێتە بەڵگە تاشینی ئەوەی کە چاو بۆ پیشەکەی پێویستە.

بۆیە هەر کە گەیشتە ئێرەو دەستی بە بلوێر ژەنین کرد، بێ چەندو چوون هەردوو چاوی دەردێنی، هەم ئاستی هونەرەکەی ئەو بەرز دەکەیەوەو هەم ئێمەش ئاسوودە دەکەی.

"جەللاد دێتە پێشەوەی شانۆو دەوری راوی دەگێڕێ"

نێردراوی حەزرەتی حاکم لەم هەموو هاتوچۆیە وەڕس بووە، بۆیە فێڵێکی چاکی بۆ خۆی دۆزییەوە، ئێستا لە ماڵی بلوێر ژەن دایەو پشتی داوە بە سەرینێکی رەنگاوڕەنگەوە، بەدەم ناوکە قرتاندنەوە سەرگەرمی چەنەبازییەوە.

"جەللاد بە دەنگی نێردراو"

**جەللاد:** بەڵێ، ئەوە بوو دوێنێ شەو هەر هەمووومان لە حزوری حەزرەتی حاکمدا ستایشی تۆمان دەکرد، حەزرەتی حاکمیش ئەمەی قبوول نەبوو و دەیان فەرموو کە تۆ لە هونەرەکەتدا کارامە نیت بۆ؟ چونکە بە دەم بلوێر ژەندنەوە وەك هونەرمەندە گەورەو وەستاکان چاو نانووقێنێ. ئێمەش عەزرمان کرد کە: قوربان بە دەم بلوێر ژەندنەوە بە جۆرێ چاوان لێك دەنێ هەر دەڵێی بە زگماك کوێر بووە. ئێستاش حەزرەتی حاکم داوای کردووی کە خۆت بنوێنی تا ئەگەر قسەکەی ئێمە دەرچوو خەڵاتێکی زۆرت پێ کەرەم بکا.

"جەللادەکە بە دەنگی خۆی"

**جەللاد:** بلوێر ژەنی نەگبەت چنگێ ئاڵتون لە مستی ئەو ناڕەسەنە دەنێ و بە پەلە لەگەڵ نێردراوی حاکمدا وەڕێ دەکەوێ.

"بلوێرژەن وەژوور دەکەوێ و ئیکلامێکی پڕ لە ریا دەکاو عاردەکە ماچ دەکا"

**حاکم:** زۆر چاکە، زۆر چاکە، ماوەیەکە دڵمان کەڵکەڵەی سازی تۆ دەکا، ئێستاش بە بۆنەی جێبەجێ کردنی عەدالەتەوە لە پڕ هات بەسەری موبارەکمان دا کە بە شوێنی تۆدا بنێرین و بە نەوای دڵگیری بلوێرەکەت تاسەی دڵ و رۆحمان بشکێنین و شەکەتی کاروباری گەورەو زۆر لە لەشی خۆ دەرکەین، تۆ بە خۆت دەزانی کە هونەرمەندان لە پەنای ئێمەدا چ رێزو پایەیەکیان هەیە. ئەگەر گوێ رایەڵ و ملکەچ بن چۆن فریایان دەکەوین و خەڵاتیان دەکەین و قەدریان دەگرین، زۆر چاکە، وەرە پێشترەوە، وەرە پێشترەوەو لەوێدا بەرانبەر بە ئێمە دانیشە.

"بلوێرژەن دێتە پێشێ و رووبەڕووی کەرەوێتەکەو پشت لە بینەران دادەنیشێ. زۆر چاکە، ئێستاکێ دڵگیرترین، شیرینترین، ئاشقانەترین و بەسۆزترین ئاهەنگمان بۆ لێ بدە!

کابرای بلوێر ژەن دادەنیشێ و دەست بە بلوێر لێدان دەکا، حاکم دێتە پێشەوە، دادەنوێتەوەو لەدەمو چاوی بلوێر ژەنەکە رادەمێنێ، بە ئیشارەت جەللادەکە گاز دەکا،

هەردووکیان دادەنەونەوەو تەماشای دەکەن و سەر دەلەقێنن، حاکم بە ئیشارەت هەمووان گاز دەکا، هەموو دادەنەونەوەو سەیری بلوێرژەنەکە دەکەن و سەر دەلەقێنن. جەللادەکە بەدەم کێرد تیژکردنەوە چەند جارێك بە دەوری بلوێرژەنەکەدا دەسووڕێتەوەو لە پشت سەرییەوە رادەوەستێ، حاکم پەنجەکانی لەبەر چاوی بلوێرژەنەکەدا دەجوولێنێ و بزە دەیگرێ، جەللادەکە لە پڕ سەری بلوێر ژەنەکە دەخاتە نێوان هەردوو ئەژنۆی خۆی و دەنگی بلوێرەکە دەبڕێ. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەنگی سووکە هاوارێك دێ. هەردوو چاوی بلوێرژەنەکە دەرهاتوون و خوێشی دەمەو روو کەوتۆتە سەر زەوی.

**حاکم:** زۆر چاکە دەستت خۆش!

"هەموو هاوار دەکەن"

**هەموو:** پایەدار بێ حکومەتی حاکمی عادیل!

"کابرای گەنج هاوار دەکا"

**کابرای گەنج:** سێبەری حاکمی دادپەروەر لەسەر مەزلومان کەم نەبێ.

**حاکم:** ئاخ... خۆ ئیسراحەتمان کرد!

"باوێشك دەداو بە مست دەکێشێ بە سینگی خۆیدا"

زۆر چاکە، زۆر چاکە، ئێستا کە لە باری قورسی کاروبارمان رزگار بووین، وا چاکە چاوێ گەرم بکەین و سووکە ئیسراحەتێ بکەین تا بێینەوە سەرخۆ.

"بە تەمەڵییەوە بەرەو قەرەوێڵەکە دەچێ و دەگەڕێتەوەو روو لەوانی دی دەکا"

ئێستا بڕۆن و بە دەنگی بەرز هەموو خەڵکانی شار ئاگادار بکەنەوە کە عەدالەت جێبەجێ کراو هەقدارێك بە هەقی خۆی گەیی.

"بەسەر کەرەوێتەکەدا دەڕواو پاشان هێدی هێدی لە نێو قەرەوێڵەکەی پشت کەرەوێتەکەوە ون دەبێ و پێیە زلەکانی بەسەر قەراخی کەرەوێتەکەوە دەمێنن. جەللادەکەش بە هێمنی دادەگەڕێ و دەچێتە بن قەرەوێڵەکەوە. ئەوانی دی پێکەوە دێنە پێشێ و بەرامبەر بە بینەران دەوەستن و بە دەنگی بەرز"

**هەموو:** عەدالەت جێبەجێ کرا! عەدالەت جێبەجێ کرا! عەدالەتی حاکمی عادیل جێبەجێ کرا.

"بێدەنگ دەبن و بە دوو دڵییەوە دەڕواننە دەوروبەری خۆیان، دەگەڕێنەوە دواوە، پێیەکانی حاکم وردە وردە ون دەبن و دەنگی پرخە پرخی بەرز دەبێتەوە. هەموویان پێکەوە دێنە پێشترەوەو بە ترس و دوو دڵییەوە دادەنەونەوەو لە بینەران دەپرسن".

ئەرێ بەڕاستی عەدالەت جێبەجێ بوو؟ عەدالەت ئەنجام درا؟ کام عەدالەت جێبەجێ بوو؟ کام عەدالەت جێبەجێ بوو؟


www.pertwk.com

# فنسنت ڤان كۆخ

**باول ئايزلر**

## پەردەی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

شوێن گەڕەکێکی باکووری فەڕەنسایە، پشتەوە کێڵگەیەکی بەرفراوانە، ئاسمانی شین، کاژە هەوری تەنك و سپی، رەنگو روناکی نیگارو دیمەنەکانی ڤان کۆخ، ڤان کۆخ لەلای چەپەوە دێتە ژوورەوە، ستاندێك و تابلۆیەکی بە دەستەوەیە، جلێکی دەڵبی لەبەرە، شەپقەیەکی لەسەرە (وەك وێنەی) هونەرمەند بۆ کار دەچێت، هێدی هێدی دەڕوات و بە قووڵی بیر دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا لەلای راستەوە ژنێکی لادێیی لەگەڵ کچۆڵەیەکی (12) ساڵاندا دێتە ژوورەوە، هەردووکیان جلی رازاوەی یەکشەمەیان لەبەرە، لە ناوەندی شانۆدا تووشی فنسنت دەبن.

**ژن**: بەیانیت باش جەنابی ڤان کۆخ.

**کچۆڵە**: بەیانیت باش قوربان.

**فنسنت**: (بە ناسکی) بەیانیت باش خانمەکەم. (بە کچۆڵەکە) تۆ چۆنی مادلین؟

**کچۆڵە**: (بە شادییەوە) دەچم بۆ شار قوربان، دایکم شەپقەیەکی سپی گوڵ سوورم بۆ دەکڕێ. (زۆر بە گەرمی) ئەمە یەکەم شەپقەم دەبێ، چونکە لەوەو پێش شەپقەم نەبووە.

**ژن**: بڕۆ چەنەباز، گەر باسی شەپقەکەت بۆ هەموو کەس بکەیت زۆر دوا دەکەوین، ببوورە ئیشی بازاڕم زۆرە.

**فنسنت**: بێگومان فەرموو، مادلین (شەپقەکەی هەڵدەبڕێ) کە گەڕایتەوە دەبێ شەپقەکەت ببینم، (بەردەوام دەبێ لەسەر رۆیشتن).

**کچۆڵە**: (سەیری دەکات و ئەو دوور دەکەوێتەوە) بە دوعا، جەنابی ڤان کۆخ... کە گەڕامەوە بە شەپقەکەوە رەسمێکم دەکێشێت؟ (فنسنت تێپەڕیوە)

**ژن**: دەستی کچۆڵەکە دەگرێ و تۆزێ دەڕوات. (بەناسکی) وەرە ئەی چەقاوەسوو. (لەپڕ دەوەستێ، ئاوڕ بەلای راستدا دەداتەوە کە فنسنت لێوەی دەرچوو. بەداخەوە سەری دەلەقێنێ، ئەوجا بە دەنگێکی خەمناکی لەبەر خۆوە) گوناح خۆت ڤان کۆخ، گوناح خۆت.


www.pertwk.com

**كچۆڵە:** لە قەراخ شانۆكە، جارێكی دی ئاوڕ دەداتەوەو بە گەرمی: بەڵام شتی جوان وێنە دەكێشێت.

**دەنگ**

دوای تۆزێ بێدەنگی –دیمەنەكە بە تیشكی بە تینی هەتاو روون دەبێتەوە. مۆسیقای كوارتیتی بیتهۆڤن 135، رووناكییەكە خەمو كلۆلی بەپرسیارو وەڵامەكان دەبەخشێت. ئایا پێویستە ئەم بێ؟ وەڵام بنج برەو بێ خەمە پێویستە ئەم بێ... لە پڕ مۆسیقاكە دەبڕێ.. ئەمجا ماوەیەكی بێ دەنگی سەختو دژوار، ناڵەی تەقەیەك دڕی پێ دەداتو گێژەنگێكی شێتی مۆسیقای لیونولای (3)ی بیتهۆڤن لەگەڵیا.

**شاشە**

لەسەر شاشەكە (بە جوانیو ئاشكرا) ڤان كۆخ دیارەو لەسەر سەوزە گیاكە راكشاوە، غەدارەیەكی بە دەستەوەیەو تابلۆیەك لەسەر ستاندەكەیە (كێڵگەی شینو قەلەڕەشەكان) زوومی كامیرا لەسەر دەموچاوی فنسنتە، وردە وردە نزیك دەبێتەوە، تا تەنیا چاوی دیار دەبێ... عەدەسەی كامیراكە لە عەدەسەی چاوی نزیك دەبێتەوە، تێكەڵی دەبێ، هیچ شتێ دیار نابێ تەنیا تارماییەكی گەورە نەبێ، چاوی فنسنتو شیرینی عومری رابردووی.

**دەنگ**

لە ماوەی مۆسیقایەكی كزا (جووڵەی یەكەمی كوارتیتی بیتۆڤن واتە ماینەر ئوبی 132) دەنگی ژنە لادێیەكە دەبیسترێ... لەبەر خۆیەوە.

(ئینسانێكی كلۆڵە... زۆر كلۆڵە.. كلۆڵ هەروەها لە دوورەوە دەنگی پڕ لە سۆزی كچۆڵەكە (وەلێ شتی جوان وێنە دەكێشێت)و دەنگی ژنەكە نووساوو گڕو خەمبارو گلەیی دار (فنسنت. فنسنت) هەروەها دەنگی كارەسات ئامێزی ڤان كۆخ، ژیانم خۆشویست ژیانم خۆشویست.. ژیا.. ن.. م.. خۆش..ویس... ت.. دەنگانی دی تێكەڵ بە گێژەنگی مۆسیقاو دەنگەكان دەبێ.

چپەیەكی نزم لە كۆمەڵگایەكی كلێساییەوە، خوڕەی ئاو، گالیسكەكەی كانەكە بەسەر سكەكەوە خل دەبێتەوە، زەنگی ناقووس و هی دڵی ئەو دەنگو هەراو هوریایانەن كە لەگەڵ ژیانی فنسنتدا هاتوون كەچی مۆسیقا بەسەر هەموو ئەوانەدا زاڵ دەبێو بە كۆمەڵێك كۆرس دوایی دێ.. لە دواییدا دەنگی ژنە لادێیەكە (زۆر كلۆڵە) كچۆڵەكەش دەڵێ (بەڵام شتی جوان وێنە دەكێشێت) ئەمە چەند جارێ دووبارە دەبێتەوە، لەگەڵ دەنگی فنسنتدا، ژیانم خۆشویست، لەگەڵ بانگ كردنی ژنەكەدا بە نێوی فنسنت.

**شاشە**

لەگەڵ بەرزبوونەوەی مۆسیقای دەنگەكان لە بڵندگۆوە، شاشەكە چەند دیمەنێك دەربارەی ژیانو كارو وێنەی ئاشناكانی فنسنت دەنوێنێ. كێڵگەیەكی گەنم، كرێكارێك خەریكی كوڵ كارییە (حفر) دیمەنێك پڕە لە درەختی سەروو راوچی تۆڕەكانیان هەڵدەخەن كە كزر ببێتەوە، ژوورێكی تاریك كرێكار شتی تێدا دەچنن، زەردەخەنەی منداڵێك، كۆمەڵە پیاوێك

لە دەوری مێزێك قسان دەكەن‌و ئیشارەت دەكەن، ژن‌و پیاوێك یەكدییان لە ئامێز گرتووە، كۆمەڵە لادێییەك گوێ بۆ ئامۆژگاریی ئامۆژگارێك (واعظ) دەگرن، لەقتەیەكی نزیكی كەشیش بەدەم وەعزدادانەوە... بەشێوەیە لە چوار چێوەی ئەم گوێزانەوە خێرایانەدا هەندێ لەقتەی وەستاو هەیە تابلۆیەك، كورسییەك وێنەی پێشانگایەك، چەند پارچەی فیلمێك كە لە سەرەتادا روون نییە، لە كۆتاییدا روون دەبێتەوە. فنسنت دەردەكەوێ‌و بابەتەكەشی ئەوەیە، هەژاری‌و كلۆلی خەباتی ڤان كوخ لە پێناو خوادا، ڤان كوخ لە كلیسادا كڕنۆشی بردووەو بە یارمەتی كەشیش ئینجیل دیراسە دەكات.

ڤان كوخ لە گەڕەكێكی هەژاردا پیاسە دەكات‌و دەست بە قژی بژی كچێكی منداڵدا دێنێ، بۆ خۆی دەدوێ، هەندێ سۆزانیان سڵاوی لێ دەكەن. هەژارییەكی گورچكبڕ تێی ئاڵا بوو، ورتە ورتێ لە چوار چێوەی ئامێرەكانەوە دەبیسترێ.:

**دەنگ**

خۆزیا رووناكیم دەبینی، ئاە ئەگەر لەم تاریكییەدا دەمتوانی روناكی ببینم.

**دیمەنی دووەم**

ژوورێكی رووت‌و قووت پڕە لە پیاوو ژنی كرێكار، كرێكارانی كانگەی بوریناج پتر لە بیست كەسن، فنسنت بە پێوە رووبەڕوویان دەوەستێ، زۆر نزیكە لە گوێگرەكان، چونكە ژوورەكە زۆر بچكۆلەیە بۆ ئەوە كۆبوونەتەوە كە گوێ لە ئامۆژگارییەكەی (وعظ) بگرن. جلوبەرگی شڕۆڵەو دڕاویان لەبەردایە، رەنگی زەرد هەڵگەڕاویان گوزارشت لەو هەژارییە دژوارە دەكات كە تێیدا دەژین.

**فنسنت:** "رەنگ زەردو پەشێوە، ماندووێتی‌و نەخۆشیی پێوە دیارە، بەڵام بە گەرمی قسان دەكات". بەڵێ برادەران، ئا لێرەدا رووناكیم ناسی، روناكیم بینی، بەڵێ، لێرەدا بە تایبەتی لەم گوندەدا، كە چووم بۆ كانەكەو بینیم خەڵووز دەردێنن، روناكیم لە ناخی زەویدا، لەو زندانە تاریكەدا بینی‌و ناسی. رووناكیم لە زنجە شێدارەكانتاندا بینی... من لەم ژوورە رووت‌و قووتەدا رووناكی دەبینم. (كۆكەیەكی توند دەیگرێ، هەندێ لە ژنەكان نیگای یەكدی دەكەن).

**فنسنت:** (لەسەری دەڕوات) كەواتە لەبەر ئەوەی خۆشەویستیتان لە دڵدایە، ئازایەتی‌و بەزەیی‌و باوەڕ بە خۆتان لە دڵدایە. ئەوانەی لە كۆشكی بلووریندا دەژین دەموچاویان سپییە، دەستیان ناسكە، رووناكی ناگاتە دڵیان، هاتووچۆی كلیسا وەك چاكترین فەڵە دەكەن، هەموو ئەركێكی سەرشانیان وەجێ دێنن.. كەچی لێرەدا ئێوە زیندان دەكەن تا لە تاریكی ئەو ئەشكەوت‌و چاڵە ترسناكانەدا خوێنتان بمژن، ئارەقتان پێ بڕێژن. (كۆكە دەیگرێتەوە) مەسیحییەت لەوانەی ژیانی شادی‌و سەرفرازییان بۆ براكانیان ناوێ بەرییە. ئەوانە.. (كۆكەیەكی توند دەیگرێ، هەموو گیانی لەگەڵیدا دەجووڵێت).

**خاتو فردیر:** (ژنێکە لە تەمەنی 50 ساڵیدایە، دڵپاکو ئازایە، هەڵدەستێتە سەرپێ) ئەمە جوانترین ئامۆژگارییە جەنابی فنسنت، هەر چەندە پێم ناخۆشە پێتی بڕم، بەڵام دەزانم ئەگەر ئێستا نەچیتەوە بۆ ماڵێ تا تۆزێ بنووی، ناتوانی لە هەفتەی داهاتوودا وەعز دابدەیت، ئێمەش ئەمەمان ناوێ. (پشتگیرییەکی گەرم لەلایەن ئامادەبووانەوە).

**فنسنت:** ئێوە هەموو دڵپاکو مرۆڤی چاکن برادەران، بەڵام..

**خاتوو فردیر:** چی دی قسە مەکە قوربان... جاك (پیاوێکی کورتە بالا هەڵدەستێ) هەر ئێستا جەنابی فنسنت بەرەوە بۆ ماڵێ، خۆمیش تۆزێ شیر دێنمو دێم.

**فنسنت:** (بە ناقایلییەوە پێدەکەنێ) چاکە، بەڵام دەتوانم ئاگام لە خۆبێ.

**پیاوێك:** قوربان ئێمە ئامۆژگاری نەخۆشمان ناوێ، رەنگت بووە بە جاوی سپی، وەرە جەنابی **فنسنت،** وەرە جاك منیش دێم لەگەڵتاندا.

**فنسنت:** چاکە، ئێوە زۆر چاکن، شەوتان باش برادەران، زۆر سوپاس.

**هەموو:** (پێکەوە) شەوێکی شاد قوربان، خوات لەگەڵ، خەوێکی خۆش جەنابی فنسنت... تاد.

**پەردە**

هەندێ لەوانەی کە لە کۆبوونەوەکە بوون. لەلای راستی پێشەوەی شانۆوە تێدەپەڕن، یەخەکانیان هەڵدراوەتەوەو دەستیان لە گیرفانیاندایەو بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە... کات زستانە.

**پیاوی 1:** جەنابی فنسنت ڤان کۆخ پیاوێکی چاکە.

**ژنی 1:** دەڵێی یەکێکە لە خۆمان.

**پیاوی2:** بەڵێ، ئاخر موشیکیلەکە لێرەدایە.

**ژنی 2:** (بە توندی) چی؟ پێتخۆشە، یەکێك لەوانەی کە هەفتەی جارێ دێنو بەپەلە دەڕۆنەوە وەعزمان دابداتو قێز لە سەروچاوی تۆزاویو دەستی قڵیشاومان بکاتەوە.

**پیاوی 2:** من زۆرم خۆش دەوێ، کەچی هەندێك هەن حەزی لێ ناکەن. (دەوەستنو لە دەوری خڕ دەبنەوە) کە جارەکەی پێشوو چاوەڕێی خاوەن کۆمپانیاکەم دەکرد لەگەڵ وەفدەکەدا، مەبەستم ئەوەیە کە دەربارەی مانگرتنەکە چاوەڕوانمان دەکرد. گوێم لێ بوو بەڕێوەبەر لە پشت دەرگاکەوە لە ژووری دووەمدا پێی دەوت. (ئەو ڤان کۆخ ناوە) وتی: (کەشیشەکە بیری سەیرو نامۆیان دەخاتە مێشکەوە). ئەو بێ خەبەرەکەی تۆیش هاواری کرد. (قەیناکات، مارکوت، بەم زووانە لێی رزگار دەبین... بۆ منی دابنێ).

**پیاوی 1:** مەعلوم وای وت؟

**ژنی 1:** خوێنڕێژی کوڕی خوێنڕێژ.

**پیاوی 2:** بەڵێ، مەبەستم ئەمە بوو کە وەختێ وتم هەندێ هەن حەزی لێناکەن.

**ژنی 2:** لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە خۆشمان دەوێ، من ناتوانم کرداری ئەو سەهەندەو نەگریسانە ببینم، وەرە مۆریس بابڕۆینەوە بۆ ماڵ. شەوتان باش.


www.pertwk.com

**هەموو:** شەوتان باش، شەوێکی شاد.. شاد مۆریس، خەوێکی خۆش.

### دیمەنی سێیەم

ژوورەکەی ڤان کۆخ، لە گەوڕێکی رووت بەولاوە نییە، هیچ ناوماڵێکی تێدا نییە، فنسنت لەسەر جێگایەکی سەفەری راکشاوەو پەتۆیەکی پێوەیە. چەند کتێبێك بەسەر مێزێکی چکۆلەوەیە، لە سووچێکی ژوورەکەدا ستاندێك دانراوە پارچە کارتۆنێکی لەسەرە کە پشتەکەی لە ژوورەکەیە.

**فنسنت:** (بە دەنگێکی کزی شەکەتی نائومێدانە) ئاه خوایە دەستم بگرە.. یارمەتیم بدە ئەی کەسی بێکەسان، لێت دەپاڕێمەوە. ئەوا دەمەوێ باوەڕت پێ بێنم کەچی ناتوانم. تۆ کوێرەوەری‌و هەژاریی کوشندەت بۆ ئەو خەڵکە ناوێ، تۆ ناتەوێ خەڵکانی چاك‌و هەڵبژاردە لە کانگاکاندا بتوێنەوە. تۆ مندالانت خۆش دەوێ‌و لەگەڵ ئەوەشدا بە جلی شڕو پێخاوسەوە هەموو رەنگ زەرد‌و برسی لەم دۆزەخەدا دەژین. بۆ رێگای ئەمەت داوە. هاتم بۆ ئێرە کە مژدەی ئینجیلیان بدەمێ، کەچی زمانم نایەتە ژێربا... کت‌و مت وەك کاتێ کە منداڵ بووم‌و دەمویست درۆ بکەم، لەپڕ نەمدەتوانی، ناتوانم لەم شوێنەدا باسی عەدالەت بکەم، خەڵکی لێرەدا نایناسن‌و نازانن چی دەڵێن، ناتوانن باسی لێبوردن بکەن – دایکان لە کەسانێ نابوورن کە منداڵەکانیان لە برساندا دەکوژن. ناتوانم باسی ئەو دنیا بکەم، چونکە دەیانەوێ لەسەر ئەم زەمینەدا بەشادی بژین. من لاوازم بینایی چاوان، ئەمە دەزانم، نابێ گومانت لێبەکەم، بەڵام ناتوانم درۆ بکەم. نابینی کە ناتوانم درۆ بکەم، دەستم بگرە گەورەم، من لەم گومڕاهستانەدا رێگای خۆم نابینم. فنسنت ئەم وێردە بەشەکەتی‌و بەدەم کۆکەیەکی پچڕ پچڕەوە دەخوێنێ، لە کۆتایی نوێژەکەدا دووجار لە دەرگا دەدرێ، کەچی ڤان کۆخ لاوازو نوقمی دەریای ئەندێشە لە سێیەم جاردا وەئاگا دێتەوە.

**فنسنت:** فەرموو.

**خاتو فردیر:** دێتە ژوورەوەو گۆزەیەکی گڵ‌و بەرچنەیەك خواردنی پێیە، بەیانیت باش جەنابی فنسنت.

**فنسنت:** ئاه ئەمە تۆیت خانمەکەم، کە ژنێکی چاکیت، نەدەبوو زەحمەت بکێشی، من زۆر چاکم‌و.... چ بەڵایەکم لێ نییە.

**خاتو فردیر:** بە گلەییەکی دەست کردەوە، ئەمە بە چاکی دەزانی؟ تۆ ژەمە خواردنێکی چاکت نەخواردووە؟ ئاگرێ نییە، کورسییەك نییە یەکێك لەسەری دانیشێ‌تۆش بەم کۆکە گرانەوە، دکتۆرێك نەهاتۆتە سەرت... بەڕاستی قوربان. "بە بەتاڵ کردنی بەرچنەکەوە مژوڵ دەبێ‌و شیرە گەرمەکە دەکاتە شتێکەوەو دەیداتە ڤان کۆخ".

**فنسنت:** "بە تامەزرۆییەکی ئاشکراوە دەیخواتەوەو تۆزێ دەکۆکێ، ئاه خاتوو فردیر، ئەمە زۆر باشە. هەست بە گەرمی و بووژانەوە دەکەم، بەڕاستی ئافرەتی چاکیت. (بەشێوەیەکی مندالانە) بەڵام تکایە بەم شێوەیە لێم تووڕە مەبە.

**خاتو فردیر:** (لەسەر کورسییەکی شەق و شڕ دادەنیشێ و بە بایەخەوە چاودێریی فنسنت دەکات) ئێستا گوێ بگرە گەورەم، دەبێ بمبووری کە بەم بێ پەردەییە قسەم لەگەڵ کردیت، خۆم لە کارە تایبەتییەکانت هەڵقورتاند، بەڵام حەز دەکەم یەك پرسیارت لێبکەم، بۆ ئەم ژیانەت هەڵبژارد، تۆ پیاوێکی خوێندەوارو زانایت، وا نییە، تۆ لەمە پێش بەم شێوەیە نەژیاویت وا نییە، (تۆزێ بێ دەنگ دەبێ، سیمای کەمێ شڵەژاوی دەنوێنێ، لە ترسی ئەوەی مەبادا ڤان کۆخی ڕەنجاندبێ، هەڵدەستێ بۆ ئەوەی پەرداخێکی دی لە گۆزەکە تەژی بکات) بۆم نییە بەم شێوەیە قسەت لەگەڵدا بکەم، ئەوە دەزانم بمبەخشە جەنابی فنسنت، من پیرەژنێکی هیچ و پووچم، بێگومان هەر بەم شێوەیە قسان لەگەڵ کەشیشەکەماندا دەکەم).

**فنسنت:** ئەگەر لە ماڵێکی ڕازاوەدا ژیابام و جلوبەرگی چاکم پۆشیبا، بە دەگمەن دەمبینیت، تۆش ئاوا زوو بە زوو سەردانت نەدەکردم، ئەم بایەخەی ئێستات پێ نەدەدام– حاڵی هەیت؟ بۆیە لێرەدا دەژیم تا نزیك بم لە تۆوە لە جاك و ماری و ئەوانی دی. ئەگەر بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ئێستا ژیابام، نەمدەناسین، دەتوانم بە جۆرێکی دی و بە ئارامی بژیم، بەڵام من خۆم ئەو ژیانەم ناوێ.

**خاتو فردیر:** وا بزانم لە مەبەستت تێدەگەم. لە ڕاستیدا جارەکەی پێشوو بە جاکی مێردم دەگوت، جاك... تۆ سڵ ناکەیتەوە لە ناوبردنی وشەی نەفرەت لەبەردەم کاك فنسنتدا. وەڵامی دایەوە. هەڵبەت سڵ ناکەمەوە، ڕاستیدا هەندێ شت لەلای ئەو دەڵێم، شەرم دەکەم لەبەردەم تۆدا بیڵێم، مێردەکەم ئەمەی وت کە تۆ پیاویت و من ژن. (پێدەکەنێ) منیش هەست بەمە دەکەم.. لەبەر ئەوە پرسیارم لێکردیت کە بۆ لێرەداو بەم شێوەیە دەژیت.. مادام قسەکەمان هاتە سەر هەمان بابەت. پێت دەڵێم کاك فنسنت ئەوەی ئێستا پێت وتم دەربارەی کۆشك و خانووی ڕازاوە ڕاستە، بەڵام هەرگیز پێویست ناکات بەم حاڵە دژوارە بژی. چونکە ئێمەی نەدارا بەم شێوەیە ناژین.

**فنسنت:** دەزانم، بەڵام شتەکە بە لای منەوە بڕاوەتەوە، دەمێکە ئەم بڕیارەم داوە، ئێستاش دەمەوێ ئەمە بە کردار بسەلمێنم... من بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕێم نەك ماڵ و سامان. بۆیە لەو ساوە هەژارم، ئەوان لەم دنیایەدا قینیان لێ دەبێتەوە ئەگەر نەبێ بە کۆیلەی زێڕو سامان... ئەوان کرێی کەمترم لەوەی کە بە ئێوەی کرێکاری کانە خەڵووزەکان دەدەن.. پێ دەدەن... بۆیە بەم شێوە دژوارە دەژین... من ئێستا کرێکارم وەك ئێوە... وەك جاك و مارسیل و ئەوانی دی شادمانیشم بەوەی ڕێگای خۆم لە نێو ئێوەدا دۆزییەوە (کەمێ بێدەنگی. ئەوجا بە ئارامی درێژەی پێ دەدا) بە داخەوەشم کە دەبێ ئێستا جێتان بهێڵم.

**خاتو فردیر:** (ڕادەچڵەکێ) جێمان دەهێڵی؟ تێ ناگەم. بۆچی؟ "لە دەرگا دەدرێ".

**فنسنت:** فەرموو ژووری.

**ماری:** "دێتە ژوورەوە"، بەیانیت باش قوربان، جەنابی فنسنت تۆزێ قاوەم بۆ هێناویت، بەستەیەکی بچکۆلە لەسەر مێزەکە دادەنێ وام زانی تۆ.. تۆ.. چاکە. خۆت دەزانی مەبەستم چییە.. ویستم بزانم ئاخۆ دەتوانی هەندێ وانە بە ئەنتوانی بچکۆلە بڵێیتەوە، نەخۆشە و

ناتوانیٚ بچیت بۆ قوتابخانە.. لەوەپێش ئەوەت کردووە ئایا دەتوانی ئەو پیاوەتییەمان لەگەڵدا بکەیتەوە؟

**خاتوو فردیر:** جەنابی ڤان کۆخ دەڕوات، ماری، خۆی پێی وتم.

**ماری:** خوایە، بۆ دەڕوات؟ ئەمە راستە گەورەم؟

**فنسنت:** بەڵێ، ناچارم، بەویستی خۆم نییە، گویٚ بگرن بۆ ئەو شتەی ئەوڕۆ پێم گەیی، "هەڵدەستیٚ زەرفێکی گەورە لەسەر مێزە چکۆلەکە دێنیٚ" ئەم کاغەزەی هەمان ئیرسالییە کە بۆ لای ئێوەی ناردبووم، بۆتانی دەخوێنمەوە یان هەندێکتان بۆ دەخوێنمەوە. "دەخوێنێتەوە". جەنابی ڤان کۆخ، دەمێکە، راپۆرتی زۆرمان پێدەگاتو ئەوە دەسەلمێنیٚ کە ئێوە بە شێوەیەکی چاك ئەرکی خۆتان ئەنجام نەداوە. ئێمە ناردمانیت بۆ برویناج کە خەڵکی ئەویٚ لە وشەی خوا نزیك بکەیتەوە، فێری خۆڕاگرتنو ئارامیان بکەیت بەرامبەر بە دژواری و سەختی ژیانو وایان لێبکەیت قەناعەت بە ئاستی ژیانی خۆیان بکەن، تۆ چیت کردووە؟

بەڵگەمان پێیە، بەڵگەی پیاوانی رەسمیو مەسئوول، بەڵگەی گومان لێنەکراو، کاك بۆنارد، خاوەنی کانی باتریو کاك روجیەی خاوەنی کانی پرتراند، تۆ بە پێچەوانەوە کارت کردووە، لە بری رێگای قەناعەت کردنو ملکەچییان فێر بکەیت، گیانی نارەزاییو شۆڕشت تێیاندا وروژاندووە، ئەم وشە گرانە، کەمترین شتێکە کە بخرێتە پاڵ تۆوە، تۆ هاندەری مانگرتنی کرێکاری کانەکان بوویت.. هانت داون یاخی بن، جا لە بەرامبەر ئەم تۆمەتەدا ناچارین ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە دابنێین بۆ تەماشاکردنی شتەکەو پێشکەشکردنی روون کردنەوە یان بەرگری لەلایەن تۆوە. ئەمەو، ئەنجوومەنی دەسگاکەمان بڕیاریدا ئەو پلەیەت لیٚ وەربگرێتەوە، لە ئەندامێتیی دەستەی بەڕێوەبەر دەرت بکات. ئاگادارت دەکەین کە بڕیارەکەت یەك دوو رۆژ دوای ئەم نووسراوەمان دەگاتە جیٚ. شتی دی و دیش. بەم شێوەیە دەبینن پێویستە بڕۆم.

**خاتوو فردیر:** ئەوانە هیچو پوچن... ئەگەر مەسیحییەکی راستەقینە هەبیٚ، تۆیت, ئاه قوربان، زۆرمان پیٚ ناخۆشە.

**ماری:** تۆ مرۆڤێکی بە رەحمو دڵپاك بوویت، دۆستو ئاشنامان بوویت، تەنانەت منداڵانیش خۆشیان دەویٚی.

**خاتو فردیر:** ئێستا کۆکەکەت چاك بووە، تەواو چاك بوویتەوە.

**فنسنت:** بەڵیٚ، ناخۆشە، زۆر ناخۆشە، بەڵام چ قەیدییە، بەوانی دی بڵێن سبەی ئێوارە دەیانبینم تا ماڵ ئاواییان لیٚ بکەم.

**ماری:** بە دوعا جەنابی فنسنت.

**خاتو فردیر:** بە دوعا. "دەردەچن"

**فنسنت:** خواتان لەگەڵ هاورێکانم.

## دیمەنی چوارەم

ماوەیەك بێ دەنگی. فنسنت دێ و دەچێ، لە پڕ لەبەردەم پارچە کارتۆنێکدا دەوەستێ، بەرەو جەماوەر وەری دەگێڕێ، وێنەیەك لەسەر کارتۆنەکە بە قەڵەمی خەڵووز دروست کراوە، ئافرەتێك دەنوێنێ کە دانیشتووە. فنسنت دەڕوانێتە وێنەکە، ئەوجا ستاندی وێنەکەی بەرەو رووناکییەکە وەردەگێڕێ و بیر دەکاتەوە.

**فنسنت**: "لەگەڵ وێنەکەدا" بۆ وا سەیرم دەکەیت خانم، شتێ رووی داوە؟ هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە نازانم... تۆ جوانی لەبەر چاوم، بە وردی سەیری وێنەکە دەکات. یەکەم وێنەی چاکە لە ژیانما وێنەی بکێشم. من تۆزێ دواکەوتووم، ئەمە دەزانم "بە هەڵچوونەوە" بەڵێ پاشەڕۆژم لێرەدایە. لە پڕ رادەپەڕێ، تا تابلۆکە وەربگێڕێ و ستاندەکە لە سووچێکی ژوورەکە دابنێ و وا بزانم میوانێکی دیمان دێ خانمەکەم، بە داخەوەم بەڵام تۆزێ شادم. لە دەرگا دەدرێ. گاڵتە بەسە، فەرموو "بەرەو دەرگاکە دەچێ تا خۆی بیکاتەوە، نیشانەی شادی و سەرسووڕمان لە سیمای دەنیشێت، وەختێ کە باوەش دەگرێتەوە بۆ میوانەکە" تێو.. برام هەر خۆتی... ئاه چەن خۆش بوو.

تێو دەبات بۆ ژوورەوە، لە فنسنت بچووکترە وەك قەدو قەڵافات رێك پۆش و چەناگە باریك وەك لە وێنەی خۆشەویستم تێودا، لەو کۆمەڵە نامەیەی ڤانکۆخدا کە زنك... ستوون بڵاوی کردوە... "تێو جانتایەکی سەفەری ئاسایی پێیە، دایدەنێ و بەدەم قسەکردنەوە پاڵتۆکەی دادەکەنێ".

**تێو**: بە بینینت شادم، فنسنت، دەستی دەگرێ و لێی ورد دەبێتەوە، وەرە با چاك بتبینم، هەم، کەمێ رەنگت زەردە، کوڵمەکانت تۆزێ قووپاون، نەخۆش بوویت؟

**فنسنت**: بەڵێ، کەمێ نەخۆش بووم، بەڵام ئێستا تەواو چاك بوومەتەوە، گوێ مەدەرێ.. تۆ هێشتا هەر وەك خۆتی مامۆستای بەڕێز... ئاه، لەگەڵ تۆدا وەك منداڵێکی شادمانم، بە دەوریدا دەگەڕێ، ئێستا لە هەموو کاتێ پتر پێویستیم پێتە، پێویستیم بەوەیە قسەت لەگەڵ دا بکەم، گوێ لە ئامۆژگارییەکانت بگرم، وەرە دانیشە، "تێو بۆ شتێ دەگەڕێ لەسەری دانیشیت بەڵام تۆزێ نارەحەتە پەتۆیەك لەسەر جێگاکە رادەخات" لێرەدا دانیشە.

**تێو**: (دوای ئەوەی چاوێك بەسەراپای ژوورەکەدا دەگێڕێ)، ئەم هەموو ماوەیە لێرەدا دەژیایت؟

**فنسنت**: (بەبێ سەبرییەوە) بەڵێ، وا سەیرم مەکە تێو، دەزانم شوێنێکی چاك نییە، بەڵام نامەوێ ببم بە یەکێك لەوان.

**تێو**: بەڵێ بەڵام فنسنت...

**فنسنت**: تکات لێ دەکەم تێو، واز لەم قسەیە بێنە، وەڕەس بووم لە باسکردنی ژوورەکەم، هەر کەسێ دێ بەسەرساممییەوە باسی دەکات وەك خۆم نەزانم، خۆش نییە، باشە ئەی

چییه، ئاه، بەداخەوە تێو، ئەمە یەکەم جارە دێیتە دیدەنیم و منیش بە رووتدا هەڵدەشاخم. بمبەخشە تێو.

**تێو:** گەوج مەبە فنسنت. وەك بڵێی برای خۆم نەناسم، بەڵام وەرە بزانم چۆنیت لەگەڵ کاروبارەکانتدا، (جانتاکەی دەکاتەوە توێشەبەرەیەك خواردن دەردێنێ و دەیخاتە بەردەم فنسنت) بخۆ منیش برسیمە.

"فنسنت و تێو دەست بە خواردن دەکەن".

**فنسنت:** "بەدەم پاروو جوینەوە" من بەر لەوەی دەس پێبکەم حەز دەکەم پرسیاری حاڵ و ئەحواڵت بکەم، هەموو شتێ باشە؟

**تێو:** بەڵێ، چۆنت دیون هەروان، هیچ شتێکی تازە نییە، هەموو لایەك باشن، بیری خۆت بە من و ئەوانەوە مژۆڵ مەکە.

**فنسنت:** ئەی باوکم و دایکم، خوشکەکانم، بەم زووانە بینیوتن؟

**تێو:** بەڵێ... بەر لە دە رۆژ دیتمن، زۆر چاکن.

**فنسنت:** نیگەرانی من نین؟

**تێو:** بەڵێ.

**فنسنت:** خوایە... کەواتە با پێت بڵێم.

**تێو:** خۆت ماندوو مەکە... پێش چەند رۆژێ یەکێکی دەستگای ئێرسالییەم بینی و هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە... لیستەیەکی دوورو درێژی بۆم خوێندەوە. هەر بۆیەش بەم پەلەیە هاتم بۆ لات، لەوەپێشیش هەر نیازی سەردانم هەبوو.

**فنسنت:** ئەی رای تۆ چییە؟ ئەوا جارێکی دیش تێ کەوتم: پیشەیەکی دیکە کە بە کەڵکی نایەم.

**تێو:** تۆ گێلی فنسنت. گوێت لێ بوو شتی وا بڵێم؟ وا بزانم راستگۆ بوویت لە هەموو کردارەکانتدا..، بەڵام ئەمەم بە کابرا نەوت... تەنیا سەرم بۆ لەقاندو گوێم لە قسەکانی گرت.

**فنسنت:** هەی زۆڵ.

**تێو:** بەڵێ، لەوانەیە وابم، بەڵام گوێ بگرە، شتەکە هێندەش گرنگ نییە وەك تۆ بیری لێدەکەیتەوە.

**فنسنت:** گرنگ نییە؟ من...

**تێو:** "کەمێك" بەڵام ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەوەیە ئێستا چی؟ بیرت لەمە کردۆتەوە؟ پرۆژەکانی داهاتووت چین؟ ئەوەی نیگەرانم دەکات، بابمان چۆن هەواڵەکە وەردەگرێ.

**فنسنت:** بەڵێ دایك و باوکە هەژارەکەم بێگومان تووشی نائومێدی بوون، تێکەوتن لە دوای تێکەوتن... لێشم تێ ناگەن.

**تێو:** نەخێر ناتوانن لێت تێبگەن، لەگەڵ ئەوەشدا لێت ئومێدبڕ نین، رادێن و بیریان دەچێتەوە بەڵام ئەی پاشە رۆژت؟ "ماوەیەك بێدەنگی" فنسنت هەڵدەستێت دەچێت بۆ لای ستاندەکە، وێنەی ئافرەتەکە وەردەگێڕێ تا تێو بیبینێ.



www.pertwk.com

**فنسنت:** تێو، دەمەوێ شتێکت نیشان بدەم.. چۆنی دەبینی؟

**تێو:** بە وردی سەیری وێنەکە دەکات هەڵدەستێت بۆ ئەوەی لە سووچێکی دییەوە سەیری بکات "چاکە.. زۆر چاکە، کەی کردت"

**فنسنت:** چەند رۆژێکە... لە مانگی رابردوودا گەلێ سکێچم کرد، لە پڕ هەستێکی سەیرم لەلا دروست بوو، کە دەبێ رەسم دروست بکەم... ئەمە یەکەم وێنەی تەواوە.

**تێو:** "جارێکی دی سەیری دەکات" بەڵێ، زۆر شتی تێدایە، بەڵام با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، ئەی پاشەڕۆژت؟ فنسنت سەیری دەکات، جارێکی دی نیگای بۆ وێنەکە دەگوێزێتەوە، تێو ئاوڕ لە فنسنت دەداتەوەو نیشانەی سەرسامیو تێنەگەیشتن بە سیمایەوە دیارە... فنسنت بە ئاستەم سەر دەلەقێنێ، ئەوجا بە باوەڕەوە..."

**فنسنت:** "بە پەشێویو کەمێ شەرمەوە" بەڵێ تێو پاشەڕۆژم، پاشەڕۆژم لەوێدایە.

**تێو:** فنسنت، بەڵام نامەوێ ئامۆژگاریت بکەم، تۆ لە من چاکتر خۆت دەناسیت، راستە وتم ئەم وێنەیە چاکە بەڵام هێشتا زۆری ماوەو رێگایەکی سەختو درێژت لەبەرە.

**فنسنت:** "بەباوەڕەوە" دەزانم، تێو دەزانم دەتەوێ چی بڵێی، هەروەها دەشزانم من چ رێگایەکم گرتۆتەبەر، رێگایەکی سەختم لەبەرە، پێش ئەوە ببم بە نیگارکێش، بەڵام دەزانم دەمەوێ ببم، وەك دەزانی تێو، من ویستم لە رێگای ئینجیلەوە یارمەتیی خەڵکان بدەم، کەچی بواریان نەدام، لەوانەشە بۆی نەشیابم... ئەمە، ئەو رێیەیە کە باسی خوای پێدەکەم لە مەیاندا کەس ناتوانێ بەر هەڵستم بێ، بەمەش دەتوانم چیم دەوێ بیڵێم.. تەنیا ئەو شتانەی دیارو لەبەرچاون وێنەی ناکێشم، بەڵکو وێنەی ئەو شتانەش دەکێشم کە هەستیان پێ دەکەم.

**تێو:** من دەزانم چی دەڵێی، فنسنت, بەڵام... تۆ ئێستا گەنجێك نیت، هەروەها چ ئەزموونێکت لەمەڕ وێنەو نیگارەوە نییە.

**فنسنت:** هەموو ئەمانە دەزانم، دەشزانم رەنگە ئێستا گاڵتەت پێم بێ.. دەستم دایە گەلێ شتەوە. جارێ ویستم ببم بە وێنە فرۆش، جارێ بە مامۆستا، ئەوجا بە ئامۆژگار "واعظ" ئێستاش نۆرەی ئەمەیە، تکایە تێو گیان ئەم جارە متمانەت پێم هەبێ... دەزانم رێگا دژوارەو نرخی گران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ بیبڕم.

**تێو:** چاکە وا دەزانم خۆت دەزانی چی دەکەیت... شتێکی دی هەیە دەبێ حیسابی بۆ بکەیت، رەسم کاتی زۆری دەوێ دەشزانی تۆ وەك وێنەکێشێکی ناشیو تازە تا ماوەیەکی زۆر ناتوانی نانی پێ پەیدا بکەی، وا نییە؟ ئەی دەربارەی ئەو رۆژگارو ساڵانە چ دەڵێی کە دەبێ بییان بڕیت پێش ئەوەی ئیشێ لە ئیشەکانت بفرۆشرێ؟ رای بابیشمان دەربارەی دەزانیت.

**فنسنت:** "بە نیگەرانی" بەڵێ گیروگرفتێکی گەورەیە، ئەوە دەزانم "بە بڕیارێکی توندەوە" بەڵام ئەوە ساردم ناکاتەوە تێدەگەی، لەگەڵ ژیانی هەژاراندا راهاتووم... "تۆزێ بێدەنگ

دەبیٚ‌و بە دوو دڵییەوە سەیری تێو دەکات" تۆش سووکە یارمەتییەکم دەدەیت، تێو وا نییە؟

**تێو**: بێگومان، بەڵام خۆت دەزانی توانام کەمە... با بیریٚ بکەمەوە.. دەتوانم مانگی تەنیا سەد فرانکت بۆ بنێرم.

**فنسنت**: ئاه! "تێو بە شادییەوە لە ئامێزی دەگریٚ" دەڵێی وەك ئەوەی ئەم پارەیە هیچ نەبیٚ، زۆر زۆرە، هەموو شتێکە گوێت لێیە؟ دەتوانم خۆمی پیٚ بەڕێوە ببەم، ژوورێکی هەرزان‌و کەمی نان‌و قاوەو تووتن‌و کاغەزو قەڵەم وەك سەرەتا "بەهەڵچوونەوە" ئاه، تێو تۆ گوڵی گوڵیٚ، تۆ نەبای چیم دەکرد برا "دەستی تێو دەگوشیٚ" بەڵێنت دەدەمیٚ ئەم جارە ژیوان نابیتەوە.

**تێو**: "بەبرایەتییەکی راستەقینەوە" قسەی بەلاش.. من باوەڕت پیٚ دەکەم فنسنت، لەبەر ئەوە من هەمیشە ئامادەم ئەم سووکە یارمەتییەت بدەم، من لە پشتیتم، بەڵام شەڕی راستەقینە شەڕی خۆتە.

## پەردەی دووەم

### دیمەنی یەکەم

ژووری دیبوی وێنەکێش ژوورێکی گەورەو پۆشتەیە، هەموو جۆرە وێنەو شتێکی رازانەوەی تێدایە، لەسەر مێزێکی چکۆلە جۆرەها شووشەو پەرداخی خواردنەوە هەڵچنراوە, هەموو شتێکی ژوورەکە هەستی هونەری و ئاسوودەیی دەبەخشێت، دیبو لوسین‌و ئەندریەی هاوەڵی لەبەردەم ستاندێکدا وێستاون کە تابلۆیەکی گەورەی بەسەرەوەیە، بە رەنگی ئارام‌و نەرم رەسم کراوە.

**لوسین**: "جلی کەشخەی لەبەردایە، ریشی بەرداوەتەوە، بەدەست ئیشارەی رەخنەگرانە دەکات" جوانە دیبو، جوانە... چۆن ئەمە هاتە بەر؟ پیٚم بڵیٚ، "بە شێوەیەکی زیاد لەپێویست" چۆن ئەم شاکارەت هێنایە بەر؟

**ئەندریە**: "گەنجێکی خوێن گەرمە" ئاه، دیبو تۆ بەلای بەلا ئەو لایەنانە، ئەم رەنگانە کارێکی زۆر گەورەیە، پیٚم وایە چاکترین ئیشتە.

**دیبو**: "جلەکانی رێکو پێکە، بەڵام ئیهمالی کردووە، پایپێکی درێژی بەدەمەوەیە، لەوە دەچیٚ لە خۆی‌و لە ژیان وەڕس بیٚ، بێزارە لەو هەموو ناوبانگەی وەدەستی هێناوە، بەبیٚ هودە بە دوای شتێکی نوێدا دەگەریٚ" پیٚم وایە وێنەیەکی چاکە، یان بتوانم بڵێم وێنەی تەواوە؟ بەڵام وەك دەیبینن پارچەیەکی هونەری نییە. پیشەیەکە‌و بەس.

**ئەندریە**: دیبو!

**لوسین**: چۆن دڵت دیٚ؟

**دیبو**: "بە ساردی" چونکە من دەزانم، دەبێ بزانم... بە درێژایی ئەم ساڵانە کارێکی هونەریم ئەنجام نەداوە، باوەڕم پێ بکەن، تەنیا کارێ یا دوان نەبێ "بە تەوسەوە" ئەویش لە سەردەمی ساکاریمداو لە بیستەکاندا، کە هێشتا ئەم شێوازو تەکنیکە ڕۆتینییە نەحلەتییەم نازانی.

**لوسین**: بەڵام، دیبو وەك گشت هونەرمەندێك بەم ئەزموونانەدا تێدەپەڕێ هەموو هەر تووشی ئەم ناکۆکییە بووین هەموو پێویستمان بە تەکنیك هەیە، بەو خۆت وتەنی ڕۆتینە نەحلەتییە هەیە، بەڕاستی تەکنیك بە کەڵکمان دێ، بەڵام هەستو ڕەسەنایەتی دەتکەن بە وێنەکێش.

**دیبو**: "بەداخەوە" بەڵێ، ئێستا هەستەکانم کوتو زنجیر کراون... ئەگەر هەست هەشبێ، هەر ئەمەیە وام لێدەکا بپرسم ئایا بەراستی وێنەکێشم، مەبەستم وێنەکێشە بە گشت واتای وشە.

**ئەندریە**: وازی لێ بێنە لوسین، لێی گەڕێ، ئاشکرایە دیبو لە ڕووی تەوازوعەوە ئەمە دەڵێ کە بەمەوە گرتی ئیدی نەتۆو نەکەس دەتوانێ کاری تێ بکات.

**دیبو**: نەفرەت لە تەوازوع، شێتە من هەست بە شانازی دەکەم هەر ئەمەش بوو بە پاڵ پشتی هەستم، کەواتە من سەرکەوتووم لە ئیشەکەمدا، لەوە پتر چیم گەرەکە؟ ئەم تابلۆیە گەلێ دڵ ڕاکێشەرە، لەوەش زیاتر پارەیەکی چاك وەدەست دێنێ. "پێدەکەنی" ئێوەی هونەرمەندی بەم جۆرە تاساو، جا وای بۆ ئەو مێشکە بە تاڵانەی هەواداری تابلۆ کڕینن، دەنگەکە لە نێو ئەوانا گەورەتر دەبێ "دیسان پێدەکەنی"، من پێم وایە دەبێ بەشەڕو هەرایان بۆ وەدەست خستنی ئیشێ لە ئیشەکانی دیبوی بلیمەت.

**لوسین**: باشە دیبو ئەم جارەش پێت ڕابواردین، من ئامادەی مشتومڕ نیم هەر چەند خراپەت لەگەڵ کردین، ئەوڕۆ هەست بە شەکەتی دەکەم.

**دیبو**: "بەگاڵتەوە" ئاه، بێگومان لە دوا سەرکەوتنەکانتا... نێوی چی بوو؟ یانی وا دەماری گرتیت؟ "لوسین تاقەتی مشتومڕی نییە سەری دەلەقێنێ".

**ئەندریە**: گوێی مەدەرێ لوسین "بەرەو مێزی خواردنەکەوە دەچێ" وەرە با براندییەکەی دیبو بخۆینەوە... تۆڵەی خۆمانی لێ بکەینەوە.

**لوسین**: بیرێکی چاکە کەواتە پەرداخێکی زیادە بۆ من تێبکە چونکە دوو ئەوەندەی تۆی پێکردم.

**دیبو**: ئەگەر مایەوە پەرداخێکیش بۆ بەندەی خانەخوێتان تێکەن.

**ئەندریە**: "براندییەکە تێدەکات دوو پەرداخ بە دیبوو لوسین دەدا ئەوجا پەرداخەکەی خۆی بەرز دەکاتەوە" لە چاوی....

**لوسین**: لە چاوی ئەو کەسەی ئیشە ڕۆتینەکەی دیبو دەکرێ "پەرداخەکانیان چۆڕبڕ دەکەن. نیگای یەکدی دەکەنو پێدەکەنن..." تازەی بکەوە "ئەندریە پەرداخەکەی خۆی دەداتێ، هەروەها هینەکەی دیبو، ئەندریە بە فڕێك پەرداخەکەی خۆی تەواو دەکا.

**دیبو:** راوەستە، وابزانم میوانێکی دیمان هات "دەرگاکە دەکەوێتە سەر گازی پشت بێ ئەوەی لێ بدرێ، ماریون دێتە ژوورەوە و ترستیك بە دوایدا، ماریون ئافرەتێکی سی ساڵانە، جوانە ئارایشتێکی زیاد لە پێویستی کردووە، جلی گران بەهای پۆشیوە، لەشی پڕو توند، بەڵام قەڵەو نییە، ترستیك جوان پۆش‌و نیشانەی دەوڵەمەندیی پێوە دیارەو لەسەر خۆو کەم دووە، تەمەنی لە رواڵەتیا دەرناکەوێ، لەوانەیە لە نێوان 30- 50 بێ"

**ماریون:** هەلۆ چاوەکەم تەماشا بزانە کێم لەگەڵ خۆمدا هێناوە.

**دیبو:** ماریون، ئاه ئەوەی تۆ "بەترستیك" شادم بە دیدارت کاك ترستیك.

**ماریون:** خۆشەویستم، تۆ تەنیا، ئا ئەوە تۆیت... بەم ساردییە چاتر وابوو هەر نەیڵێی.

**دیبو:** داوای لێبوردن دەکەم ماریون، لە تۆش کاك ترستیك. بێگومان شادم بە دیداری هەردووکتان، بەڵام من چاوەڕێی میوانێکی دی بووم، بۆیە وتم ئا ئەوە تۆیت مەبەستم شتێ نەبوو.

**لوسین:** ئای کەشتێکی سەیرە دیبو رەق بێ‌و بێ ئەوەی مەبەستی بێ، دوو شت هەیە لێرەدا، یا ئەوەتا خۆشی دەوێی یان لێت دەترسێت، بۆیە جۆرە هەستێکی بەرانبەرت هەیە.

**ئەندریە:** توخوا ئەگەر بێدەنگ نابی؟ چۆنی ماریونی خۆشەویستم، تۆ چۆنی کاك ترستیك؟

**ترستیك:** دەژیم، سوپاس، هیوادارم باش بی.

**ماریۆن:** "دادەنیشێت، جگەرەیەك دادەگیرسێنێ"، باشم ئەندریە سوپاس هەر چەندە ئێستا لە دیبو پەست بووم بەڵام هەر باشم. "دیبو کاك ترستیك دەبا بۆ لای تابلۆکەی، ترستیك بە وردی سەیری دەکات‌و ناو بەناو سەری رەزامەندی دەلەقێنێ، لوسینش دەچێتە لایانەوە".

**ماریۆن:** "ئاوڕیان لێدەداتەوە" وێنەیەکی قەشەنگە، وا نییە کاك ترستیك؟ دەیکڕیت؟

**ترستیك:** بەڕاستی ئیشێکی چاکە، من ئامادەم هەموو کاتێ بیکڕم ئەگەر دیبو حەز بە فرۆشتنی بکات.

**لوسین:** بەم بۆنەیەوە، دیبو تۆ وتت چاوەڕێی میوانێکی... کێیە.

**دیبو:** فنسنت ڤان کۆخە هاکا خۆی بە ژوورا کرد.

**ماریۆن:** خوایە، بە ئاواتی ئێوارە دانیشتنێکییەوە بووم، تۆ دەڵێی چی کاك ترستیك؟ دەیناسیت وا نییە؟

**ترستیك:** زۆر چاکیش، لە راستیدا من هیچ حیسابێکی بۆ ناکەم  بەڵام ئەمە رێی ئەوەم لێ ناگرێ کە بەزەییم پێیدا بێتەوە.

**ئەندریە:** کابرایەکی سەیرە، لەگەڵ ئەوەشا کاکم ئیشارە بۆ لای دیبو دەکات وا دیارە حەزی لێدەکات.

**لوسین:** "بە گاڵتەوە" خوویەکی شیری دییە لە خووەکانی دیبو. هەندێ جار هیچ جۆرە سۆزو هەستێکی ئینسانی لەلا نییە، هەندێ جاریش دەبێ بەکانی سۆزو خەمکەی خەمان.

**ماریۆن:** پێم وایە وا هات "لە دەرگا دەدرێ".

**ديبو:** وەرە ژووریَ، ڤان كۆخ، "فنسنت دیَتە ژوورەوە، جليَكى كۆنى لەبەردايە، ئاشكرايە هى خۆى نييە، هەندىَ گۆڕانى تازەشى پيَوەيە ريشيَكى زبر، قژيَكى بڕو شتى ديكەش، سەرەڕاى ئەم روالَەتەى، وتە كورت و مەبەست بەخشەكانى و ئەتوارى، ساميَكى زۆرى دەداتىَ، نيگەرانى و نا ئاسوودەيى پيَوە ديارە خەلَكەكە لە دەورى دەبينرىَ و ئەويش ئيشەكانى لە فايليَكى كارتۆندايەو خستوويەتىَ بن هەنگلَى.."

**فنسنت:** ئيَوارەو باش.

– ئيَوارەت باش.

– هەلو ڤان كۆخ.

– ئيَوارەت باش.

"ديبو بە پيرييەوە دەچىَ و دەستى دەگوشىَ"

**فنسنت:** ديبو. نەمزانى ئەوڕۆ ئاهەنگ هەيە، كە پيَت وتم بيَم بۆ ستۆديۆ وامزانى دەتەوىَ ئيشەكانم ببينى و قسەيان لەسەر بكەيت.

"ماريون و لۆسين سەيرى يەكدى دەكەن، وەك بلَيَن: بينيت، پيَم نەوتيت".

**ديبو:** ئەلهەقى ئەمەى دەيبينى ئاهەنگ نييە فنسنت، بەلَكو بە ريَكەوت وا كۆبووينەوە، بيَگومان هەموويان دەناسيت؟

**فنسنت:** بەلَىَ پيَم وايە، لەوە پيَش بينيومن.

**ديبو:** لەبەر ئەوە با جارىَ بخويَنەوە، وەرە ئەندريە ئيشەكەى خۆت بكە دوايى دەتوانين بە دوو قۆلَى چاوىَ بە تابلۆكانتا بگيَڕين و واز لەمان بيَنين.

**ئەندريە:** "هەلَدەستىَ بەلاى برانديیەكەوە" براندى ديبو بۆ هەمووان حەلالَە، پەرداخەكان پڕ دەكات، يەكە يەكە دەيداتە دەستيان. فنسنت پەرداخەكەى خۆى وەردەگرىَ و لەسەر ميَزەكە دايدەنىَ بىَ ئەوەى دەستى پيَوە بدات لەگەلَ هاتنە ژوورەوەى فنسنتدا جەوەكە دەگۆڕىَ. دەبن بە كۆمەلَ كۆمەلَەوەو ئەندريە لەگەلَ لوسين و ماريون لەگەلَ ترستيكدا... كەچى فنسنت لەولاوە دەوەستىَ لە كۆمەلَە زۆرەكەوە نزيكترە... ئەم كۆمەلَ كۆمەلَە تا كۆتايى ديمەنەكە دەميَنىَ.

ترستيك: خۆشحالَم بە شادى بتبينم فنسنت. دەميَكە يەكمان نەديوە.

**فنسنت:** بەلَىَ دەميَكە، وا نييە كاك ترستيك؟ حەزم دەكرد جاريَكى ديش بهاتبايتا سەيرى ئيشەكانم، ديبو لاى وايە لە پيَش كەوتندام.. كىَ دەزانىَ لەوانەيە رۆژيَك بىَ ئيشىَ لە ئيشەكانم بكڕيت.

**ترستيك:** خۆت دەزانى پيَمخۆش دەبىَ.. بەلام خۆت دەزانى دەبىَ بە بۆيەى ئاوى و زەيتى ئيش بكەيت پيَش ئەوەى بتوانم شتيَكت ليَبكڕم، سكيَچ بە كەلَكى فرۆشتن نايەت و باوى نييە.

**فنسنت:** "بە تووڕەيى" بە كەلَك نايەت، باوى نييە, وشە گەليَكن قيَزيان ليَدەكەمەوە. من هيچ ويَنە فرۆشيَكم نەبينيوە ئەم قسانە نەكات.

**لوسین:** بەڵام تۆ دەتەوێ ئیشەکانت بفرۆشی ڤان کۆخ، کەواتە دەبێ گوێ لەم قسە ناشیرینانەشیان بگری ئەو وێنە فرۆشانە پشتیوانی هونەرو هونەرمەندانن.
**فنسنت:** "بە توندی" هیچ کەسێ بەقەد بازرگانە گەورەکانی هونەر دوژمنی هونەر نین.
**ئەندریە:** لەسەرخۆ، لەسەرخۆ... نابێ ئەوەندە رەق بی لەگەڵ ترستیکی هاوەڵمانا.
**ترستیك:** "بەهەمان کەمتەرخەمیی بەخشندەوە" قەیناکات، منو فنسنت، یەکدی دەناسین. زۆر جار مشتومڕمان کەوتۆتە نێوان... وا نییە؟ بەڵام تۆ خۆت دەزانی فنسنت من لایەنگری تۆمو دڵنیام ئەگەر پتر خۆت ماندوو بکەیت سەرکەوتن وەدەست دێنی.
**فنسنت:** "دیسان تووڕە دەبێ"، گەر پتر خۆم ماندوو بکەم؟ مەبەستت چییە رۆژی 12 یان 14 سەعات بەس نییە؟ تۆ زیاتر ئیش دەکەیت؟
**ماریۆن:** رۆژی 12 یان 14 سەعات؟ چۆن ئەم هەموو وەختە بەسەر دەبەیت؟
**فنسنت:** "بە بێزکاڵییەوە" چی، دیارە کە رەسم دەکەم.
**ئەندریە:** 14 سەعات لە رۆژێکا، ئەم هەموو وەختە لە رەسمو سکێچ-دا دەکوژی.
**ترستیك:** خۆت دەزانی فنسنت تاقە گلەییم ئەوەیە زۆر درەنگ دەستت پێکرد.
**فنسنت:** "بە گەرمییەوە" جا ئەمە چ پێوەندییەکی هەیە، من خۆم ماندوو دەکەمو کار دەکەم لە پێناو ئەو هونەرەدا کە بەشێوەیەکی چاكو بە دڵ دەیقۆزمەوە. گەر دەمبینی کە رەگی دارێ یان درەختێ رەسم دەکەم، جارێ دووان، سییانو پتر لە 5 سەعاتی پێوە دەکوژم. دڵنیا دەبی کە هیچ بەهرەیەکم پێ نییە، بەڵێ دەبوا، 12 سکێچ وێنە بکێشم، بۆ ئەوەی ئەوە بدۆزمەوە کە ژنانی بوویچ چۆن فەردە خەڵووز هەڵدەگرن، چەند جارێکیش ئافرەتێك لەبەر دەممدا وێستا تا رەسمی بکەم بەڵام بێهودە، ئاقیبەت پیاوێ فێری چۆنێتی هەڵگرتنی فەردە خەڵووزی کردم... تۆش بە شێتم دەزانی کە ئەم هەموو وەختە لە ئیشی وا سادەدا بە فیڕۆ دەدەم.
**دیبو:** لەوە پێشیش پێم وتوویت ڤان کۆخ، رەسمەکانتم بە دڵە موفق هاوەڵمان راستی دەکرد سکێچەکانت رەنگیان تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم زیادی پێوە دەنێی 14 سەعات ئەوەشت بیر نەچێت تۆ هونەرمەندی نەك کرێکار.
**فنسنت:** "هاوار دەکات" وتت، هونەرمەند نەك کرێکار هەڵەکەت تا لێرەدایە، نهێنی نابینایی هەمووتان ئا لێرەدایە...
هونەرمەند دەبێ کرێکار بێ، بەڕاستی من ماندووم دەبم، پێویستە لەسەرم ماندوو ببم.... دەبێ بەسەر گەلێ کۆسپدا زاڵ ببم، بۆ ئەوەی دەستم دەق بگرێ... بەڵام ئەمەش هەموو شتێ نییە... من کە ئەو هەموو سەعاتە یەك لە دوای یەکانە بە ئیشکردنەوە دەکوژم، دەمەوێ ببم بە یەکێك لەو راوچیو چنین کارو کرێکارانەی کە رەسمیان دەکەم، تێ دەگەی؟ من بەم ئیشەم دەگەمە ئەو شوێنەی لە دەموچاوی خەمبارو تۆزاوییان، لە پشتی چەماوو ماندوویان، لە هەستی دەستی زبرو بازووی توندیان تێ بگەم، چۆن دەتوانی بەبێ ئەمە ببی بە هونەرمەند؟ چۆن دەتوانی وێنەی ئەو پیاوە بکێشیت کە هەستی پێ ناکەیت؟ شتێکی

دیش هەیە ئەگەر بووم بە یەکێك لەوانەی لە دەوروبەرمن، گەر وەك ئەوان خۆم ماندوو کرد. ئەگەر گەییمە ئەو نانە رەقەی کە دەیخۆن ئەوسا کە ئەوانیش لێم تێدەگەن، باشە وەك بزانی بۆچی کەسانێکی زۆر کەم لە هونەرو دنیای هونەر تێدەگەن؟ نەزانییە؟ رەنگە هەندێ جار ئەوە هۆیەك بێ.... بەلام هۆی راستەقینە نەبوونی متمانەیە... ئەمە هەستێکی زگماکییە، دیبو تۆ لە ژیانێکی خۆشا دەژیتو رۆژی چەند سەعاتێ لەبەردەم تابلۆیەکتدا دەکوژی جا ئەو چەوساوانەی بە درێژایی رۆژ خەریکی زەوی کێلانن، رێزی ئیشێکی وا ناگرن، سوپاس بۆ تۆ دیبو کە ئەم راستییەت بەم ئاسانییە بۆ روونکردمەوە، ئەگەر هونەرمەندان بوون بە کرێکار، دیارە کرێکارانیش دەبن بە هونەرمەند.

**لوسین**: جوانە، جوانە، فنسنت کە وتارێکی جوان بوو... تۆمەز وتاربێژیشی.

**دیبو**: دەمت داخە لوسین، ئەوەی فنسنت وتی حەقیقەتی زۆر تێدا بوو، سەرەڕای ئەوەی باوەڕم وایە کە تەنیا قسەو تیۆرییە.

**ئەندریە**: کەواتە: با بزانین کارەکانی لەگەڵ وتەکانیدا جووتن.

**فنسنت**: بە کورتی نا، حەز ناکەم ئەوشۆ بیبینین، کات درەنگە بە هەر حاڵ "دەیەوێ فایلەکەی هەڵگرێ" وا چاترە بگەڕێمەوە بۆ ماڵێ.

**ماریۆن**: "بە سووکە تەوسێکەوە" ئاه، نا، کاك ڤان کۆخ نابێ پەژیوان ببیتەوە. بە قسە سەرنجت راکێشاینو دەتەوێ بڕۆی، وەرە بە لای کەمەوە هەندێ لە سکێچەکانتمان نیشان بدە.

**لوسین**: راست دەکا، منیش حەز بە بینینیان دەکەم، قسەکانت وای دەردەخەن کە شتی نا ئاسایی لە کارەکانتدا هەبن.

**فنسنت**: نا، نا... دادتان نادا.

**ترستیك**: ئەوەندە سەرسەخت مەبە.

**دیبو**: دەی کەر مەبە، با سەیرێکی ئیشەکانت بکەین. "دەچێ بۆ لای فنسنت فایلەکەی لێوەردەگرێ، لەسەر مێزەکە دای دەنێ دەست بەکردنەوەی دەکات. فنسنت مل دادەخاتو دادەنیشێت. هەموو دێنە شوێنەکەی دیبو تا سەیری سکێچەکان بکەن".

**شاشە**

هەندێ لە وێنەو سکێچەکانی سەرەتای ڤان کۆخ لەسەر شاشەکە بۆ بینەران دەردەکەوێ تا ئەوەی، ئەوانەی سەر شانۆ دەیبینن، بینەران لەسەر شاشەکەوە بیبینن، کامیرا لە دەموچاوێکەوە بۆ دەموچاوێکی دی دەچێ... لەگەڵ هەندێ لەقتەی نزیك خستنەوە، گومانو ڕاڕایی و تێنەگەیشتنیان لەو ئیشانەی دەیبینن، دەنوێنێ.

**ئەندریە**: "سەیری سکێچی- کرێکار، دەکات" کە پێوانەکانت سەیرە. با بە ئاشکرا قسەت لەگەڵ بکەم، هیچ جۆرە پێوانەیەکی تێدا نییە. دیبو تۆ سەیری تلو دەستی پیاوەکە بکە. زۆر کرچو کاڵە, خۆزی لە قسەکانم زویر نابیت ڤان کۆخ.

**دیبو**: بەڵێ، پێویستە پێت بڵێم ڤان کۆخ، سکێچەکانت پڕن لە هەڵە ئەی نابینی؟

**فنسنت:** "رادەپەڕێو هەڵدەستێتە سەر پێ" نەخێر بێگومان هێشتا زۆرم ماوە، بەڵام ئەوەی ئێوە بە هەڵەی ناو دەبەن، بە ئانقەستە، دەمەوێ بەوە گوزراشتی راستەقینە لەو شتە بکەم، کە دەیبینم نەك دەقاو دەق شتەکە، بەڵکە زۆر لەوە زیاترە، ئەوەی هەوڵ دەدەم رەسمی بکەم دەستەکە نییە، بەڵکو جووڵەکەیە. نەك دەستەکە وەك چۆن هەیە بەڵام گوزارشت کردنە لە دەستەکە...

بۆ وێنە کرێکارەکە کاتێ کە سەر هەڵدەبڕێ بۆ ئەوەی هەوای پاك هەڵمژێ، یان کاتێ کە قسە دەکات... گوزارشت لە خودی ژیان خۆی دەکات.

**ترستیك:** قسەی رووتەو هیچت لێ چاوەڕوان ناکرێ. فنسنت من وەك دۆستێ پێت دەڵێم. بچۆ بە دوای ئیشێکی دیدا بگەڕێ، من لە شتێ دڵنیام کە تۆ هونەرمەندیت فنسنت.

**فنسنت:** بیبڕەوە ئاگات لە قسەی خۆت بێ... بۆت نییە بەم شێوەیە قسە بکەیت. بێگومانم لەوەی کە هەڵە زۆر لە ئیشەکانمدا هەیە هەڵەی گەورە. هەروەها گومانم لە دروستی ئەوە نییە کە دەیکەم. بۆ ئەوەی ببی بە هونەرمەندو... دەبێ لە گەڕانی بەردەوامدا بی، بێ ئەوەی پێی بگەی. من دەگەڕێم دوای دەکەوم، بەدڵو بە گیان هەوڵ دەدەم، بەڵام تۆ وا بزانم دەڵێی دەزانم، دۆزیومەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵ بدە هەفتەیەك وەك من بژی. هەر لە هەوەڵەوە واز لە هونەر دێنی هیلاکو ماندوو، نانی وشك، هەژاری ئەمجاش ناگەڕێمەوە گوێت لێیە؟ من هونەرمەندم کاك ترستیك.

**دیبو:** ترستیك گومانی لێت نییە ڤان کۆخ، نابێ بیر لەمە بکەیتەوە، قسەیەك بوو هات بە سەر زاریدا.

**لوسین:** بێگومان هەستو نەستی هونەرمەندت هەیە- مژدەی تەقینەوەیەکی سەیرت پێیە.

**ماریۆن:** من شتێ دەبینم کاك ڤان کۆخ، ئەویش ئەوەیە تۆ تەنیا بابەتی ناشیرینو هەژارت وەرگرتووە..؟ سەیرکە کرێکار، راوچی، پیرێژن، کرێکاری کان... هیچ شتێك نییە جگە لە رەمەکی مەردم نەبێ. خەریکە بۆنی ئەو شوێنانە دەکەم کە تیایدا دەژین.

**فنسنت:** زۆر وایە... لە راستیدا، دەبێ هونەرمەند تا رەسم بکات لە ناشیرینترینو پیسترین شوێندا بژی، نەك لە نێو ئاهەنگی چا خواردنەوەو ژنانی جواندا. مەگەر ویستی ژنانی جوان رەسم بکات، من ئەوەم ناوێ، ئەوانە بە لای منەوە ئەو جوانی و شەخسیەتەیان نییە کە لە رەمەکی مەردمە ناشیرینەکەدا هەیە.

**ماریۆن:** بە ساردییەکی بریندار کەرەوە، بۆیە لەگەڵ خراترین کچانی سەر جادەکاندا دەتبینن.. ئەوانە بەلای تۆوە جوانن.

**فنسنت:** "لە تووڕەییدا لالا مووەکات" نەخێر، جوان نین، بەڵام هەر چۆنێ بێ لە تۆ ناشیرینتر نینو زۆر لە تۆ راستگۆترن...

**ماریۆن:** "بەقیژەوە" دیبو.

**دیبو:** بڕۆدەرێ هەی... چ بیانوویەك بۆ قسەکەی دیبو نامێنێ، چونکە فنسنت بە خۆی رایکردە دەرێو دەرگاکەی بە یەکادا.

**ماريۆن**: "هستريا گرتوويەتى" ديبو پێم وتيت... ئەم هاوەڵەت ئەی ئێستا، بە خۆت بينيت.. دەست بە گريان دەكات‌و فرمێسكەكانى دەرژێن.

**ترستيك**: لە راستيدا دەمزانى كابرايەكى سەيرە، بەڵام نەك بەم شێوەيەش... شەرانيشە.

**ديبو**: "بە ئارامى" با پێت بڵێم ماريۆن، هەقى خۆت وەرگرت، تۆ بە خۆڕايى هارت كرد. "گريانى ماريۆن‌و هەنسك هەڵدانى زياتر دەبێ"

**لوسين**: ئەم هاوەڵە بليمەتەت، شێوازێكى دەگمەنى هەيە بۆ گوزارشتكردن لە خۆى، ئەمە هەموو رەسەنايەتييەكەيەتى.

**ئەندريە**: منيش لە گەڵتام، بۆ بايەخ بە ئينسانێ بدرێ يەك زەرە بەهرەو چەمكى پێ نەبێ.

**ديبو**: ئەى بەستەزمانينە "بەهێمنى و بە ئەسپايى" لەوانەيە وێنەكێشێكى مام ناوەندى بم‌و هەست‌و راستگۆييم پێويست بێ، بەڵام دوو چاوم هەيەو دەبينن، راستە ڤان كۆخ تووندە تەبيحەتە. دان بە مەدا دەنێم، بەڵام دەبێ بە هونەرمەندێكى گەورە.

**ترستيك**: بەڵام تۆ، ديبو...

**ديبو**: ئێوە، هەموو كەوتوونەتە ستايشى ئەو پارچەيە "ئيشارە بۆ لاى تابلۆكەى دەكات" هونەرمەندى راستەقينە نابينن، ئێوە بە هونەرمەندم دەژمێرن. بەڵكو بە بليمەتم لە قەڵەم دەدەن زۆر چاكە كەواتە حەقيقەتتان پێ دەڵێم... ئەگەر رۆژێ لە رۆژان نێو برام، بۆيە نێو دەبرێم چونكە گەورەترين هونەرمەندى سەردەمەكەمانم ناسيوە "هەموو بەسەرسامى سەيرى دەكەن... گەرمى‌و راستگۆييەكى نائاسايى لە قسەكانيا بەدى دەكەن...".

بەڵێ، بەراستمە، بۆ يەكەمين جاريشە... مەبەستم ئەوەيە كە ڤان كۆخ "بێدەنگييەكى خەست" كڵۆڵ خۆم خوايە... پێكێكم بۆ بكە ئەندريە بۆ خۆت‌و ئەوانيش.

**پەردە**

**ديمەنى دووەم**

شانۆ بە تيشكى كزى گڵۆپى شەقامەكە روناكە، وێنەيەكى پەرپووتى شەقامێكى چۆڵ‌و سامناك لە يەكێك لە گەرەكە هەژارەكانى هاكدا لەسەر شاشە ديارە. دوو سۆزانيى شەكەت‌و ماندوو قونكە جگەرەكانيان دەكێشن.

**مارتا**: "بە دەنگێكى كز" كاتى گەرانەوەمان هاتووە... من ماندووشم‌و برسيش.

**سين**: چ شەوێك بوو تاقە پوولێكمان دەست نەكەوت، سەربارى ئەمەش دەبوو لە چايخانەكەدا پێكێ شەراب بكرم.

**مارتا**: يەك مشتەرى، ئەويش پيسكەو پوولەكى. بروا بكە مامەڵەى لەگەڵ كردووم. تۆ خۆت من دەناسيت كە چۆنم لەگەڵ ئەوانەدا دەبوو داواى پارەى زيادەى لێ بكەم، من رقم لەمەيە.

**سين**: دەزانى مارتا، هەندێ جار بەزەييم بەو كەسانەدا دێتەوە... خەوتنيان لەگەڵ ئێمەدا تينووتييان ناشكێنێ؟

**مارتا**: لەوانەیە وابێ- بەڵام لە هیچ باشترە بۆیان.

**سین**: کلۆڵە بەستەزمانەکان. بێگومان هەموو کاری تەنیاییە.. من هەست بەوە دەکەم، چونکە خۆم تەنیام.

**مارتا**: من تەنیا نیم، بیتەرم هەیە... دەڵێم، دۆستت نییە؟ ئەی کێ پاڵت پێوە دەنێ بۆ ئیش کردن؟

**سین**: کەس... منداڵەکان، ئەرکیان گرانە... یەکێ کەش وا بەڕێوەیە.

**مارتا**: سین زۆر بەداخەوە خۆزی پیاوێکت هەبا، داڵدەی دابای و تۆزێ ئەرکی سووک کردبای... من دەڕۆم تۆ دێی؟

**سین**: نەخێر تۆزێکی دی دەمێنم. بەڵکو؟ شەوباش مارتا.

**مارتا**: کەواتە بە دوعا تا سبەی "سین، دەردەچێ" "سین لە نێوان شانۆدا بە ورتە ورت دەڕوات و لەلای راستەوە دەردەچێ".

**شاشە**

فنسنت لەسەر شاشە دەردەکەوێ، لە یەکێ لە شەقامەکاندا خۆی داوەتە دەم هەنگاوەوە- لە دوورەوە، دەنگی مۆسیقایەکی کز دەبیسترێ یەکەم سمفۆنیای چوارەمی برافرا، لە نێو شەپۆلی مۆسیقاکەدا دەنگی فنسنت دەبیسترێ.. پیاو نابێ تەنیا بێ ناشێت تەنیا بێ. لەپڕ وێنەکە دەگۆڕێ، فنسنت دەردەکەوێ، گەنجەو جلوبەرگێکی چاکی پۆشیوەو شان بەشان لەگەڵ کیژێکی شۆخ و شەنگدا دەڕوات. هەردووکیان بە بێدەنگی بەسەر سەوزە گیاکەدا هەنگاو دەنێن... فنسنت دەوەستێ، کچەکە تەماشایەکی پرسیار ئامێزی دەکات.

**فنسنت**: "بەدوو دڵی" دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم ئوزولا. "تۆزێ بێدەنگی" من.... بە پەلە. ئوزولا، من خۆشم دەوێی، شووم پێدەکەی؟ باوەشی "پیدا دەکات، دەیەوێ ماچی بکات بەڵام ئەو بەرهەڵستی دەبێ و هەڵدێ".

ئوزولا: "هاوار دەکات" لێم گەڕێ نامەوێ.

بڕگەکانی سەرەتای دوا بزووتنەوەی سمفۆنیای نۆیەم دەبیسترێ. لەولاشەوە دەنگی تووڕەیی کیژەکە "نامەوێ" دەبیسترێ. دوا بە دوای ئەو لەقتەی جۆراوجۆری وێنە دێتە سەر شاشە، فنسنت لە کێڵگەدا راکشاوە، لە شەقامێکی قەڵەباڵغدایە، بە تەنیا لە ژوورەکەیدا... وێنەکان وەک خەون دێن و دەڕۆن... ژنانی شۆخ، کچانی بە کەیف و ژن و مێردی ئاسوودە ئەوجا لەقتەیەك لە نزیکەوە دەموچاوی فنسنتی تاکو تەنیا پیشان دەدات.

فنسنت لە دۆڵێکدا دەوەستێ و دەڕوانێتە باڵندەیەك بە حەواوە. زوومەکە لە نێوان باڵندەکەو دەموچاوییا دێ و دەچێ. فنسنت ئاوڕ لە کیژێك دەداتەوە کە لە تەنیشتییەوە وێستاو جلی جوانی هۆڵەندی لەبەردایە.

**فنسنت**: کێ "دەستی دەگرێ" دەمەوێ شتێکت پێ بێژم من خۆشم دەوێی کی، دەمەوێ شووم پێ بکەی. "زوومەکە دەچێتە سەر دەمو چاوی پەشۆکاوی" کی "کی دەستی رادەپسکێنێ و هەڵدێ" کی کی... کی...


www.pertwk.com

"زوومەکە شوێن ئافرەتە هەڵاتووەکە دەکەوێ، ئەوجا دێتەوە سەر باڵندەکە، دەچێتەوە سەر ئافرەتەکە. لە دوورەوە دەنگی دەبیسترێ"

کی: نا، هەرگیز، هەرگیز.

**دەنگ**

لەگەڵ ئەم وێنەو دیمەنانەدا، مۆسیقایەکی پەشێوو خەمناک هەستی پیاوێ دەنوێنێ کە بە بێهودە تامەزرۆی خۆشەویستییە، دەشێ چەند برگە لە بزووتنەوەی یەکەمی ئۆرویکا یان یەکەم برگەی سمفۆنیای متزارت، بزووتنەوەی یەکەم و دووەمی سمفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤن دانرێ.

**شاشە**

جارێکی دی فنسنت دەردەکەوێ، بە تەنیا لە گەڕەکێکی هەژاری چۆڵدا دەڕوات... وێنەکە وردە وردە بەرەو ون بوون دەچێ، تا لەگەڵ دەرکەوتنی فنسنت لەسەر شانۆ لەلای راستەوە، بە یەکجاری ون دەبێ، فنسنت هێدی هێدی هەنگاو دەنێ و ئاگای لە دەوروبەری خۆی نییە، سین دەچێتە سەر شانۆ، فنسنت دەبینێ، دەوەستێ تا دەگاتە لای خەریك دەبێ لێی تێپەڕێ، رێی پێ دەگرێ... بە شێوەیەکی پڕ لە نازو.... شانی دەگرێ.

**سین**: "لە قسەکردنیدا لاسایی پۆلیس دەکاتەوە" هێی تۆ... خێرە بەم شەوە ئۆغر بێ؟

**فنسنت**: "رادەچڵەکێ، ئەوجا دێتەوە سەرخۆ" فیو ترساندمت کاکی پۆلیس.

**سین**: ئاه، ترساندمیت؟ بێگومان ویژدانت..

**فنسنت**: لەوانەیە، بەڵام ئەمە تاوانێك نییە، وا نییە؟

**سین**: وا بزانم، بە هەر حاڵ، نێوت چییە؟

**فنسنت**: فنسنت... ئەی تۆ؟

**سین**: کرستین، بەڵام لەم ناوچەیە بە سین بانگم دەکەن، ئێستا گوێ بگرە فنسنت، حەز دەکەی بێی لەگەڵمدا؟ شوێنەکەم دوور نییە.

**فنسنت**: بەڵێ، حەز دەکەم، بەڵام نازانم.

**سین**: چی نازانی؟

**فنسنت**: راستیت دەوێ، هێندەم پێ نییە بەش بکات.

**سین**: "بەکەم سەیرییەوە" منیش لەگەڵ ئەمەشدا خۆ هەندێ پارەت پێیە, وانییە؟

**فنسنت**: بەڵێ، بەڵام زۆر کەمە، دەست بە گیرفانیا دەکا و هێندێ پارەی وردە دەردێنێ ئەمە هەموو پارەکەمە.

**سین**: "بەگومانە سەیری پارەکە دەکا" دڵنیایت ئەمە هەموو پارەکەتە؟

**فنسنت**: بەڵێ.

**سین**: "بەداخەوە پێدەکەنێ" کەواتە من پارەی پارچە نانێ ناکەم.

**فنسنت**: بەداخەوەم، نەمەویست ئازارت بدەم، بەڵام ئەوە دۆغرییەکەیەتی "دەسووڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕوات" شەوباش هیوادارم تووڕە نەبی.

**سین**: قسەی بەلاش، بۆچی تووڕە دەبم؟ وا دیارە تۆ ئینسانی چاکیت مەڕۆ، دەتوانی بێی لەگەڵمدا.

**فنسنت**: بەڵام... "ئیشارە بۆ نێو لەپی دەکات".

**سین**: نیگەران مەبە... بە هەر حاڵ درەنگە "باسکی فنسنت کە دوو دڵی پێوە دیارە، دەگرێ... بە مەیلەو سۆزێکەوە رای دەکێشێ" واز لە سەرسامی بێنە... وەرە نوکتەیە، قسەیەکی خۆشم بۆ بڵێ.

**فنسنت**: "دەوەستێ" تۆ دڵنیای لەوەی دەیکەیت؟

**سین**: "پێدەکەنێ" غەریب خۆت. دەتەوێ لێت بپاڕێمەوە تا بێی؟ "لەپڕ گومانی لا دروست دەبێ، لە نزیکەوە دەڕوانێتە دەموچاوی، پێم بڵێ تۆ سەرخۆش نیت؟

**فنسنت**: نەخێر، سەرخۆش نیم. "لەگەڵیا دەڕوات" شتەکە ئەوەیە... من دەمێکە لە سۆزو نازی ئافرەت بێبەشم.

**تاریکی.**

## دیمەنی سێیەم

بەشێك لە شانۆ، بە تیشکی چرایەکی نەوتی کە لەسەر مێزێ دانراوە رووناکە. فنسنت لە پشتەوەی دانیشتووەو دەنووسێت، لە ماوەی نووسینەکەدا وێنەی تێو لەسەر شاشەکە، لە بەشە تاریکەکەی شانۆ دەردەکەوێ کە نامەکەی دەخوێنێتەوە، لە بڵندگۆوە دەنگی تێو دەبیسترێ.

**دەنگ**

**تێو**:... باشە بەڕێزان، پێتان دەڵێم، ئەی ئەوانەی رووناکبیری و ئەتواری لەبارو بەپێز بنیات دەنێن و هەڵی دەسەنگێنن، ئێوە لەسەر هەقن، ئێوە راست دەکەن، ئەگەر هەڵسەنگاندن و نرخاندنەکەتان چاك و لەبار بێ، کام ئەتوارو کردەوە، کەمێ پیاوەتی و ئینسان دۆستی تێدایە، بەرەڵاکردنی ئافرەتێ یان پشت گرتنی ئافرەتێ کە کۆمەڵ پشتی تێکردووە؟ ئەم زستانە تووشی ئافرەتێ بووم ئەو پیاوەی کە سکی پڕ کردووە جێی هێشتووە. ژنێکی سك پڕ بەو زستانە ساردە شەقامەکانی تەی دەکرد، بۆ ئەوەی پاروو نانێ بە دەست بێنێ بەو رێگایەی کە خۆتان دەیزانن. ئەو ئافرەتەم برد وەك مۆدێل رەسمی بکەم، بە درێژایی زستانەکە ئیشم لەگەڵی کرد، پارەم نەبوو کرێی مۆدێلەکەی بە تەواوی بدەمێ، بەڵام ئەمە نەبووە بەرهەڵستی ئەوەی لە رای خوادا کرێی ژوورەکەی بۆ بدەم، بەوە توانیم خۆی و کوڕەکەی لە سەرماو لە برسێتی بپارێزم. رزگاریان بکەم، نانەکەی خۆم لەگەڵا کرد بە دوو بەشەوە. تێو گیان دایەنە پیرەکەی خۆمانت لە بیرە, لین فرمان؟ سین-ش لەوە بابەتەیە رەنگە لە خەڵکانی دی زیاتر لێی تێبگەم هەندێ ئەتوار سەیرە، لەوانەیە خەڵکانی دی لێی بێزار بن، بۆ نموونە قسەی ناشیرین و دەنگی گڕە، زۆر جار قسەی وا دەکات و لیمینی

خوشکمان کە لە دەوروبەرێکی دیدا گەورە بووە، پێی شەرمە گوێی لێ بگرێ، بەڵام من حەز دەکەم ئەو قسانە بکاو هەست بە دڵنیایی بکات، نەك قسەی شیرین بێو دڵی نەبێ ئەمە شتەکەیە دڵپاکە، تێو، من وام نیازە ئەم ژنە بخوازم، چونکە هەردووکمان هۆگری یەکدی بووین، من دڵنیام لە چینەکەی خۆم دەشۆڕێمەوە، ئەو شتە لە مێژە روویداوە من بەم هەنگاوە کە ئاستی خۆم کەم دەکەمەوە، وەك خەڵکی دەڵێن، بەڵام ئەمە نە گوناحەو نە تاوان، با خەڵکی هەر بۆ خۆیان بڵێن، من وا بە کرێکاری دەژیم، لەبەر ئەوەی یەکێکم لەوان، وا هەست دەکەم لە ماڵی خۆمدام، لە نێو کرێکاراندا هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، دەمویست هەر زوو ئەمە بکەم، بەڵام تا ئێستا نەموێرا.

فنسنت: .... لە ژیانیشدا وەك لە رەسمدا دەبێ مرۆڤ هەندێ جار بە دەستو برد بێ، بەوپەڕی تواناوە پەلاماری گیرو گرفتەکان بدات. بە خێرایی پیاو کارەکانی ئەنجام دەدات، بە مەرجێ بەر لەوە کۆسپەکان تەخت بکاتو هەموو کەلێنەکان بگرێ، "دەنگی تێو دێتەوە کەس گوێی پێ نەداو هیچ مرۆڤێ بەزەیی پێدا نەهاتەوە" قۆزتمەوە و هەموو خۆشەویستیو سۆزو بایەخێ کە هەم بوو، پێم بەخشی. ئەویش هەستی بەوە کردو ژیایەوە... ئەو هەژاریی دەناسی، هەروەها منیش.. دیارە هەژاری خراپەو چاکەی هەیە هەوڵ دەدەین بە دوو قۆڵی بەسەر خراپەکانا زاڵ ببین، راوچییانی ماسی، ترسی دەریاو هیلاکی گەرداو دەناسن کەچی هەر لە کەنارا دەمێننەوە، بگرە شەرپشی پێ دەفرۆشن فەلسەفەیان بۆ ئارەزوومەندانی فەلسەفە جێ هێشتووە.

"ئەم رستەیە بە دەنگی فنسنت دەوترێ"

تێو، ئایا ئەم کارانە شتێك دەگۆڕن، ئاخۆ دەبن بە کۆسپ لە نێوان منو تۆدا؟ گەر لە یەکدیمان نەکاتو بتوانین بەردەوام بین لە پشتگرتنی یەکدیدا، گوێ بە قسەی عالەم نەدەین، گەر لە یارمەتی و دەستگرتن بێبەشم نەکەیت ئەمە بۆ من ئاسوودەیی تەواوە. ئەوە هاندەرو بزوێنەری ئیش کردنە، هیوای شادیمە، تەنانەت من ئێستا بە دەستێکی پتەوەوە کاغەزەکەم دەنووسم، تا لاوازیم دەرنەخەم.

"رووناکییەکە تەواو کز دەبێ، تاریکی شانۆ دەپێچێتەوە، کەچی فیلمەکە هەر بەردەوام دەبێ"

**شاشە**

دوای ئەوەی تێو لە خوێندنەوەی نامەکە دەبێتەوە، هەڵ دەستێتە پێوەو مەستی هەستو سۆزە... بە ژوورەکەدا دەڕوات بۆ ئەو شوێنەی وێنەیەکی شەخسی فنسنتی لێ هەڵواسراوە، لە ئیشەکانی سەرەتایەتی، زوومەکە لە وێنەکەی فنسنتەوە دەچێتە سەر دەموچاوی تێو، ئەوجا زوومەکە تۆزێ دوور دەکەوێتەوە، وێنەی فنسنتو دەموچاوی تێو کە وێنەکە دەدوێنێ، لەسەر شاشە دەردەکەوێ.

**دەنگ**

**تێو**: ئاه، فنسنت، برای شیرینم، لەم ژیانەدا هەر بەشت شەکەتی و ئازار بوو، هەر ژان و کلۆلی لەگەڵ ئەوەشدا تۆ چیا ئاسا لە رووی ترس و مەینەتیدا دەوەستی، تۆ هونەرمەندێکی هێژاو مەزنی ئەم جوانی و پاکی و خۆشەویستییەت بۆ سروشت و مرۆڤایەتی... خۆی لە خۆیدا هێزێکی گەورەیە، وات لێ دەکا ببی بە جەنگاوەرێ کە دەیەوێ عالەم بگرێ، هەر چییەك بکەیت، پشتت تێ ناکەم برای خۆشەویستم، پشت گرتنت دڵسۆزییە بەرانبەر بە خودی خۆم.

"تیشکێکی کز فنسنتی لێوە دەردەکەوێ کە لە پشت مێزەکەوە دانیشتووە، ئەو جا تاریکی هەموو شتێ دەپێچێتەوە"

## پەردەی سێیەم

### دیمەنی یەکەم

کۆگاکەی بیتر تانخی، لە پایینی کۆگاکەوە چەند رەفێك هەیە شووشەی گەورەی لەسەر ریز کراوە، ئەو رەنگ و بۆیانەیان تێدایە کە تانخی ئامادەیان دەکات و دەیانفرۆشێت دیوارەکان یەك پارچە وێنەو تابلۆی هونەرین، زۆربەیان بێ چوار چێوەن، ئیشی ئەنتریسونزمە لاوەکانن، سورا، سیکناك، گۆگان، ڤان کوخ، هیدیکەش، لەبەردەم مێزە درێژەکەی ئیش کردن و حیسابدا هێندێ کورسی و مێزێ دانراون و سیمایەکی هونەری بە کۆگاکە دەبەخشێت، تانخی پیاوێکی بچکۆڵەیە، لە تەمەنی 50 ساڵیدایە، گورج و گۆڵ و بە دەست بردە، جگە لەوەی گەلێ رەوشت و خووی پاریسییانەی هەیە، خەسڵەتی بورژوای بچووکیشی هەیە، وەك وێنە شەخسییەکەی خۆی کە ڤان کوخ کردوویەتی.

مشتەرییەکی رواڵەت سادە لەگەڵ تانخی دایە.

**تانخی**: تابلۆیەکی گۆگان بە دەستەوە دەگرێ، ئاه، بێگومان گاڵتە دەکەی قوربان... ئیشی هونەرمەندێکی مەزن بە 50 فرانك گەر بڵێی 200 فرانکیش بە سوپاسەوە دەتدەمێ. بڕوا بکە. "بە هەڵچوونەوە" تابلۆی گۆگان سەیری ئەم رەنگانە "بەبێزارییەوە" من بە 50 فرانك پێت دەفرۆشم با راستییەکەت پێ بڵێم کاکە...

ئەم وێنانە، هەر یەکێك لەم وێنانەی "ئیشارە بۆ تابلۆکانی دەوری دەکات" کە تۆ دەیبینی گەنجینەیەکە بۆ خۆی، هەر یەکێکیان لە پاشەڕۆژا سەدان فرانك دەکات... بەڵکو هەزاران فرانك دەکات.

مشتەری رەنگە وابێ، بەڵام سبەینێ ئەمڕۆ نییە، 200 فرانك زۆرە... لەگەڵ ئەوەشا من حەزی لێدەکەم و بە 200 فرانکەکە دەیکرم.

**تانخی**: بەپەلە وێنەکە رادەکێشێتەوە، "کە سەیری کرد کابرای کڕیار نەرمە، پەشیمان بووەوە"، ئاه، نا بەو نرخەی نافرۆشم، ئەمە ئیشی هونەرمەندێکی مەزنە نا, نا, بەداخەوە قوربان.

مشتەری: کە فرۆشیارێکی نەگبەتی، خۆ ئێستا خۆت گوتت بە 200 فرانکی دەفرۆشم... کەچی...

**تانخی**: ئاه، قوربان تۆش وتت سبەینێ ئەمڕۆ نییە، منیش دەڵێم دوێنێ ئەمڕۆ نییە، جاری وایە مرۆڤ لە پڕ چاوی بە عالەمێ دەکەوێ کە لەوە پێش نەیبینیوە. "بە نهێنی" من هەمیشە وام بەسەر دێ – دەست بە قسان دەکەم.. لە خۆمەوە هەست بە هەڵچوون دەکەم... لە پڕ چاوم دەکرێتەوەو شت دەبینم.

**مشتەری**: "سەر دەلەقێنێ" دوو شت هەیە لێرەدا یا ئەوەتا کابرایەکی چەپەڵو پیسکەی یان شێتی... لەوانەیە هەردووکیانیش بی، بەڵام با ڕێك بکەوین باشە ئێستا بایی چەندە؟

**تانخی**: "بە دوو دڵی".. 2000 فرانك قوربان "هەناسە هەڵدەکێشێت" وا بزانە بە دیاری پێم داویت. "مشتەرییەکە تووڕە دەنوێنێ" "خاتوو تانخی گوێی لە قسەکانی دواییان گرتووە. ژنێکی قەڵەوی بێ حەیایە، ناوەکەی خۆی حەڵاڵ کردووە سانتیبە بە تووڕەیی دێتە ژوورەوە".

خاتوو تانخی: "تووڕەیە تانخی بە مشتەرییەکە" بەیانیت باش قوربان تکایە مێردەکەم ببەخشە.. ئەوە هەروا گاڵتەچییە "بە توندی بەرەو لای تانخی دەچێو تابلۆکەی لە دەست دەسەنێ".

**تانخی**: "بە ترسەوە نارەزایی دەردەبڕێ" بەڵام... من بەڕاستم بوو.

**خاتوو تانخی**: گوێ مەدەرێ کاکە، لە پێشا چەندی داوا لێ کردیت؟

مشتەری: "سەرسامە وەك بڵێی باوەڕ بە چاوو گوێی خۆی ناکات". 200 فرانك.

خاتوو تانخی: "تابلۆکەی دەداتێ" هی تۆیە گەر دەتەوێ، دەست دەبا پارەکەی لێ وەرگرێ 200 فرانك بێ زەحمەت. "کابرای مشتەری تابلۆکە لەلایەکەوە دادەنێ، تا پارەکە لە گیرفانی دەربێنێ." بە پەلە پارەکە دەدا بە خاتوو تانخی".

**تانخی**: "لە مشتەرییەکە دەچێتە پێشێ بە نیازی وەرگرتنەوەی تابلۆکە" نا, نا, نا.... ئەمە کۆگای منە.

**خاتوو تانخی**: "بە تووڕەیی پەلامار دەدا، کە ئازاترین ئازا لەبەری دەلەرزێ نەخوازەڵا تانخی, وێنەکەی لە دەست رادەپسکێنێو دەیدا بە کڕیارەکە" حەدت چییە کۆگای تۆیە "بە مشتەرییەکە" گەر جارێکی دی هاتیت, پرسیاری خاتوو تانخی بکە، سەری خۆت بەم گەوجەوە مەیەشێنە، بە دوعا کاکە.

**مشتەری**: "هێشتا سەرسامە" بە دوعا خانم، بە دوعا "بەپەلە دەڕوا".

**تانخی**: "ئازا دەبێتەوە" ئا، هەی شەیتانی بەدفەڕ.. خوایە ئەمە ژنە یان ژان... تابلۆ جوانەکەی گۆگان.. ئەوا بە 200 فرانك چووە زێرابی ژیانەوە "ئەم بیرانە کار لە تانخی بەستەزمان دەکات، خۆی دەدات بە کۆڵی کورسییەکدا، سەری بە دەستەکانی دەسپێرێ، وشە دادی نادات‌و دەست بە ناڵە ناڵ دەکات بە شێوەیەك بەندی دڵ دەپچڕێ" ئاه... ئاه... ئا.

**خاتوو تانخی:** بەردەوام بە لەسەر ... هەی شێتە, نەخەڵەتابی جارێکی دی وا بکەی، ئەگینا سەرت هەڵدەکەنم.. گشت ئەم تابلۆیانە دەفرۆشم، گوێت لێیەن؟ ئەگەر یەکێ 200 فرانک نەکەن بە 100، بەڵکو بە 50 فرانکی دەفرۆشم. تا بۆیاخەکانت لە بری تابلۆ بدەی بەم دەستەیە دەبێ ئەم تابلۆیانە ببنەوە بە پارە. کەی ئەو هونەرمەندە شێتانە پارەی کاشیان بۆ هێنایت، ئەوساکە دەتوانی ئەم تابلۆیانە هەڵگری، خوای دەکرد یەکیت بە دە هەزار فرانک دەفرۆشت.

"ڤان کۆخ لە کاتی قسەکردنیانا دێتە ژوورەوە بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ".

**تانخی:** "لە پڕ تووڕە دەبێ" بچورەوە بۆ موبەقەکەت.. بچۆ بۆنە بۆگەنەکەت تێکەڵ بە بۆنی چێشتەکەت بکە نەخەڵەتابی جارێکی دی بێیتە نێو ئەم کۆگایە. پانکۆڵە بەراز.. ئاه بۆ تابلۆ جوانەکەی گۆگان، دەستی شکاوم بۆ تابلۆ نازدارەکەم.

**خاتوو تانخی:** "بەتەوسەوە" وای بۆ وێنەکەی گۆگان، داخ بۆ تابلۆ جوانەکەم.

**تانخی:** "بە هەڕەشەوە" دەمت داخە ئەگینا. "فنسنتدەبینێو بێدەنگ دەبێ" بەیانت باش قوربان... شادم بە دیدارت.. هەر چەند پەستم..

**فنسنت:** "بەدڵدانەوەوە" ئەوە چییە؟ ئەم هەرا هەرایە چییە بیتر تانخی خۆشەویست، ئەوە لەگەڵ خاتوو تانخی دا شەڕتە، نابێ وابی لەگەڵیدا.

**تانخی:** ئاه، قوربان... گوێ بگرە بزانە ئەو پانکۆڵە بەرازە چیی کردووە. تابلۆ تازەکەی گۆگان، بینی بووت وا نییە؟ بە بەر چاوی خۆمەوە بە 200 فرانک فرۆشتی.

**فنسنت:** بەڵام پارەیەکی چاکە، لەسەر ئەمە لێی تووڕە مەبە، لە راستیدا خۆشحاڵم، خانمەکەم گەر یەکێك لە تابلۆکانی من بفرۆشێت بە 200 فرانکیش بێ قەیناکات، هەر باشە.

**خاتوو تانخی:** "بە دژایەتییەوە" چەند حەز دەکەم یەکێکیان بفرۆشم بەڵام فرۆشتنی هیچ تابلۆیەکیان دادی تۆ نادات، بەلای کەمەوە هەقی دە تابلۆ قەرزاری، هەقی ئەو بۆیاغانەی لێت کڕیوین...

هەر چەندیان لێ بفرۆشێت دەکەوێتە بری ئەو قەرزەی لەسەرتە، هەر بەم بۆنەیەوە پێت رادەگەیەنم لەمڕۆوە تاقە یەك رەنگ لەم کۆگایە ناچێتە دەرەوە... تا ئێستا نەمان توانیوە، تاقە ئیشێکت بفرۆشین.

**فنسنت:** "بە گاڵتەوە" حەیفت نەکرد سانتیبەی خۆشەویست، چۆن دەتوانی هێندە دڵڕەق بی لەگەڵ یەکێکدا کە رێزو خۆشەویستی بۆتان هەیە، باشە گەر داوای تۆزێ رەنگی سوورو سەوزم کرد بە راستی نامدەیتێ؟

**خاتو تانخی:** دڵنیابە لەوە، گوێ بگرە، ئەوە سان... سان...ی چیتە؟

فنسنت: ئاه، گیانە، سانتیبە نێوی ژنەکەی سوکراتی فەیلەسووفە، سوکراتی فەیلوسوفی گەورە، کە تۆ دەبینم هەمیشە ئەوم بیر دەکەوێتەوە بەڕاستی هەر تۆ هاوتای ئەویت.

**خاتو تانخی**: "به کەمێ ڕەزامەندییەوە" لەوانەیە من وەکو ئەو بم، بەڵام ئەمە "ئیشارە بۆ لای تانخی دەکات" هەرگیز سوکرات نییە، بەڵام ئەم قسانە بە دەرد ناخۆن.. من بابایەکی ڕەقم، بە پارەی حازر نەبێ بۆیاخت نادرێتێ.

**تانخی**: ئەوە بۆ ناڕۆیت و شەڕمان لێ لا نادەیت؟ ڤان کوخ هاتووە قسان لەگەڵ مندا بکات نەك مشتومڕ لەگەڵ تۆدا بکات... بڕۆ بۆ دۆزەخی موبەقەکەتو وازمان لێ بێنە.

**خاتو تانخی**: زۆر چاکە، تەنیا لەبەر چاوی هاوەڵە دزەکانت ئازا دەبی, دوای دەتبینمەوە "دەرگای پشتەوە دەکاتەوەو زۆر بە نەزاکەتەوە دەڵێ بە دوعا جەنابی ڤان کۆخ" لە دوای خۆیەوە دەرگاکە دەدا بە یەکداو دەچێتە دەرێ.

**تانخی**: "هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەکێشێتو بە پەلە دەچێ بۆ لای دەرگاکە تا دڵنیا بێ لە جووت بوونی، ئەوجا دەگەڕێتەوە لای مێزی کۆگاکە، دوو پەرداخ و قاپێ شەراب دەردێنێ، لەسەر مێزەکەی بەردەمەوە دای دەنێ" وەرە، بەڵێ قوربان با پێکێ شەراب وەخۆین، من پێویستم بە پێکێکە تا بۆنی ئەم ئافرەتە لە لووتم دەرچێ "هەردوو پەرداخەکە تەژی دەکات".

**فنسنت**: گوناح خۆت بیتر تانخی... ئەوە چۆن دەژیت؟

"تانخی هەردوو قۆڵی بە بزووتنەوەیەکی کڵۆڵانە هەڵدەبڕێ".

**فنسنت**: ئەم شەرابە چاکە.. دەزانی لەوەتەی هاتوومەتە پاریس زەوقم چووەتە سەری. بڕوا بکە لەوە پێش تامی شەرابم نەچەشتووە... لە ڕاستیدا شتی دیم تام نەکردووە "هەڵدەستێ" پاریس شوێنێکی خۆشو جوانە بیتر. هەست دەکەم بەر لەوەی بێم بۆ پاریس نەژیاوم، هەر کێیەك دەبینی لە شاد دەچێ. خەڵکی لێرە قسان دەکەن دەزانی بەر لەوەی بێم بۆ پاریس من کەڕو لاڵ بووم، هەر کەڕولاڵ بگرە کوێریش بووم؟ بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە بە بێ بۆیاخ ڕەسمم کردووە، بە فیڕۆ چوو ئەوەی چوو، چوو، ئێستا دەزانم ڕەنگ چی دەگەیەنێ. "سەیری ئەو تابلۆیانەی دەوروبەری دەکاتو سەر دەلەقێنێ" فێری ئەوەیان کردم تانخی، هەست دەکەم ئێستا لەسەر ڕێگای ڕاستم.

**تانخی**: "بەدلێرییەوە" بەڵێ، ئەنتریسونزمەکان دەزانن سەوزو سوور چی دەگەیەنێ، بۆیە ئێمە لە ئەنجاما قازانج دەکەین، خەڵکی ڕەنگیان خۆش دەوێ، گوزارشت لە هیواو شادیو گەشبینی دەکات، خەڵکی ڕووناکییان دەوێ، تیشکی زێڕینی هەتاویان دەوێ نەك ڕەنگی قاوەییو تاریك.

**فنسنت**: گوێ بگرە، بیتر، دەمەوێ هەواڵێکی گرنگت پێ ڕابگەیەنم سورا هات بۆ لات یان، هێشتا نەهاتووە؟

**تانخی**: نە، ئەوڕۆ نەهاتووە.

**فنسنت**: زۆر چاکە، وام زانی پێشمکەوتووە بۆ ئەوەی هەواڵەکەت پێ بڵێ.

**تانخی**: هەواڵی چی؟

**فنسنت**: دەربارەی بڕیارە تازەکەمان، بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ئۆردوگایەك بۆ هونەرمەندان بە کرێ بگرین.

**تانخی**: "بە هەڵچوونەوە" ئۆردوگای هونەرمەندان؟ ئاه.... قوربان کە بیرۆکەیەکی چاکە، دەتوانم بێمە ریزتانەوە، بۆیاخی سوورو سەوزو زەردو شینی هەموو دنیاتان بۆ فەراهەم دەکەمو زیاتریش.

**فنسنت**: بێگومان دێیتە ریزەوە، هەر بۆیەش شتەکەم لەلا باس کردیت. زۆرین، لوتریكو گۆگان، سوراو سکناك، بونـاردو منو هی تریش زۆرن، ئێمە هاوسەنگەری خەباتین... زۆربەی کات برسین، بۆیە دەبێ یەك بگرینو ماڵێك لە گونددا بۆ خۆمان بدۆزینەوەو ئەستێلی مەلەو هەموو شتێکی تێدابێ، ئەوجا دەست بە ئیش کردن بکەین رەنگە رەسم بۆ جەماوەرێکی تازە بکەین بۆ کرێکارو لادێیی، ئەوجا تابلۆ بۆ ماڵەکانیانو شوێنی خەوتنو خواردنەوەیان دەکێشین، ئامانجێکی دیارو ئاشکرا دەکەوێتە بەردەم ئیشەکانمان، نرخی هەرزان لەسەر ئیشەکانمان دادەنێین، بەشی ئەوە بکات پێی بژینو کەرەستەی رەسمی پێ بکڕینو دەشتوانین بە هەموو شێوەیەك یارمەتیی یەکدی بدەین تۆ دەڵێی چی؟

**تانخی**: زۆر جوانە، بەڵام قوربان من بە گومانم، هونەرمەندان بە سروشت خۆپەرستن، من دەزانم تۆو سورا وانین، ئێوە شۆڕشگێڕن. لەم رووەوە مەزەنەم بە خەسار ناچێ. رەنگە کە بەم حاڵەوە لەگەڵ ژنەکەم دەمبینی باوەڕم پێ نەکەیت، من لە ساڵی 71 دا لە سەنگەری شۆڕشدا بووم.

**فنسنت**: سڵ مەکەوە بیتر تانخی، ئێمە بەردەوام دەبین... لەوانەیە ئێمەی هونەرمەند یەك یەك بمان گری مامەڵەمان سەخت بێ، بەڵام کە یەکمان گرت، دەبین بە هێزێکی گەورەو خۆپەرستی گومانو ترسو دوو دڵی لە ئارادا نامێنێ، دەبین بە مرۆڤی راستەقینە. پەردە لە نێوان خۆمانو رەمەکی مەردم هەڵدەگرینو بە هەمان سادەیی ئەوان دەژین. بەڵێ تانخی، دروشمێکی گەورە هەڵ دەواسینو بەم بۆیە زەیتییانە، ئێمەی ئەنتریسونزم لەسەری دەنووسین هونەری گەل بۆ گەل.

**خاتو تانخی**: "لە کونی دەرگاکەوە سەری دەردێنێ" ئەوە چییە، شێت بوون؟ گەر بێدەنگ نەبن هەر ئێستا پۆلیس هەڵ دەکوتێتە سەر کۆگاکە. سەردەمی کۆمۆنەی پاریس بەسەر چووە، بە نێوی گەلەوە چەنەبازی مەکەن.

**فنسنت**: نا دایکە تانخی، سانتیبەی خۆشەویست. سەردەمی کۆمۆن ئێستا دەستی پێکردووە. باوەڕ بکە ئەم سەردەمە لە ژیانەوەو راپەڕینداییە.

**خاتوو تانخی**: ئاه، تۆ شێتو زۆڵی، وەك هەموو هاوەڵەکانی دیی تانخی، چەقە چەق بەسە گەر چەنەبازیش دەکەی لێرە مەیکە. دەتوانی بچیتە نێو شەقامەکان هاوار بکەیت نەك لە ماڵی مندا "بە توندی دەرگاکە بە یەکا دەدا".

**فنسنت**: "بە پێکەنینەوە" کە دوڕێکی دەگمەنە سەری ئاسنەو زمانی گڕ.

**تانخی**: تۆ دەتوانی پێبکەنی، بەڵام من چی بکەم؟ بەڕاستی ئێستاکە بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات. بیرۆکەیەکی ترسناك.

**فنسنت**: چییە؟

**تانخی**: گەر پرۆژەکەتان سەری گرت و ئۆردوگای هونەرمەندانتان دامەزراندو منتان بە ئەندام وەرگرت... چی لەگەڵ ئەم ژنەدا بکەم؟

**فنسنت**: "دیسان پێدەکەنی" ئەمە موشکیلە نییە تانخی، بیخەرە سینەوە... جارێکی دی ببەوە بە پیاوێکی ئازاد.

**تانخی**: "بە هەموو راستییەکەوە" نا قوربان. هەر چەند حەز بەوە دەکەم، بەڵام دەترسم نەتوانم، نا، نا، ئەوە هەر نابێ، بیرۆکەیەکی جوانە، بیرۆکەی ئۆردوگای هونەرمەندانی ئازاد بەڵام من پیاوێکی ئازاد نیم، منیش وەکو خەڵکانی دی لەم ژیانەدا پابەندم.

## پەردە

## دیمەنی دووەم

### مۆسیقایەکی بیزی

### شاشە

دیمەنێکی باشووری فەرەنسا لەسەر شاشە دەردەکەوێ. دار سەروو گوڵ و کێڵگە لە سنووری ریزە گردۆڵکەیەکی ئارامەوە دەگرێتەوە. زوومەکە بزاوتنی درەخت و گیایەکان وەردەگرێ. فنسنت دەردەکەوێ، تابلۆیەکی لەبەردەمدایە بەپەلە کاری لێ دەکات. لە ماوەی هاتوچۆی زوومەکەدا لە نێوان تابلۆکەو دیمەنەکەدا دەنگی فنسنت لە مایکرۆفۆنەکەوە دەبیسترێ.

فنسنت: تێو دەبێ سەر لە نوێ دەست پێبکەمەوە. کاتێکی زۆر کەم بە دەستەوەیە، لەگەڵ ئەوەشا دەبێ جارێکی دی تێهەڵبچمەوە. من تامەزرۆی هەتاوو شنەی باو ئاسمانی پان و بەرین بووم، کە لە پاریسدا بە چنگم نەکەوتن. تامەزرۆی ژیانی سادەو خەڵکانی سادەی دڵپاك بووم بۆیە دەبوایە پاریس جێبێڵم. لێرەدا لە باشوور هەموو شتێ فێنك و شادو مەست و تێر رەنگە. ئاه، تێو، ئەم رەنگانەی ئێرە چەند جوانن، پرتەقاڵی، زەرد، شین، قاوەیی، سەوز، من لە گەرمەی ئیش کردنام، من دڵنیام سروشت لێرە، رەنگ بە هەموو ئەو کەسانە دەبەخشێت کە پێویستیان پێیەتی. بەردەوام دەبم لەسەر ئیش کردن، ئەم رەنگانە توانایەکی بێ پایانم پێدەبەخشن. هەست بە ماندوو بوون ناکەم، سروشتی جوان بەردەوامییەکی وام پێدەبەخشێت، تەنانەت خۆم لە بیر دەچێتەوە، رەسمم بەشێوەیەك بۆ دێ وەك بڵێی لە خەوندایە...

"فیلمەکە دەپچڕێ، فنسنت لە ناوەندی شانۆدا دەردەکەوێ، بە پێوە لەبەردەم ستاندێك لە نزیك مێزێ وێستاوە کە ئینجانەیەکی لەسەرەو گوڵی گوڵە بەڕۆژەی تێدایە، وەك لە وێنەی ئینجانە و گوڵە بەڕۆژەدا"

**فنسنت**: " بە وردی و بە شادی لە ئیشەکەی رادەمێنێ، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵدەکێشێت"، ئۆخەی ئەم تابلۆیە هەموو ئیشەکانم رەت دەکات. پارچە گوڵێك و بەس... "بە هەڵچوونەوە" بەڵێ ئاقیبەت ئەنجامم دا، ئاخری ئەوەی دەمویست کردم ئاە، چەند خۆشە مرۆڤ شاد بێ، شادیی راستەقینە... "دوای ئەم هەموو ساڵە جارێکی دی سەیری تابلۆکەی و گوڵەکان دەکاتەوە. کەمێ بێدەنگی. بێدەنگییەکە بە سەرەتا توندو تیژەکەی "ماهلر" سرووودێ لە ئەرزەوە دەرەوێتەوەو تێك دەشکێ. تاریکی، مۆسیقاکە بەردەوام دەبێ و ئەوجا نامێنێ".

**دەنگ**: ئایا تۆ بە راستی شادیت؟ شادیت؟ یان درۆ لەگەڵ خۆتدا دەکەیت؟

"چەپکە تیشکێ دەکەوێتە سەر فنسنت کە رەق راوەستاوە".

**فنسنت**: بۆ درۆ دەکەم؟ هەمیشە حەقیقەتم نەوتووەو بە دوویدا نەگەڕاوم و رەسمم نەکردووە؟ برسێتی و ماندوویەتی و تەنیاییم لە پێناوی حەقیقەتدا نەچەشتووە... بۆ ئەوەی ببم بە هونەرمەندێکی هاوتای حەقیقەت؟

**دەنگ**: ئایە شتەکە وایە فنسنت؟ ئایە هونەر خودی ژیانە یان سێبەرێکی لاوازی واقیعە؟

**فنسنت**: نەخێر هونەر ژیانە بگرە زیاتریشە بۆ نیوی دەنەی سێبەر ئایە تابلۆکانمان رووناکی و رەنگیان تێدا نییە؟ ئایا مۆسیقای وەها نییە شیرینترو ناسکتر بێ لەوەی لە دڵی خەڵکیدایە؟

**دەنگ**: کەواتە جیاوازی هەیە، هونەر لە ژیان گەورەترە؟ رەنگە ئەمە بە رێژەی ئەوانەوە کە بە ڕاستی نەژیاون وابێ.

**فنسنت**: ئایا ئەوەم نەکردووە؟ ماندوو بووم، رەنجم دا، خەباتم کرد، خۆشەویستیم کرد... ئایا ئەمە ژیان نییە؟ هەمیشە بە شوێنی کەسانی راستەقینەدا لە کرێکار، لە چنین کار، لە راوچییان گەڕاوم.

**دەنگ**: بەڵێ، بەڵام نەتتوانی ببی بە یەکێك لەوان، هەمیشە دووراو دوور دابڕاو بوویت لێیان... شەپۆلی دەریات لە داکشان و هاتنە خوارەوەیدا سەیر کردووە.

**فنسنت**: درۆیە... من لە شەپۆل ناترسم بۆ درۆ دەکەی؟ بۆ دەتەوێ شادییەکەم لێ تێك بدەی؟ تۆ کێی؟

**دەنگ**: تۆ خۆت دەزانی من درۆ ناکەم، بۆیە دەنگم دەبیستی. دەبا غیرەتی بینینت هەبێ، ئەوسا دەزانی من کێم.

**فنسنت**: من لە هیچ ناترسم، من تەماشا دەکەم.

**شاشە**

دەموچاوی فنسنت بە شێوەیەکی کز لەسەر شاشە دەردەکەوێ، دەموچاوەکە وردە وردە روونترو ئاشکراتر دەبێو نزیك دەبێتەوە.

**دەنگ:** بەڵێ، ئێستا دەتوانی بمبینی، سەرت سوور دەمێنی؟ من لە تۆ دەچم، بەڵام ئەمە راست نییە، تۆ لە من دەچیت، من فنسنتی راستەقینەم, تۆ تەنیا تاپۆیت، هونەرمەند نیت.

**فنسنت:** "بە تووڕەیی" باشە بە چییا تۆ منی راستەقینە بیتو منیش تاپۆو سێبەری تۆ؟

**دەنگ:** من لە و حەقیقەتە ناترسم کە تۆ لێی ڕادەکەی, ژیانی هونەرمەند, ئەو ژیانەی دەیزانین ژیانی ڕاستەقینە نییە, ئاوێتەی خوێن و گۆشت نییە, بەڵکو ئاوێتەی بۆیاخ وقوماشە، وێنە دروستکردنێ ناگاتە منداڵ دروستکردن.

**فنسنت:** باشە لەم حاڵەتەدا چاکترین شت دوور کەوتنەوەیە لە هونەرو هونەرمەندان؟

**دەنگ:** لەوانەیە.

**فنسنت:** "بە گەرمی" تۆ هەڵەی بێگومان هەڵەیت، هونەر هەمیشە لە ژیانەوە هەڵ دەهێنجرێ.. لە یەکدی جیانابنەوە.. خەڵکیش رەگوڕیشەو سەرچاوەی هەموو شتێکە... من هەمیشە ئەمەم دەزانی.. هەوڵم دەدا هونەر و ژیان بکەم بە یەك قەوارە....

**دەنگ:** لەوانەیە هەوڵت دابێ، بەڵام سەرنەکەوتیت.

**فنسنت:** سەر نەکەوتن بەزین نییە، من هێشتا خەبات دەکەم، گەر خۆشم سەرنەکەوتم، ئەوا رێگام بۆ ئەوانەی دوای خۆم خۆش کردووە. گرەو دەبەنەوە....و سەرکەوتنی من بەوانەوە دەبێ هەر سەردەکەوم. گوێت لێمە؟ سەردەکەوم.... من سەردەکەوم، نەك تۆ، فنسنتی راستەقینە.

**دەنگ**

گەلێ دەنگی تەوس ئامێز، لە مایکرۆفۆنەکەوە بەرز دەبێتەوە، من فنسنتی راستەقینەم. من فنسنتی راستەقینەم، ئێمە هەموو فنسنتین، ئێمە...

**شاشە**

گەلێ دەموچاوی فنسنت لەسەر شاشە دەردەکەوێ کە بە شێوەیەکی بازنەیی دەوریان داوە, ئەویش لە چەقی بازنەکەدا وێستاوەو تیشکە کزەکە بەسەر سەرییەوەیە.

**فنسنت:** "بە تووڕەییەکی ترس ئامێزەوە" کەواتە داوای یارمەتیت کرد؟ بە تەنیا پێم ناوەستیت؟ کۆمەڵێك دژ بە یەکێك، ئاوها؟ شەڕ دەکەیت؟ باشە کەواتە من ئامادەم. هەر یەکێ لە ئێوە دەڵێ فنسنتم، وا نییە؟ بە باوەڕێکی تەواو پێدەکەنی" یەکەم ئاه ئەوە تۆیت، تۆی باوەڕ بە خۆ، تۆی هەمیشە راست لەوەی دەیکەیت، ئەگەر دنیا دژت بن یان نا، هەمیشە تۆ قووڵترو راستگۆتری لە هەر کەسێك. چونکە تۆ هونەرمەندی مەزن ڤان کۆخیت.

**فنسنت** :هەرگیز وام بیر نەکردۆتەوە بە پێچەوانەوە، گومانم لە خۆم کردووەو هەمیشە داوای راوێژی خەڵکانی دیم کردووە ئایا شەوانی دوورو درێژم بە خوێندنەوە بەسەر نەبردووە ئایا داوای ئامۆژگاریم لە سادەترین جووتیار نەکردووە؟ داوای یارمەتیم لە رامبرانت نەکردووە، لە دیلاکرۆام نەکردووە؟



www.pertwk.com

**دووەم**: باسی ئینجیل دەکەیت... ئەی لێت لانەداوە؟ ڕۆژێ لە ڕۆژان کەشیش بوویت و ئەوەتا ئێستا هونەرمەندێکی بێ ئایین و بێ باوەڕیت.

**فنسنت**: بە کافرم دەزانی هەر لەبەر ئەوەی کۆت و زنجیری هەقە قاڵب گرتوو ساردو سڕەکانم لە گەردنی خۆم نەکردووە من هەرگیز لەو گومانە پەشیمان نابمەوە کە دوای ڕێگای حەقیقەتە. گەرچی باوەڕم بە ڕۆژی حەشرو ئەو دنیا نییە، بەڵام باوەڕم بە شتێکی هاوتای ئەوە هەیە ئەویش بەردەوامی ژیان و گەشەکردنی مرۆڤایەتییە. ئایینی من باوەڕ بوونە بە ئادەمیزاد، بە خەڵکی.

**سێیەم**: لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکیت ئازار داوە... بیر لەو ئازارە بکەوە کە داک و بابت تێوە گلاندووە، بیر لە ئەتوارە ناشیرینەکانت بکەوە بەرامبەر بە خەڵکی، خۆپەرستیت، تاقە ئینسانێ کە چاکەی لەگەڵ کردوویت. وەرەست کردووە، تێوی برات..

**فنسنت**: گەر خراپەم لەگەڵ کەسێکیشدا کردبێ بە ئانقەست نەبووە، دۆستایەتیم لەگەڵ تێودا لە کێو ڕاوەستاوترە، گەر ڕاست دەکەی سەری خۆتی پێدا بدە، ڕاستە من دۆستایەتی زۆرم بەدەست نەهێناوە, بەڵام هێندێکم وەدەست هێناوە.

**چوارەم**: هەندێکی زۆر کەم، بەڵام تۆ زۆربەی ڕێگا هەر تەنیا بوویت.

**فنسنت**: بەڵێ تەنیا بووم، من تەنیام، بەڵام ئەمە نابێ بە شایەت دژم؟ ئەمەی هەڵەی من نییە؟

**پێنجەم**: هەڵەی هەڵەشەیی و بێ ڕەوشتییە؟ کێ بەرەوماڵی تیاترۆو باوەشی سۆزانیان بکێشی کردیت؟

**فنسنت**: بە خۆم چووم، شتێکی نا دروستم نەکردووە؟ ئایە خۆشەویستی کردن هەڵەیە... هەڵە نەکردن بێ خۆشەویستی هەڵەیە؟

**شەشەم**: بۆ هەموو پرسیارێ وەڵامی پێیە، ئەمە کارەساتی گەورەیە لەگەڵ تۆدا، فنسنت لە هەڵە بەدەرە. ڕەوشتی ئەم عالەمە خراپە؟ عالەمێکی دی دروست بکە. خەڵکی لەگەڵ فنسنتدا ڕێك ناکەون؟ بەبێ ئەوان بڕۆ. سەیرە تەنانەت لە هونەرەکەتدا، لە تابلۆکانتا، تۆ هەمیشە ناوەڕۆکی وێنەکانت سروشت نین وەك هەیە، بەڵکو سروشتن وەك تۆ هەستی پێ دەکەیت. فنسنت، فنسنت، فنسنت، لە هەموو شوێنێکدا عالەم بە دڵی تۆ نییە؟ سەری خۆت هەڵگرە، بڕۆ.

**فنسنت**: تۆ درۆ دەکەی درۆ دەکەی، من هەوڵی هەڵاتنم نەداوە، ئەم ژیانەم خۆشویست، بەڵام من کوێر نیم، کوێرەوەری و برسێتی و کاولی هەیە، بیری نەزۆك و لە قاڵب دراو هەیە، ترس و لەرز لە وتنی حەقیقەت هەیە. مرۆڤایەتی لە ناخەوە بۆ شادی و ئازادی دەکوڵێ، بەڵام ئەم حەقیقەتە خۆشەویستی لە دڵمدا نەسڕیوەتەوە، بەڵکو تامەزرۆی گۆڕینی عالەمی کردووم. هانی داوم عالەم جوانتر بکەم.

**دەنگی جیاواز**: "غەڵبەغەڵبێکی وەحشیانە ها ها ها".... فنسنتی خالق عالەم دەگۆڕێ... جوانتری دەکات... ها ها ها.


www.pertwk.com

**شاشە**

"کەسەکان سست دەبن و دەپەشۆکێن لە پێکەنینا"

**فنسنت:** پێم ناوەستن، دەی پێبکەنن، من فنسنت ڤان کۆخم ئەی تارماییە بێ فەڕەکان.

**شاشە**

"کەسەکان زیاتر پێدەکەنن"

**دەنگەکان:** ئەو فنسنت ڤان کۆخی راستەقینەیە، ها ها ها ئێمەش تەنیا سێبەرین و بەس. دە تەماشاکە.

**شاشە**

کەسەکان زۆر دەبن.. توندتر پێدەکەنن تا دەبن بە حەشاماتێکی زۆر..

**فنسنت:** خوای دەکرد دەبوون بە ملیۆنێ... من خۆم فنسنت ڤان کۆخم... من پیاوە راستەقینەکەم. دوور کەونەوە، نامەوێ بتانبینم. لێم دوور بکەونەوە.

"بێدەنگییەکی کوت و پڕ، وێنەکە نامێنێ. فنسنت بەبێ جوولە دەمێنێتەوە. ئەوجا دەنگەکان بە توندی دەتەقنەوە بێ ئەوەی وێنەکە دەربکەوێ. پێکەنینەکە بە شێوەیەکی شێتانە زیاد دەکات"

**دەنگ:** ناتوانی بمان وەستێنی و هەر ئێمە سەرکەوتووین، ئێمە تەنیا تاپۆو سێبەرین، لەگەڵ ئەوەشا گوێت لێمانە، گوێچکەت کەڕ دەبێ، دەبێ گوێمان بۆ بگری.

**فنسنت:** گوێتان لێناگرم، بێدەنگ بن "دەنگەکان تێکەڵ دەبن بە پێکەنینێکی شێتانە"

**دەنگ:** گوێ ناگری، فنسنتی راستەقینە گوێ ناگرێ.

**فنسنت:** "شێتانە هاوار دەکات" بێ دەنگ بن، ناچارتان دەکەم کە بێ دەنگ بن.

**تاریکی**

لە پڕ دەنگەکان کپ دەبن. ئافرەتێ لە دەرەوەی شانۆ، هاوار دەکا.

**ژن:** "بەهیستریاوە" ئەقڵی لە دەست دا، ڤان کۆخ شێت بوو، گوێی خۆی بڕی "روناکی هەڵدەبێ، ژنەکە را دەکات بۆ سەر شانۆ، لەولاوە ژن و پیاو دەوری دەدەن".

**ژن:** گوێچکەی بە گوێزان بڕی، لە بنا بڕی.

**پیاوی یەکەم:** زانیم، دەمزانی شتێکی وا دەکات، ئەو وێنانەی دەیان کات چاوەکانی.

**ژنی دووەم:** دەبێ هەر ئێستا بیگرن. نابێ ئەم شێتە لە نێو ئێمەدا بمێنێ.

**پیاوی دووەم:** راست دەکات، پێویستە پۆلیس ئاگادار بکەنەوە تا بیبەن.

**ژنی یەکەم:** پێویست ناکات، ئێستا دێن دەیبەن، خاتوو تشوزم نارد بە دوایاندا... هەر بەوەوە نەوەستا گوێی ببڕێ، بەڵکو بە دیاری ناردوویەتی بۆ کچێکی ماڵ ئافنون بۆ کچۆڵە قژ زەردەکە... بەستەزمانە هەرکە گوێچکە خوێناوییەکەی بینی بوورایەوە.

**پیاوی سێیەم:** ئای کە کارێکی ناشیرینە، پیاو تەنیا دوو گوێی هەیە نازانم چۆن یەکێکیان پێشکەش بە سۆزانییەك دەکات، "هەموو پێدەکەنن، ژن و پیاوەکان بڵاوەی لێدەکەن، سەری سەرسامی دەلەقێنن، تەنیا پیاوێکی بە ساڵاچوو لەسەر شانۆ دەمێنێ".

پیاوە پیرەکە: وەك دیارە ئیشێکی نابەجێیە... بەڵام پیاو بە خۆڕایی گوێی خۆی نابڕێ. بەستەزمان خۆت کاك ڤان کۆخ، هەموو بەشێتت دەزانن، بەڵام پیاو بەبێ هۆ گوێی خۆی نابڕێ.... پێم وایە هۆیەك هەبێ، هەموو کارێك هۆی هەیە، بەڵام ئێمە بە زۆری هەست بەو هۆیانە ناکەین.

## پەردە

## دیمەنی سێیەم

ژووری، لە شێتخانەکەی کەشیش ریمیدا، بە شێوەیەکی ئاسایی راخراوە، لەو سەری ژوورەکەوە پەنجەرەیەکی گەورە هەیە، رۆلان پیاوێکی کامڵە، جلی پۆستەچی لە بەردایە، وەك لەو وێنەیەدا کە ڤان کۆخ کێشاویەتی. ڤان کۆخ، سەری لە ئاستی گوێچکە بڕاوەکەیەوە بە سارغییەك پێچراوە، پایپ دەکێشێت وەك لە وێنە مەنشوورەکەیدا.

فنسنت: چاکت کرد سەرت لێدام، رۆلان... زۆرم بیر دەکردیت.

رۆلان: دڵ ئاگای لە دڵە، خۆم و ژنەکەم زۆرت بۆ پەرۆش بووین، زۆر جار باست دەکەین و یادی ئەو شەوە خۆشانە دەکەینەوە کە پێکەوە گوزەراندمان.

**فنسنت:** بەڵێ، رۆلان، کات گەلێکی خۆش بوون وا نییە، لە راستیدا من لەگەڵ هیچ کەسێکدا وا رانەهاتووم. دەترسم چی دی نەیبینینەوە، هیچ شتێ نەماوە بایەخی پێبدەم. هیچ شتێ نەماوە سەیری بکەم، تەنیا کێڵگەی گەنم و درەختی سەروو نەبێ، ئەویش لە پەنجەرەکەوە.

رۆلان: قسەی وا مەکە قوربان، بەم زووانە چاك دەبیتەوە، وا دەزانم ئێستا بەرەو چاکبوونەوە دەچیت.

**فنسنت:** ئەلهەقی خۆشم وا هەست دەکەم، رۆلان....

رۆلان: خۆت نیگەران مەکە، شتەکە گەرمای هاوینە.... وا لەم ناوچە جوانە دەکات کە خەتەر بێ، زستانی ئەم ساڵ لە پار خەتەر تربێ، بە رادەیەك کاری کردبووە سەر زۆر کەس.

**فنسنت:** بەڵێ، زۆر جار هەستم دەکرد، خەڵکەکە دەمارێکی شێتیان لەلا دروست بووە... وێڕای ئەوەش من هیچ ناخۆشییەکم نییەو هیچ شتێ لە شادیم کەم ناکاتەوە، ئەلهەقی ئێستا لە جاران هێمنترو ئاسوودەترم، هێشتا هەر تینووی رەسم کردنم، ئەم ئارەزووە تاقە پێوەندی منە بە ژیانەوە.

رۆلان: کەواتە تۆ هێشتا هەر رەسم دەکەیت جەنابی ڤان کۆخ، زۆر چاکە.

فنسنت: بە داخەوەم ئێستا ناتوانم، لە سەرەتاوە دەستم پێکردو لە راستیدا گەلێ کاری چاکم ئەنجامدا. لەم باخچەیەدا باخچەیەکی چۆڵ و پشت گوێخراو– وەك مێشکی میوانەکانی هەیە... وێڕای ئەمەش رازاوەیە بە رەنگی جوان....


www.pertwk.com

بواری ڕەسم کردنی تێدایە. ئەم کێڵگە گەنمەی بەردەمیش هەیە. وێنەی سەری پاسەوانی شێتخانەکەم کردووە، دەموچاوی زۆر سەیرو سەرنج ڕاکێشە. لەمەش زیاتر بواریان داوم بچمە دەرێ، بەڵام ئەم کارەساتەی دوایی لە کاری خستووم، لە ئەنجامی ئەوەدا ڕەسم کردنیان بە یەکجاری لێ قەدەغە کردم، ڕۆلان ئەوان، ئەوان نازانن، ڕەسم کردن بۆ من هۆیەکی گرنگی چاك بوونەوەیە. چ شتێ لەو بیرو هەستانە کە ڕێگای دەربڕین و ئیشکردنیان نییە، دەبێ بە مایەی شێتی، پێویستە مۆڵەتی ڕەسم کردنم بدەنێ، ڕۆلان دەبێ ڕێگام بدەن. تۆش لەگەڵمدا نیت؟

**ڕۆلان**: بەڵێ، پێم وایە ڕێگات بدەن، بە هەر حاڵ ئەم شوێنە بە کەڵکی تۆ نایەت. قوربان براکەت ڕاست دەکات پێشنیازی کردووە ئێرە جێ بێڵی و بچی لەگەڵ ئەودا بژیت.

**فنسنت**: زۆر حەز دەکەم ڕۆلان، بەڵام نابێ ئەوە بکەم، تیو ژنی هێناوەو بەم نزیکانە منداڵیان دەبێ. هونەرمەندێکی شێت لە نێو خێزانێکی بەختەوەردا جێی نابێتەوە، تیو بە درێژایی ئەم ماوەیە چاترین یارمەتی داوم و نامەوێ لەوەی پتر ئەرکی قورس بکەم.

**ڕۆلان**: بەڵام بە هەر شێوەیەك بووە نابێ لێرەدا وەمێنی، من دڵنیام ئێرە بە کەڵکی تۆ نایەت.

**فنسنت**: نا، وێڕای ئەوەش من قەرزار باری ئێرەم، دەزانی تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆم لەگەڵ شێتی و شێتاندا ترسی شێت بوونەمی لەلا نەهێشتووم؟

**ڕۆلان**: ئەمە شتێکم بیر دەخاتەوە کە لە مێژە مێشکی داگرتووم وەك لەوە پێشیش پێم وتیت، ئەرکی پۆستەچێتی وام لێدەکات زۆر بیر بکەمەوە، تۆ لە بزووتنەوەو جووڵانێکی بەردەوامدای، ئەمە وات لێ دەکات بیر بکەیتەوە، من کاتێ کە دەڕۆم بیری زۆرم بۆ دێ، زۆرتر لەو کاتانەی کە دانشتووم.... چاکە، ئێمە زۆر جار لە سەر ئەوە ڕێك کەوتووین کە هەر یەکەمان بەندی خودی خۆیەتی، بە شێوەیەك لە شێوەکان پابەندی سروشت و کۆمەڵە، بەڵام من ئێستا گەییمە سەرەنجامێ کە هەر یەکەمان کلیلی زندانەکەی بەخۆیەتی، ئەو بیرەی وامان لێدەکات سروستی کۆت و زنجیرەکەمان بناسین، هەر ئەو لەو کۆت و زنجیرو پابەندییە ئازادمان دەکات.

**فنسنت**: ئاه، ڕۆلانی پیاو چاك، ئەمە بیرێکی جوانە، تۆ هەمیشە دەتوانی کارەکان بە ڕوونی یەکلایی بکەیتەوە، بێگومان تۆ ڕاست دەکەیت، من کە سروشتی نەخۆشییەکەم زانی، دەتوانم لێی ڕزگاربیم، ڕۆلان، تۆ دەبوایە فەیلەسووف بای نەك پۆستەچی.

**ڕۆلان**: نا قوربان، پێم وتیت پۆستەچێتی وام لێدەکات بیر بکەمەوە، من گەر گەڕان و هاتوو چۆی ئێرەو ئەوێ نەبایە بیرم ناکردەوە. "لە دەرگا دەدرێ، دکتۆر بیرون دێتە ژوورەوە، بەو شێوەیەی کە ڤان کۆخ ڕەسمی کردووە".

**د. بیرون**: بەیانیت باش کاك ڤان کۆخ، ئەوڕۆ چۆنی؟ بزانم بە تەنیا نیت، تۆ چۆنی کاك ڕۆلان؟

**ڕۆلان**: سوپاس، دکتۆر بیرون، من شادم بەوەی کاك ڤان کۆخ بە چاکی دەبینم.

**د. بیرون**: بەڵێ، وا بزانم زۆر زوو بەرەو چاك بوونەوە چوو.


www.pertwk.com

**فنسنت:** تۆ دڵنیایت دکتۆر بیرون: یان لەبەر من وا دەڵێی؟

**د. بیرون:** نەخێر، من دڵنیام کە تۆ لەسەر چاك بوونەوەی.

**فنسنت:** گەر لات وایە دکتۆر، ئەی بۆ ڕێم نادەی جارێکی دی بچمەوە سەر ڕەسم کردن؟

**د. بیرون:** قوربان چەند جارێ باسی ئەوەمان کرد... من وا هەست دەکەم، ئێستا ناتوانی بگەڕێیتەوە سەر ڕەسم کردن، چونکە هەست دەبزوێنێ‌و من لام وایە تۆ تەنیا بە دەست ڕەسم ناکەیت، بەڵکو هەموو سێلێکی لەش‌و مێشکت بەشداری تێدا دەکات.

**فنسنت:** بێگومان ڕاست دەکەیت، بەڵام دەبێ ئەوە چاك بزانی ڕێ لێ گرتنم زۆر خراوترە.

**ڕۆلان:** تکایە ڕێم بدە دکتۆر بیرون، با قسەیەك لەم مەیدانەدا بکەم، من ڤان کۆخ دەناسم‌و دەزانم ئیش کردن بۆ ئەو چی دەگەیەنێ، بەڵام حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە ئەو هەست بە وێنەیەك دەکات، وەك چۆن من بە هیلاکی‌و شەکەتی، وەختێ دەمەوێ دابنیشم‌و پشوویەك بدەم، ناتوانم چونکە هەست دەکەم هەندێ هەن چاوەڕوانی وەرگرتنی نامەکانیانن لە من، من دەزانم ئەو نامانە بە ڕێژەی خەڵکییەوە چی دەگەیەنێ، زۆر لە لاقە ماندووەکانی من گرنگترن... کاك ڤان کۆخیش دەبێ نامەکانی بگەیەنێ کە بریتییە لە ڕەسمەکانی. ئەو بە زەبری فلچەکەی نامە بۆ هەموو جیهان دەنووسێت، من دڵنیام بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە گوێ بە ماندوو بوون نادات.

**د. بیرون:** ئەم ئەوقاتەت زیرەکە، کاك فنسنت... بەڵام تکایە ئەوەت لە بیر نەچێ هەر چەند چووبی بۆ ڕەسم کردن تووشی کارەسات بوویت.

**فنسنت:** ئەو کارەساتانەم هەر تووش دەبوون. دڵنیابە کە پێوەندی بە کار کردنەوە نییە، دەترسم تا کۆتایی ژیان هەر بێن لە گەڵما...

لەوانەیە ئەمە هۆیەکی هاندەر بێ بۆ ئەوە لە مابەینی ئەو کارەساتانەدا بە گەرمی ئیش بکەم دەبێ ئەوەی دەستم پێ کردووە تەواوی بکەم. تێ دەگەی ڕۆلان زۆر بە ئاسانی شتەکەی ڕوون کردەوە... پێویستە ئەم نامە گەورەو گرنگە تەواو بکەم، پێویستە تەواوی بکەم، ڕێم بدە با ڕەسم بکەم، دکتۆر تکات لێدەکەم، لێت دەپاڕێمەوە ڕێگام بدە..

**د. بیرون:** ئەمە مەسئولیەتێکی گەورەیە، هەر چەند دەکەم ڕێگادانت نابەجێیە، وێڕای ئەمەش بۆ یەك جار ڕێت دەدەم، بەڵام تکات لێدەکەم، بەڵکو لێت دەپاڕێمەوە خۆت ماندوو مەکەو بە هێمنی ئیش بکە.

**فنسنت:** کەواتە ڕێم دەدەیت؟ کەی بڕۆم؟

**د. بیرون:** هەر ڕۆژێ دەتەوێ.

**فنسنت:** ئاه، سوپاس دکتۆر، سوپاس ڕۆلان، نامەکەم تەواو دەکەم، تەواو دەکەم.

**تاریکی**

**شاشە**

کێڵگە گەنمی کە بەدەم باوە دەشنێتەوە لەسەر شاشە دەردەکەوێ. زوومی کامیرا لەرەی لاسکە گەنمەکان دەگرێ، دەچێتە سەر بنجە خەش خاشێك، ئەوجا وردە وردە دوور دەکەوێتەوە تا کێڵگەکە هەمووی و هەندێ درەختی قەڵەم تۆزی بەرز لە سایەی ئاسمانی پرشنگدار دەردەکەوێ، دار قەڵەم تۆزەکان بە شێوەیەك لول دەخۆن وەك بییەوێ خۆی لە دەست چنگێکی نەفرەت ئەنگێز قوتار بکات.

ڤان کۆخ دەردەکەوێ، شێتانە ئیش لە تابلۆکەیدا دەکات، وەك بڵێی کەوتۆتە ژێر شێتی گەردەلوولەوە، ستاندی تابلۆکە بەدەم بایەکەوە دەجوڵێ. ڤان کۆخ تاوێرێ دێنێ و ستاندەکەی پێ قایم دەکات و دەچێتەوە سەر ئیشەکەی، شەپقەکەی فڕێ دەداتە لایەکەوە، زوومەکە دەچێتە سەر ئاسمانی پرشنگدار کە هەتاوی بە تین بێوچان دیمەنەکەو کاکی وێنەکێش لە ئامێز دەگرێ، مۆسیقایەکی توندو تیژ شان بە شانی فیلمەکە لە کار دایە.

زومەکە لەسەر دار قەڵەم تۆزەکان کە وردە وردە بە دەم بایەکەوە خێراتر سەما دەکەن، دەوەستێ، لەگەڵ سەرەتای مۆسیقای سرودی لە ئەرزەوە بە توندی، ئەوجا دەوەستێ و نامێنێ.

## تاریکی

چەپکە تیشکێ دەکەوێتە سەر هانۆ، دوو پاسەوانیی شێتخانەی سنت ریمی دێنە ژوورەوە، فنسنت دەبەنەوە، یەکێکیان کەرەستەی رەسم و ستاندو تابلۆکە هەڵدەگرێ... یەکێکیانیش ژێر باڵی فنسنت دەگرێ، فنسنت لەوە دەچێ نووستبێ، هەر چەند چاوی نەنوقاوە...

دکتۆر بیرون تووشیان دەبێ.

**د. بیرون:** ئەوە لە کوێ بوو؟

**پاسەوان:** لە کێڵگەکەدا لە بەردەم تابلۆکەی دا کەوتبوو، لەوە دەچێ تەواو بووبێ، چونکە ورێنە دەکات.

**د. بیرون:** بەستەزمان بیخەنە ژوورەکەی خۆیەوە، کەرەستەکانی لەلای خۆی دامەنێن، چاتر وایە لە جێیەکی دی دایان بنەن.

## پەردە

## دیمەنی چوارەم

ژوورێکی سادە و ئاسایی.... بە جوانی رێك خراوە، دیوارەکان بە جۆرەها تابلۆی گەورە داپۆشراون، هەموو تابلۆکان ئیشی ڤان کۆخن، زۆربەیان بێ چوار چێوەن، وەك ئەوەی ژوورەکەی پێشانگای یەك کەس بێ، کۆمەڵێ تابلۆ لە سووچێکی ژوورەکەدا هەڵ چنراوەو جێگای هەڵواسینیان نییە... ستاندەکە لە سووچێکدا دانراوە لەسەر مێزە چکۆڵەکەی تەنیشتی، قوتووی بۆیاخ و هەندێ فڵچەو چەند تابلۆیەك بۆ رەسمکردن ئامادە کراوە.



www.pertwk.com

**تێو:** "دێته ژوورەوە، فنسنت بە دوایا، بەسەرسامی دەوەستێ،" فنسنت ئەمە شتەکانته کە جوانن. "هەنگاوێ دوان دەچێته پێشەوەو دەوەستێو بەسەرسامی سەیری تابلۆکان دەکاتەوە".

**فنسنت:** "بە شادیو شانازییەوە" چاکە وا دیارە پێشانگا چکۆلەکەمت بە دڵە. راستییەکەی تێو من ئەم ئیشانەی خۆمم بە دڵن.

**تێو:** هەقی خۆتە فنسنت، لە ژیانما بەکار هێنانی رەنگو روونـاکی بەم خەستیو دەوڵەمەندییە نەبینیوە دەزانی هەندێ جار لە خۆمەوە گومانم لە هەوڵو ئیش کردنەکەت دەکرد بەڵام ئێستا وا بەری رەنجی دەساڵ دەبینمو زۆر دڵنیام خۆزیا دەنگم خۆشبا تا لە خۆشیاندا گۆرانیم بچڕایە گەر شەرمم نەکردبا لە شادیدا دەگریام "بە ئەسپایی لە وێنەیەکەوە دەچێتە سەر یەکێکی دی" کە بەرهەمێکی زۆرت ئەنجام داوە.
دەساڵ چییە بیرتە کە لە بوریناج سەرم لێدایت؟ ئەی سکێچی ئەو ژنەکەت لەبیرە؟

**فنسنت:** لە بیرمە تێو، ماوەیەکی کەمە بەڵام لە هەمانکاتیشدا زۆرە. هێشتا ئەو وێنەیەم لە لاماوە، ئیشی ترم زۆرە چونکە لە ژوورەکەدا جێیان نابێتەوە هەڵم نەواسیون، تێو گیان شادم بەوەی ئیشەکانم بە دڵت بوون، منیش بە گومان بووم، نەك هەر لە ئیشەکانم، بەڵکو لە هەموو ژیانم، بە تایبەتی لەم مانگانەی دواییەدا، هەمیشە بیرم لە بێهودەیی هەموو شتێ دەکردەوە.

**تێو:** ئەمە ئاساییە، ماکی نەخۆشییەکەت بووە... بەڵام ئەمە تەواو بوو، بڕایەوە.

**فنسنت:** لام وانییە، هێشتا لەوە دەترسم رۆژێ لە رۆژان تووشی ئەو نەخۆشییە ببمەوە، هەر چەند دەمێکە چاك بوومەتەوە، تەنانەت ئەگەر تووشیش نەبمەوە، هەست دەکەم هەموو شتێ تەواو بوو، ئیشارە بۆ وێنەکان دەکات ئەوەی لە توانامدا بوو ئەنجامم دا، ئەوەی دەمویست وتم، هەست دەکەم ماڵێکمو ئاگرم تێ بەربووەو چ سوودێکم بۆ عالەم نەماوە. من دڵنیا نیم لەوەی ژیانم هەمووی رستە هەڵەیەکی گەورە نەبێ. ئەم وێنانە، بەدڵی تۆن، هەروەها بە دڵی منیشن، بەڵام چی هانی دام کە بیان کێشم، هەمان هاندەر بوو کە وای لێکردم ببم بە کەشیش لەگەڵ کرێکاری کانەکاندا، تا شادی بخەمە دڵی کلۆڵانەوە، ئایە برسێتیی هەژارەکان کەم بووەوە، نەزانەکان فێر بوون؟ ئایا شادی چووە زنجی چنین کارەکانەوە؟ ئایە عالەم چاکتر بووە لەو کاتەی کە ئەم تابلۆیانەم نەکردبوون؟ نەخێر تێو، بۆیە من سەرنەکەوتم. وەك دەزانی جوانیو ژیانم خۆشویست، رەنگە فێنکەکانم خوشویست، وێڕای ئەوەش نەمتوانی هیچیان بۆ بکەم.

**تێو:** فنسنت، فنسنت تۆ زۆر هەڵەی ئایا دەبێ نرخی ئەم هەمووەت "ئیشارە بۆ تابلۆکان دەکات" بۆ باس بکەم، گوێ بگرە برام تۆ راست دەکەی کە ئینسان گرنگترین شتە لەم ژیانەدا ئەوانەی بیر لە گوڵو جوانی دەکەنەوەو ئینسان فەرامۆش دەکەن شایانی ئەوە نین پێیان بوترێ هونەرمەند، وەلێ پێم وانییە تۆ هەرگیز ئینسانت فەرامۆش کردبێ، ئایە سەرەتای خۆتت بیرە، کە چۆن رەنجت دەدا بۆ ئەوەی رەسمی مەردم بکەیت؟


www.pertwk.com

تۆ جگە لە ئینسان هیچ شتێکت رەسم نەکردووە، کرێکاری کان، جۆلا، راوچی، دایکە کرێکارەکان، جارێکیان بۆت نووسی بووم ئەوەی گرنگی بە مرۆڤایەتیی دەدا دەبێ لەگەڵ هەموو لایەکا بجەنگێ تۆ تەنانەت لە رەسمکردنی گوڵو گوڵە بەرۆژەشدا ئەمەت فەرامۆش نەکردووە.

**فنسنت:** باشە، ئەوەچی دەگەیەنێ؟ لات وایە ویستوومە یارمەتیی ئینسان بدەم، تەنیا بەوەی رەسمی بکەم، ویستم ببم بە جەنگاوەر.

**تێو:** ئێ تۆ جەنگاوەری، فنسنت.

**فنسنت:** جەنگاوەرێکی بەزیو... چی بووە مایەی شێتیم؟ سەرنەکەوتنم، لەوەی کە هونەرو ژیان لەیەك قەوارەدا کۆبکەمەوە. ویستم ببم بە وێنەکێش، کەچی هەر چەند وەك هونەرمەند پێش دەکەوتم... وەك ئینسان سووك دەبووم و دادەبڕام.... تەنیا کۆمەڵە ئێسکێ ماومەوە. باش سەیرم بکە.

**تێو:** نا، برام... ئەم تابلۆیانە ئیشی ئینسانێکی بەزیو نین، چاوێکی تریان پێدا بگێڕەوە. راستە نەتتوانی عالەم بگۆڕی، بەلام کێ توانیویەتی ئەوە بکات؟ بەلام ئارەزووەکانت، گۆڕینی عالەم بە هەموو دڵسۆزیو تامەزرۆییەکەوە جێی خۆی لە وێنەکانتدا کردۆتەوە. لەبەر ئەوە تۆ بۆڕت نەخواردووە... سەرنەکەوتوو نیت، کەسانی دی دێنو ئەو ئارەزووە لە تابلۆکانتدا دەخوێننەوە. ئیشەکانت جۆشیان دەداتو ئەو ئارەزووەی تۆیان لەلا دروست دەبێو یەك دەگرنو وایان لێدەکات لە پێناو عالەمێکی چاترو جوانتردا بخەبتن، کرێکارو جۆلاو راوچی لە هەموو ئیشەکانتدا دەژین فنسنت. هەوڵ دەدەن خەونەکانی تۆو خۆشیان لەم ژیانەدا بێننە دی.

## بێدەنگی

**فنسنت:** تێو، وا بزانم تۆ راست دەکەیت، سوپاس ئەم زانینەم کارەکان زۆر ئاسان دەکات، تۆ هەمیشە یارمەتیدەری من بوویت، تێو، گەر تۆ نەبای ژیان بیابانێکی سامناكو کوشندە دەبوو. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بڕۆم، تۆ جارێکی دیش یارمەتیم دەدەی.

**تێو:** باسی رۆیشتن مەکە، فنسنت، هێشتا زۆر زووە.

**فنسنت:** "کەرەستەی رەسمو ستاندی تابلۆکانو شتەکانی دی کۆ دەکاتەوە. شەبقەکەی دەکاتە سەری، تەواو وەك، ئەو کاتەیە کە لە پەردەی یەکەمو لە دیمەنی یەکەمدا دەرکەوت" نا، پێویستە ئێستا بڕۆم، تێو "دەست لە ملی تێو دەکاتو دەی گوشێ بە خۆیەوە" پێویستە بڕۆم بۆ ئەوەی رەسم بکەم، تێو بە دوعا برام. "لەبەر دەرگاوە" ماوەی رەسمێکی دی هەیە.

**پەردە**

## 1983/6/5

## گوندی چۆخماخ

ئەم شانۆنامەیە، لە نووسینی نووسەری چیکۆسلۆڤاکی، باول ئایزلەرە، کاتی خۆی نزار سەلیم-ی چیرۆکنووسی عێراقی وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی عەرەبی و لە ساڵی 1973دا نووسخەیەکی لیٚ داوە بە یوسف ئەلعانی-ی هونەرمەندو ئەمیش داویەتی بە گۆڤاری (الاقلام). گۆڤاری نێوبراو لە ژمارە "5"ی ساڵی 1983دا بڵاوی کردۆتەوە. شانۆنامەکە بریتییە لە ژیانی هونەرمەندی بلیمەت فنسنت ڤان کۆخ. دیارە ئەم شانۆنامەیە کارێکی یەکجار دەگمەن و جوانەو بە قەولی وەرگێڕی عەرەبی کارەکە جگە لە رەگەزەکانی شانۆنامە، دوو رەگەزی دیکەی بەکار هێناوە کە بریتین لە سینەماو موئەسراتی دەنگ.

باول ئایزلەر، لە ساڵی 1944دا، کاتێك لە هێزی دووی زرێپۆشی چیکۆسلۆڤاکیدا، کە هەنگیٚ لە ئینگلتەرادا بوو، لە نووسینی ئەم شانۆنامەیە بووەتەوە، لە پێشەکییەکەیدا باسی تەکنیکی سینەما- شانۆ دەکات و دەڵێت:

"هەر چەندە ئەو توخم و رەگەزانەی لەم شانۆنامەیەدا بەکار هاتوون زۆر تازە نین، لیٚ لەوەیە بەلای هەندیٚ کەسەوە نا ئاسایی و ناباو بن، بۆیە هەندیٚ قسەم لەم بارەیەوە هەیە: تەکنیکی ئەم شانۆنامەیە زۆر سادەو ئاسانە، شاشەیەك لە پێشەوەی شانۆ هەڵواسراوە، کە شانۆکە بە تەواوەتی رووناك دەبێتەوە، شاشەکە دیار نابیٚ، کاتیٚ کە رووناکاییەکە کز دەبێت یان بە تەواوەتی دەکوژێتەوەو شانۆ تاریك دەبێت، هەندیٚ برگەی فیلمی، بە نۆرەو بە گوێرەی پێویستی شانۆنامەکە لەسەر دەنوێنریٚ بەمەش جۆرە فایدەیەکی هاوبەشی لە شانۆنامەو سینەما وەردەگیریٚ، جا لێرەدا دەبیٚ لێبڕاوانە ئەوە دووپات بکەینەوە کە بەکارهێنانی سینەما دەبێت سنووردار بێت و کار نەکاتە سەر رەوتی پەرەسەندنی شانۆنامەکە، دەبیٚ وەکو هۆیەکی دەربڕین بخرێتە خزمەتی ئەو شێوازە درامییانەی کە زەروورەتی بابەتی دەیانخوازیٚ.

زۆر فاکتەر هانیان دام کە تەکنیکی سینەمایی- شانۆیی لە شانۆنامەی (فنسنت)دا بەکار بێنم: یەکەمیان وێڕای پەیدا بوونی ژمارەیەك فیلمی سینەمایی چاك لەمەڕ ژیانی کەسایەتییەکان، شانۆ، وەکو بەدیار دەکەویٚ لەو رووەوە هەر دەستەوەستان مایەوە، هۆی مەنتیقی ئەمەش بریتییە لەو جیاوازییە زۆرەی نێوان شانۆو سینەما لە باری جیاوازی و خێرایی لە ئەنجامدانی رووداوی لە رووی کاتەوە سینەما دەتوانیٚ بە زەبری توانای گواستنەوەی خێراو حەرەکەوە، لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا گرنگترین رووداوەکانی ژیانی مرۆڤ وێنە بگریٚ، بەڵام خاویی حەرەکەی درامی چالاکی و کاریگەریی شانۆ سنووردار دەکات، جا شانۆنامەی (فنسنت) هەوڵێکە لەم بوارەدا.

فاکتەری دووەم کە هانی دام پەنا وەبەر سینەما- شانۆ بەرم ئەوەیە کە (فنسنت) بایەخ بە ژیانی نیگارکێشێکی هونەرمەند و کارەکانی دەدات، بۆیە کامیرا دەتوانیٚ یارمەتی جەماوەر

بدات تا له چاوی هونەرمەندەوە بڕواننە کارە رەسەنەکانی، لە کۆتاییدا کارەسات و تراژیدیای ژیانی ڤان کۆخ لە هزرو بیریدایە، بۆیە دەکرێ لە رێگەی زوومی کامیراوە بچییە بنج و بناوانی هەستیارو نا هەستیارییەوە، تاسەو کەڵکەڵەو هەستەکانی بە شێوەیەکی کاریگەر بە دیار بخرێ و بەرجەستە بکرێ.

سەرچاوە:

**گۆڤاری (الاقلام)، ص 134– 156، ژمارە "5" ساڵی 1983**



www.pertwk.com

# حەمە کەریم عارف

- کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوکاری ساڵی 1973 بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی 1976ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, نووسەری کورد, گوڵانی عەرەبی, ئاڵای ئازادی تا ژمارە 00222, گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی, بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند, زنار, سیپان, پاکزاد, محەمەدی حاجی, سیروان عەلی, دیدار هەمەوەندی, هێژا, ح. ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە, لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە, لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ, بێ وابەستەگی حیزبی, پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات, چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە, لێ زۆربەی هەرە زۆریان, بە تایبەتی ئەوانە لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە, لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ, کۆ چیرۆك, چاپی یەکەم 1979
2- کۆچی سوور, رۆمان, چاپی یەکەم 1988
3- بەیداخ, چیرۆك, 1988
4- داوەتی کۆچەرییان, کۆ چیرۆك چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون, کۆمەڵە چیرۆك, چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان


www.pertwk.com

6- كوچ سرخ, كۆ چیرۆك, بە فارسی, وەرگێران چاپی یەكەم 1987 شاخ
7- نینا, رۆمان, سابت رەحمان, دوو چاپ, شاخ, شار 2002
8- نامۆ, رۆمان, ئەلبیر كامۆ, دوو چاپ, شاخ, شار 2003 دەزگای ئاراس
9- رێبەر, رۆمان, مەهدی حسین, یەك چاپ (شاخ)
10-شكست, رۆمان, ئەلكساندەر فەدایەف, چاپی شاخ (راە كارگر)
11 – هاومالَەكان, رۆمان, ئەحمەد مەحمود, دوو چاپ, شاخ, شار 2000 گولاَن
12- بێناسنامەكان, رۆمان, عەزیز نەسین, 3 چاپ شاخ, شار 2003
13- قوربانی, رۆمان, هیرب میدۆ, چاپی یەكەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دووره ولاَت, رۆمان ع. ڤاسموف, چاپی یەكەم2000 دەزگای گولاَن
15- ئازادی یا مەرگ, رۆمان, كازانتزاكیس, چاپی یەكەم 2003 كتێبخانەی سۆران
16- چیرۆكەكانی سەمەدی بیهرەنگی, دوو چاپ, شاخ, شار 2004 كتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆركی, چاپی شاخ 1985
18- دلێریی خۆراگرتن, ئەشرەف دەهڤانی, چاپی شاخ
19- مەسەلەی كورد لە عێراقدا, عزیز شەریف
20- مێژووی رەگ و رەچەلَەكی كورد, ئیحسان نوری پاشا, یەك چاپ
21- خەباتی چەكداری هەم تاكتیكە هەم ستراتیژ, مەسعودی ئەحمەد زادە, چاپی شاخ
22- كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو, د. كوینتەر دیشنەر, چاپی شێیەم 2004 دەزگای ئاراس
23- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ كەنارێن ئاراس, نەجەف قولی پسییان
24- گوزارشتی مۆسیقا, د. فۆاد زەكەریا.
25- دەربارەی شیعر و شاعیری, رەزا بەراهەنی.
26- ڤنسنت ڤان گوگ, شانۆنامە, باول ئایز لەر
27- بە دوعا شاعیرەكان, شانۆنامە, جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
28- جولەكەكەی مالَتا, شانۆنامە, مالرۆ.
29- دادپەروەران, شانۆنامە, ئەلبیر كامۆ.
30-بەد حالَی بوون, شانۆنامە, ئەلبیر كامۆ.
31- چاو بە چاو, شانۆنامە, گەوهەر مراد (غولاَم حسەینی ساعیدی)
32- ریچاردی سێیەم, شانۆنامە, شەكسپیر.
33- گەمەی پاشا و وەزیر, شانۆنامە, عەبدوڵلاَئەلبوسێری.
34- كورد لە ئەنسكلۆپیدیای ئیسلام دا, چاپی یەكەم 1998 وەزارەتی رۆشنبیری.
35- هونەر و ژیانی كۆمەلاَیەتی, پلیخانۆڤ, چاپی یەكەم 2005 دەزگای موكریانی
36- پێكهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت, ئیڤلین رید.

37- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ، لویس ریی.

38- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

39- فاشیزم چیی؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

40- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

41- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

42- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە.

43- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی (23 ئەفسانە)

44- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف، چاپی یەکەم (2001) دەزگای موکریانی

45- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

46- جیٚ پیٚ، کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان:(سادقی هیدایەت، جەلال ئال ئەحمەد، بوزرگی عەلەوی، سادقی چوبەك، مەنسوری یاقوتی)

47- چیرۆکستان، کۆمەڵێك دەق و رەخنە، چاپی یەکەم 2005 نووسەرانی کەرکووك

48- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی، چاپی یەکەم (2000) حەمە کەریم عارف

49- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف

50- پەلکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم (2004) وەزارەتی رۆشنبیری

51- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە

52- چزیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

53- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

54- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

55- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

56- گوگول، نووسەری ریالیست

57- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

58- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

59- خافرو غ لە شیعر دەدویٚ، ژیان و بەرهەمی

60- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

61- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا، چاپی یەکەم (2004) دەزگای سپیرێز

62- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا ( بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان

63- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف

64- دیدار و دەق و رەخنە.

65- دیداری چیرۆکڤانی.

66- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی.

67- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف

68- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی، حەمە کەریم عارف.


www.pertwk.com

69- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا, کریس کۆچرا, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران

* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاو دەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن, ئامادەیە بە خۆڕایی پێشکەشیان بکات و...